زنجیرەی پەروەردەی دروست

١


د. یاسر نصر

مامۆستای نەخۆشیە دەروونیەکان

و ڕاوێژکاری پەروەردەیی




# ٢٥ هەڵە لە پەروەردەکردنی منداڵدا

## و هۆکارەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان

بۆ قۆناغی منداڵێتی

لە تەمەنی

یەک ڕۆژیەوە

تا ١٢ ساڵی


ISBN 0-9021-0000-9

9 780902 100008

نرخی (6000) دینار



وەرگێڕانی

محمد محمد حمە میرزا



گەشە

بسم الله الرحمن الرحيم

# ٢٥ هەڵە

# لەپەروەردەکردنی منداڵدا

گەشە

بۆتێگەیشتن و پەرەپێدان

ناوی کتێب: ٢٥ هەڵە لەپەروەردەکردنی منداڵدا

ناوی نوسەر: د. یاسر نەصر

وەرگێڕانی: محمد محمد حمەمیرزا

نەخشاندنی نوسین: پرۆژەی گەشە

نەخشاندنی بەرگ: باوەڕ کەمال

نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠١٥

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

بڵاوکردنەوە: پرۆژەی گەشە، زنجیرەی (٣)

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی سپاردنی (١٢٧٥) ی ساڵی ٢٠١٥ پێدراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ پرۆژەی گەشە

بۆ دەستکەوتنی بەرهەمەکان یان پەیوەندیکردن:

٠٧٤٨ ١٢٣ ٩٩ ٣٣ یان ٠٧٥٠ ١٢١ ٤٧ ٧٣

# ٢٥ هەڵە لەپەروەردەکرنی منداڵدا

٢٥شێوازی نادروست لە پەروەردەکردنی منداڵنداو
هۆکارەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان

بۆ قۆناغی منداڵێتی لە تەمەنی یەک ڕۆژیەوە تا ١٢ ساڵی

د.یاسر نەصر
مامۆستای نەخۆشیە دەروونیەکان و
ڕاوێژکاری پەروەردەیی

وەرگێڕانی
محمد محمد حمە میرزا

# ترسی دایبابەکان بۆ سەپاندنی توندوتۆڵیی بەسەر منداڵدا



# ٢٥ هەڵە لەپەروەردەکرنی منداڵدا

٢٥شێوازی نادروست لە پەروەردەکردنی منداڵانداو

هۆکارەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان

بۆ قۆناغی منداڵێتی لە تەمەنی یەک ڕۆژیەوە تا ١٢ ساڵی


د.یاسر نەصر

مامۆستای نەخۆشیە دەروونیەکان و

راوێژکاری پەروەردەیی


وەرگێڕانی

محمد محمد حمە میرزا

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّـٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٍ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾

(الفرقان:٧٤)

## دکتۆر یاسر نصر کێیە؟

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکاراندا لە زانکۆی کامبیردج لە بەریتانیا.

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە ڕاوێژکارە خێزانیەکان و پەیوەندییەکانی هاوسەرگیریی لە زانکۆی کامبیردج لە بەریتانیا.

- ڕاوێژکاری پەروەردەییو ڕێنماکاری دەروونی لە چەند قوتابخانەیەکی تایبەتدا.

- ڕاهێنەری پشت پێبەستراو لە پسپۆڕیەکانی ژیانی سەرەکی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان بۆ کارکردنەسەر کەسانیترو هونەری پێشەوایەتیو هونەری بەڕێوەبردنی خودو گۆڕانکاریی.

- ڕاهێنەر لە لێهاتوویەکانی ژیانی خێزانیدا.

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە بەشی گشتی لە پەیمانگای خوێندنە ئیسلامیەکاندا.

- هەڵگری دوو بڕوانامەی دبلۆم لە فەلسەفەی ئیسلامی لە کۆلێژی دارالعلوم _ زانکۆی قاهیرە.

- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکی دەروونی لە کۆلیژی پزیشکی _ زانکۆی قاهیرە.

- پێشکەشکارو ئامادەکاری بەرنامەی بەرەبەیانی ئوممەتێك کە لە کەناڵی (الناس ) و کەناڵی ( الرسالة ) ی ئاسمانیەوە پەخشکران .

- پێشکەشکارو ئامادەکاری بەرنامەی کاتژمێرێك پەروەردە کە لە کەناڵی (الناس) ی ئاسمانیەوە پەخشکرا.

- پێشکەشکارو ئامادەکاری بەرنامەی ئادەم و حەووا لە کەناڵی ( الناس )ی ئاسمانیەوە.

- ڕاهێنەر لەسەر لێهاتوویی پەروەردەییەکان بۆ تەمەنە جۆراوجۆرەکان لەڕێگای کردنەوەی خولی ڕێکوپێکەوە .

- ڕامێنەر لە سەر لێهاتووییەکانی پەیوەندیی هاوسەرگیری لە ڕێگای کردنەوەی خولی ڕێکوپێکەوە.

- چەندین کتێبی چاپکراوی عەرەبی هەیە کە وەرگێڕراونەتە سەر زمانەکانی فەرەنسیو ئینگلیزی.

- بەشداریکردووە لە چەندین کۆنگرەی تایبەت بە پزیشکیی دەروونی و پەروەردەیی و گرفتەکانی نەوە لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبی و بیانیەکاندا.

- مامۆستای نەخۆشیە دەروونیەکانە لە کۆلیژی پزیشکی _ زانکۆی قاهیرە.

# پێشەکی

سەرەتا حەزدەکەم جەخت لەوە بکەم کە دەبێ قسەو باسمان بە بەرنامە و بە پەیرەو بێت: لە پەروەردەکردنی منداڵەکاندا بە بەرنامە بێت، لە چۆنێتی ڕێنماییکردن و ئاراستەکردن و لە چۆنێتی پێدانی پاداشت و سزادا بە پەیڕەوێکی ڕوون بێت.

دەبێ لەبارەی منداڵەکان و پەروەردەکردنیانەوە بیرۆکەیەکی پێشینەمان هەبێت تەنانەت بەرلەوە کە خوای گەورە بیانبەخشێت پێمان...هەردەبێ پەی بەوە ببەین کە چۆن چۆنی ئەو منداڵانەمان پەروەردەبکەین، چۆن ڕەفتاریان ڕاستبکەینەوە، چۆن تواناو لێهاتووییەکانیان گەشە پێبدەین، وە دەبێت چارەسەریشمان بۆ هەموو ئەو گرفتانە هەبێت کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە.



**ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە کە دەبێ پەروەرشکاربن نەک سەرپەرشتکار، چونکە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان پەروەردەو سەرپەرشتیکردندا..**

چونکە: **سەرپەرشتیکردن** بریتیە لە بەرپرسێتیەو دابینکردنی خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و شوێنی مانەوەو حەوانەوەی ماددی بۆ ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرێ.

بەڵام **پەروەردە** بریتیە لە ڕەفتارەکانی ڕۆژنەو زیادکردنی سیفەتە باشەکان و هەوڵدان بۆ گەشەدان بە تواناو ڕاستکردنەوەی لێهاتوویەکان لە منداڵەکانماندا.

لەوانەیە زۆرکەس واپێشبینی بکەن کە ڕاستەوخۆ دەست دەکەم بە باسی سروشتی هەر قۆناغێك بەجیاو بە سیفەتەکانی، وە جۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان، وە سروشتی منداڵ لەو قۆناغەدا، بەڵام من سەرەتا دێم گوتەکانم ئاراستەی دایبابەکان دەکەم. جا بۆ ئەوەی لە مەسەلەی پەروەردە تێبگەین ئەوا دەبێ یەکەمینجار ڕوو لە خودی خۆمان بکەین کەواتە – بە ویستی خوای گەورە_ باسەکەمان لە پێشەوە وەها دەبێ کە ئاڕاستەی دایبابەکانی بکەین ... بۆیە ئەی باوکان و دایکان دەبێ یەکەمجار ئێوە بێن

گۆڕانکاری لە خۆتاندا دروستبکەن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ (الرعد:١١)

تاکە ڕێگا ئەوەیە بەرلەوە بێین بڕوانینە منداڵەکانمان دەبێ سەیری خودی خۆمان بکەین، هەر دەبێ باوك و دایك هەریەکەیان بۆ خۆی پەی بە بەرپرسێتی خۆیو ئاستی گرنگیتیو بایەخ پێدانی ببات، چونکە کارەکە قەتیس نەکراوە بە تەنها لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکان بەڵکو ئەوە پرۆسەیەکی پەروەردەکردنی ئایندەی ئوممەتێکەو ڕەفتاری تەواوی ئەوەیەکە کە چاوەڕێی لێدەکرێ واقیعی ئەم ئوممەتە بگۆڕێو بەرەو چاکتری ببات.



هەندێ جاریش ڕەفتاری منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ شتێك لە دایبابەکەیدا، من زۆرێك لەو دایبابانە کە دەیانبینم پێم دەڵێن: (کوڕەکەمان زۆر تووڕەیەو هەڵدەچێ)، منیش لە پاش وتووێژ کردن لەگەڵ دایبابەکەیدا ئەوە بەدی دەکەم کە خۆیان هەمان سیفەتی تووڕەییان تێدایە، لێرەوە شتێکی سروشتیە کە کوڕەکەشیان هەروەها بێت، ئێمە دەزانین کە هەرکەس لە باوکی بچێت ئەوە ستەمی نەکردوە.

لێرەدا مشتومڕێك یاداشت دەکەم کە لە نێوان دایکێك و کچەکەیدا کە تەمەنی نزیکەی چوار ساڵە ڕوویداوە..

دایکەکە بە کچەکەی دەڵێت وریای ئەو دۆلکەیە بە کە بەدەستتەوەیە چونکە تۆ بەردەوام ئەو دۆلکانەی کە لە دەستتدان دەیانخەیت، کچەکە وتی: دەیخەمە سەر مێزەکەو ناکەوێت، کاتێك کچەکە هەوڵیدا دۆلکەکە دابنێ جۆرێك لە شڵەژانی ڕووی تێکردو سەرئەنجام دۆلکەکە کەوتە خوارەوەو هەرچی تێدا بوو ڕژایە سەرزەوی، دایکەکە تووڕە بوو و بە کچەکەی وت: هەی گێژ ئەی من پێم نەوتیت تۆ هەموو جارێك دۆلکەکان دەخەیتە خوارەوە؟!

کچەکەش بەبێ بیر لێکردنەوە بەرپەرچی دایەوەو وتی: تۆیش هەرگێژی چونکە تۆش ئەمڕۆ دەوریەکت لە چێشتخانەکەدا شکاند، دایکەکە زیاتر تورەیی گرتیو بە کچەکەیی وت: ئەی بێ ئەدەب بە دایکت ئەڵیی گێژ، کچەکە وەڵامی دایەوەو وتی: کەواتە تۆش هەر بێ ئەدەبیت چونکە پێت وتم گێژ.



دواتر دایکەکە بە هەڵچونێکەوە هاتە لام و کەوتە باسکردنی ئەم نەوەیەی ئەمڕۆ کە چەندە کەم شەرمە چونکە وشە بە وشە دێتەوە بەرووی دایکیدا، گلەییەکەشی خستە ئەسۆی منداڵەکان، منیش پێموت: لە ڕاستیدا کچەکەت بە لۆژیك قسەدەکات، ئەگەر تۆ وادابنێیت کە هەرکەس شتێك لە دەستی کەوتە خوارەوە ئەوە گێژو دەبەنگە ئەوا کچەکەش وەها تێدەگات کە هەرکەسێ شتێك لە دەستی بکەوێتە خوارەوە ئەوە گێژو دەبەنگە، وە ئەگەر تۆ وادابنێیت کە هەرکەس بە یەکێك بڵێت دەبەنگ ئەوە کەسێکی بێ ئەدەبە ئەوا هەرکەسێك ئیتر هەرکەس بێت ئەو شتە بڵێت ئەوا ئەویش هەروەهایە..

لە ڕاستیدا ئەم دایکە لە کچەکەی تێنەگەیشتوە چونکە هەندێ کەموکوڕی لە شارەزابوون بە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە هەیە.

کەواتە ئەرکی سەرشانمانە سەرەتا لەگەڵ دایبابەکاندا ڕێکبکەوین کە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا هەوڵێکی گەورەو لەبەرچاو دەدەن، من ئەو هەوڵە سەخت و قورسە کەمناکەمەوەو سەرزەنشتیان ناکەم و تاوان نادەمە پاڵ دایبابەکان و ناشمەوێ وامەست بە خۆیان بکەن کە کەمتەرخەمن، هەندێجار دایکێك بە گریانەوە دێتەلام و سکاڵا لە خودی خۆی دەکات کە توانای نیە رایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکانیدا بەهێز بکات یان لە پەروەردە کردنیاندا کەم توانایەو ناتوانێت چەمکە ڕاست و دروستەکان بگەیەنێت پێیان... بۆیە دەبێ شارەزایی پەیدابکرێ بەو هۆکارانە کە یارمەتیدەرن لەبۆ پرۆسەی پەروەردەیەکی ڕاست و دروست...

له راستیدا هەگبەی پەروەردە زۆرێکی زۆری تێدایە کە ئەرکی باوکان و دایکانە فێری بین، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا﴾(الاسراء: ٢٤)..

جا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بەم پاڕانەوەیە بۆمان بپاڕێنەوە ئەوا دەبێ بە جوانی پەروەردەیان بکەین، ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دەفەرموێ: ﴿رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ (الفرقان:٧٤) هەروەها چاو ببڕینە ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾

(الانفال:٢٧)

**له راستیدا منداڵەکانمان ئەمانەتن لە گەردنمانداو دەبێ پارێزگاری لەو ئەمانەتە بکەین و دەبێ وەها بڕوانینە ئەو منداڵانەمان کە بەخششێکن لە خوای گەورەو بە ئێمەی بەخشیون.**

هیواداریشم کە بە شێوەیەکی راست و دروست لێکدانەوەو تێگەیشتن بۆ گوتەکانم بکرێ، چونکە لەوانەیە گوتەکانم رەخنە لە چەمکێکی پەروەردەیی دیاریکراو بگرن کە لای هەندێ کەس پیادە دەکرێ، وە لەوانەشە چارەسەری هەندێ لە گرفتەکان لەلای ئێوەی دایبابەکان بێت نەك لەلای منداڵەکانتان ...

من مەبەستم ئەوە نیە بڵێم دایبابەکان هۆکارن بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە خودی خۆماندا دروستبکەین، لەو هۆکارانە تێبگەین کە لە پرۆسەی پەروەردەیەکی ڕاست و دروستدا یارمەتیمان دەدەن ، منیش هەستاوم بە کۆکردنەوەی ئەو هۆکارانە و ناوم بردوون بە (**٢٥ شێوازی هەڵەی پەروەردەیی کە دایبابەکان دەکەونە ناویان**) کە هەرهەموومان پێویستمان بەوەیە راستیان بکەینەوە، کەسیشمان نیە خۆی بەوە بزانێ کە شێوازەکەی لە پەروەردەکردندا لە سەرووی هەموو شێوازەکانی ترەوەیە بۆیە

هەردەبێ ئەوە بزانێ ئایا ئەم شێوازەی بە ئاڕاستەیەکی خوازراو و دروستدا دەڕوات یان نا..

خوای گەورە زانایە کاتێ کە بڕیارمدا ئەم بابەتە تاوتوێ بکەم مەبەستم تەنها ڕەزامەندی خوایە، وە بۆ ئەوەیشە تا منداڵەکانمان بگەنەوە بە ڕەوشتی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ.

دەبا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرەمان ﷺ وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دەفەموێ:( **هەرکەس لە دایکبوویەك - منداڵێك - پەروەردە بکات هەتا دەڵێ لااله الا الله ئەوا خوای گەورە لێپێچینەوەی لە گەڵدا ناکات)** (نسائی گێڕاویەتیەوە)

خوای گەورە گەورەترین پاداشتی بە پەروەرشکاز بەخشیوە ئەویش بەهەشتە، ئەمەش لە بەرانبەر پیادەکردنی پەروەردەکردنێکی ڕاست و دروست و هەوڵێکی گەورەو نکولیکردن لە خود و پێشخستنی پەروەردەی منداڵەکەو هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری کردن لە پێناو چاککردنی منداڵەکاندا.



دەبا لەئان وساتی پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ لەبەرچاومان بێت کە دەفەرموێ: **"منداڵەکانتان فێری چاکەکاری بکەن ئەوکات ئەگەر ویستتان ئەوا دەتوانن مافەکانی خۆتانیان لێوەربگرن".**

ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێ ئاگاداربن ئەوە ئێوەن کە خاوەنی لێهاتوویی پەروەردەیین تا منداڵەکانتان والێبکەن قیرسیچمەییان کەمتر بێت، وە تا شێوازەکەی باشتر بکەیت و لێهاتووییەکەی زیاتر بکەیت و ڕێگای وەرگرتنی بەرزتر بکەیتەوە.

جا بەرلەوە بکەومە تاوتوێکردنی شێوازە پەروەردەییە هەڵەکان حەزدەکەم سێ فەرموودەی پێغەمبەرﷺ وەبیر بێنمەوە کە دایاندەنێم بە بناغەی هەرهەموو مەسەلەی پەروەردەکردن.

فەرموودەی یەکەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**خوای گەورە نەرم و نیانی پێخۆشەو ئەو پاداشتەش کە لەسەر شێوازی نەرم و نیانی دەیبەخشێ لەسەر سیفەتی تر نایبەخشێ**). موسلیم گێڕاویەتەوە.

کەواتە _ خوای گەورە_ سیفەتی بەزەیی‌و نەرم و نیانی‌و مامەڵەکردن بە هێمنی‌و لەسەرخۆیی‌و زۆر ئارامگرتنی پێخۆشە.

فەرموودەی دووەم: ﷺ دەفەرموێ: (**خوای گەورە لە هەموو کارەکاندا نەرم ونیانی پێخۆشە**). بوخاری گێڕاویەتەوە

واتە: خوای گەورە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرشتێکدا ئیتر ئەو شتە هەرچی بێت نەرم و نیانی پێخۆشە .

فەرموودەی سێیەم: ﷺ لە فەرموودەیەکی صەحیح دا دەفەرموێ: (نەرم و نیانی لە نێو هەرکارێکدا ببێت ئەوا قورس و سەنگینی دەکات وە لە هەرکارێکیش دابماڵرێ ئەوا سوک و بێڕێزی دەکات).

ئەم سێ فەرموودەیەی پێشەوە کە پێغەمبەر ﷺ جەختیان لەسەر دەکات و هانمان دەدات بۆ کارپێکردنیان ئەوەیە کە دەبێ لە هەموو کارێکمان و هەڵسوکەوتێکمان لەگەڵ منداڵەکانماندا کە هەر رەفتارێکیان لێ بوەشێتەوە وە هەر رەفتارێك بنوێنن کە ئێمە سەغڵەت و تەنگە تاوبکات هەر نەرم نیانی پیادە بکەین.



**دەبێ زیاتر**
**بە ئارام و**
**هێمن بین،**
**وەدەبێ واز لەو**
**تورەبوونەمان**
**بێنین کە**
**هەندێجار هیچ**
**پاساوێکی نیە.**

من دەزانم زۆرێك لە دایکان هەن کە هەرکات تورەبوون ئیتر هەرچی بەر پەلیان بکەوێت دەیگرنە منداڵەکانیان ، ئەمەش پێچەوانەی ئەم سێ فەرموودەیەی پێشەوەیە، بۆیە دەبێ زۆر نەفەس درێژ بین لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ منداڵکانماندا.

# شێوازە هەڵەکان لە پەروەردەکردندا



## هەڵەی یەکەم



# نەبوونی هۆشیاریی و شارەزایی



پێویستە دایبابەکان توانایان هەبێت کە ڕەفتاری منداڵەکانیان لە خۆبگرن، دەبێ یەکەمجار لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەم منداڵە بۆچی ئەم هەڵەیە دەکات؟

## هۆیەکەی

لێرەدا چەند پاڵنەرێك هەن کەوا لە منداڵەکە دەکەن هەڵە بکات، لەوانەش:

١-نەتوانایی منداڵ لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەروونی خۆی یان چارەسەرکردنی.



ئەمەش شتێکی سروشتیە لە منداڵاندا چونکە فاکتەری تەمەن دژی چاکسازییە ئەویش بە ئاستێکی وەها بچووکە کە توانای خۆ کۆنترۆڵکردنی نیە..

دایکانێك هەن داوا لە منداڵەکانیان دەکەن لە مەسەلەی میز بەخۆدا کردندا خۆی بگرێو میز نەکات بە خۆیدا، دێن هەر لە تەمەنی نۆ مانگی منداڵەکەوە ئەم داوایەیان لێدەکەن. منیش پێیان دەڵێم کە ئەو تەمەنە بۆ منداڵ تەمەنێکی زۆر زووە کە توانای هەبێت خۆی بگرێو میز نەکات بە خۆیدا کە دەکرێ ئەو داوایە لە یەكساڵیەوە درێژ ببێتەوە بۆ سێ ساڵ و لەوانەشە بگاتە سێ ساڵ و نیویش .

هەروەها نەتوانایی منداڵ لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەروونی خۆی و.هەر لە تەمەنی دووساڵیەوە سیفەتی خۆپەرستی تێدا دروست بدێو منداڵانیش هەر بەسروشتی خۆیان خۆپەرستن و نایانەوێ هیچ ببەخشن بەڵکو هەر دەیانەوێ وەربگرن و بەس... جا ئەگەر داوای لێکرا کەسێکی بەخشندە بێت و ببەخشێ ئەوا داوایەکی لێدەکەین کە پێچەوانەی سروشتی ئەوە.

٢-نەزانی و تێنەگەیشتنی نادروست بۆ کارەکان.

٣-حەزی شت زانین و شت بینین لە منداڵدا . واتە ئاگاداربوون.

٤-سەرنج ڕاکێشانی کەسانیتر.

منداڵ.

٥- کاتی بەتاڵی لای منداڵ.

ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاریی لە منداڵاندا چونکە هەرهەموو ئەوەی کە بە درێژایی ڕۆژ منداڵ دەیکات سەیرکردنی فیلمی کارتۆنیە..



لێرەوە حەزدەکەم ئاگاداری بدەم کە ئەو ماوەی کە ڕێگا پێدراوە بۆ منداڵ سەیری فیلمی کارتۆنی بکان تەنها دوو کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا و زیاتر نا، جا ئەگەر ئەو تێکڕاییە زیادیکرد ئەوا دەبینین کە ڕەفتاری منداڵەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هاوکات دەبێت بەرنامەی کارتۆنی سودبەخش بۆ منداڵەکانمان هەڵبژێرین کە سەیری بکەن.

٦-حەزی پشت بەخۆبەستن لە منداڵدا:

گومانیشی تێدانیە کە ئەم حەزەی وای لێدەکات هەڵە بکات، بۆیە دەبێت دایك وازلە منداڵەکەی بێنێت تا پشت بەخۆی ببەستێ واتە لێیگەڕێ باخۆی پۆشاکەکەی لەبەر بکات و لێیگەڕی خۆی داپۆشیێو خۆی گەرم بکاتەوە، من لە دایکانێك دەبیستم کە هێشتا هەرخۆیان هەڵدەستن بە داپۆشینی منداڵەکانیان لە کاتێکدا کە تەمەنیان شەش ساڵە ئەمەش کارێکی هەڵەیە، پێویستە بواری ئەزموون بۆ منداڵەکە برەخسێنن و ڕووبەرێك لە هەڵەکردنی بۆ بهێڵینەوە تا جۆرێك لە بڕوا بەخۆبوونی بۆ دروست ببێت و هەست بەبوونی خۆی بکات و جۆرێك لەخۆ نرخاندنی تێدا دروست ببێت.

٧- منداڵ بە کەمی هەستدەکات بەو شتەی کە نیەتی ، ئەو شتانەش پێنج جۆر شتی سەرەکییە:

| |
|---|
| دابینکردنی خۆراکی چاک بۆ منداڵەکە |
| هەستکردنی منداڵ بە خۆشویستیو خۆدانەپاڵ خێزانەکەی |
| هەستکردن بە ئارامیو ئاسایش |
| هەستکردن بە ڕێزلێگرتن |
| سەلماندنی خودو ئەزموونی کارەکان بە خودی خۆی |



# چارەسەر

پێویستە لەسەرمان ئاوڕبدەینەوە بەلای ئەو هۆیەوە کەوا لە منداڵەکانمان دەکات هەستن بە ئەنجامدانی هەرجۆرە رەفتارێك، وە ئایا پاڵنەری ئەمجۆرە رەفتارە چیە، ئەمەش بەو مەبەستە تابتوانین رێگاچارە بۆ گرفتەکان دابنێین..

وە لەسەرمان پێویستە فێربین کە چ کات زبری بەکاربێنین و چ کات پەنا بەرینەبەر نەرم ونیانی لەگەڵ منداڵەکانماندا..

هەر بە لە دایکبوونی منداڵ ئیتر ئەرکی ئێمەیە فێر ببین کە چۆن لەگەڵیدا مامەڵە بکەین، دەبێت دایك شارەزا بێت بە هۆکاری گریانی منداڵی شیرەخۆرە کە ئایا پێویستی بە گۆرینی پۆشاکیەتی یان پێویستی بە شیرە، یان هەر ژانەسکی هەیە وە یان چیتر هۆکارە، نابێ هەر بە گریانی بێین بیکەینە باوەش تا بێدەنگی بکەین و بەس، چونکە ئەمشێوازە منداڵەکە رادێنێ لەسەر ئەوە، چونکە لێرەوە گرفتێکی ترمان بۆ دروست دەبێت ئەویش لەمەوپاش خۆ پێوەلکاندن و لێجیانەبوونەوەی منداڵەکەیە لە دایکی، جانەگەر هۆیەك بۆ گریانی منداڵەکە بەدی نەکرا ئەوا نابێ دایکەکە لە باوەشی بگرێو هەڵیبگرێ بەڵکو وازی لێبێنێ تا خۆی بەخۆی بێدەنگ دەبێ، ئەمەش زبریو دڵرەقیەك نیە لە ئێمەوە بەڵکو رێکخستنی هەوڵ و کۆششەکانە...

چونکە تۆی دایك دایکی بە تەنها ئەم منداڵە نیت بەڵکو هەر لەسەرەتاوە تۆ هاوسەری مێردەکەتیو دواتریش جگە لەم منداڵەت دایکی منداڵی تریشی، کەواتە تۆ زۆر ئەرکی ترت لەسەرشانە کە دەبێ دایك هاوسەنگی بکات لە نێوانیاندا.

بۆیە دەبێ بەدوای ئەو پاڵنەرانەدا بگەڕێین کەوا لە منداڵ دەکەن ئەو رەفتارە خراپانە ئەنجام بدات، لەسەریشمانە بەهەمان پێودانگ و بۆ ماوەیەکی درێژ وە بە شێوازو پەیرەوێکی دیاریکراوەوە بەردەوام بین.

# گوتەیەك بۆ دایبابەكان



پێویستە دایبابەكان مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستە پەروەردەییەكاندا بكەن و فێربن كە ئایا ڕەفتارو هەڵسوكەوتی دروست و ڕاست لەمجۆرە هەڵوێستانەدا چۆنە، چونكە منداڵ وەك ئیسفنج وایە هەرچی بە دەوریدا بێ هەڵیدەمژێ، ئەوان وەك ئەو قوڕە وان كە ئێمە دەیكەینە شێوە، جائەگەر منداڵەكە خراپ بوو ئەوا ئەو كەسەی كە شێوەكەیی بۆ دروستكردووە ئەوا دایبابەكەینی، ئەگەر بێن ئەو منداڵە بگوشین ئەوا لێیەوە ئەو ڕەفتارانەمان دەست دەكەوێت كە لە دایبابەكەیەوە فێریان بووە، چونكە ئێوە بەرپرسن لێی‌و با فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بێنینەوە یادتان كە دەفەرموێ: **"هەمووتان بەرپرسن و هەر یەكەشتان بەرپرسە لەو كەسانەی كە لەژێر سەرپەرشتی ئەودان"** متفق علیە.

وە دەفەرموێ: **"هەركات ئادەمیزاد مرد ئەوا لە سێ شتدا نەبێت ئیتر كارو كردەوەكانی دەپچڕێن"** موسلیم گێڕاویەتەوە. یەكێك لەو سێ شتەش بریتیە لە: **"منداڵێكی چاكەكار كە بپاڕێتەوە بۆی"**. كەوابوو ئێوە بناغەن لە پەروەردەكردنداو بناغەن لە ئاڕاستەكردن و ڕوونكردنەوەو جیاكردنەوەی ڕاست لە هەڵە بۆ منداڵەكە.

## گرفتەکان و چارەسەریان

لەم بوارەدا ژمارەیەکی زۆر گرفت هەن کە ڕووبەڕووی دایبابەکان دەبنەوە، والێرەدا وەك نموونە چەند گرفتێك لەوانە دەخەینەڕوو:

### ١-گرفتی منداڵی تێکدەر:



لێرەدا باسی باوکێك دەکەم کە هەستاوە بە کڕینی تەلەفزیۆنێك، بۆ ڕۆژی دووەم دەبینێ وا منداڵەکەی ئامێرێکی کردنەوەی گرتووە بەدەستیەوەو خەریکە تەلەفزیۆنەکە هەڵدەوەشێنێ، باوکە هەڵچوو و لێی تووڕە بوو.

منداڵانی تریش هەن کاتێك باوکەکانیان ئامێرێکی یاریان بۆ دەکڕن هەڵدەستن بە هەڵوەشاندنی لێرەوە دایبابەکان ئەو منداڵە ناو دەبەن بە (منداڵی تێکدەر). هەریەك لە باوك و دایکەکە دەکەونە سەرزەنشتکردنی منداڵەکەو خۆگرژکردن لێیەو تورەبوون و هەڕشە لێکردنی کە ئیتر شتی یاری بۆ نەکڕن چونکە پارێزگاری نەکردووە لە یاریەکانی تری.

دایبابەکان لەبیریان دەچێ کە بێن ڕێگای‌تر بگرنەبەرو پاساو بۆ منداڵەکەیان بێننەوە، تەنها هەر ئەو ڕێگایە دەگرنەبەر کە بە تێکدەر ناوزەدی بکەن، چونکە دوورنیە ئەو منداڵە حەزی لە ئاگاداربوون و زانینی شت بێت وە یان حەزی لە هەڵوەشاندن و پێکهێنانەوەی شتەکان بێت، یان ئەو منداڵە لەو منداڵانە بێت کە دەست ڕەنگین بن و پێویستی بەوە بێت گەشە بەو توانایەی بدرێ، لە ڕاستیشدا هەرکەس بەدواداچوون بکات ئەوا زۆر ڕێگای تر دەدۆزێتەوەو هەر ڕێگای سەرزەنشتکردن ناگرێتەبەر، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کاتێ دایبابەکان ڕەفتارێکی خراپ لە کوڕەکەیاندا دەبینن ئیتر پەرچەکردارێکی خێرایان لێدەوەشێتەوە، دەیانەوێ ڕاستەوخۆو هەر ئێستاکە ڕەفتاری کوڕەکەیان بگۆڕن بەڵام ئەم پەرچەکردارە دەبێتە هۆی بەیەکجاری بێبەشکردنی

منداڵەکە لە یاریکردن وەیان نواندنی توندوتیژیی ئەویش بە بەکارهێنانی لێدان و ئازاردانی جەستەیی.

## ٢- گرفتی نەتوانایی لە دەربڕیندا، تەتەڵەکردنی زمان:

منداڵانێك هەن بێگرفتن و بەشێوەیەکی باش قسەدەکەن، بەڵام ئەم منداڵ لە کتوپڕدا زمانی دەگیرێو توانای دەربڕینی نامێنێو ئێمەش جۆرێك لە تەنگە نەفەسی تێدا بەدی دەکەین، سەرئەنجام حاڵەتەکە لە سنوری خێزان و قوتابخانەدا دەبێتە تێبینیەکی گشتی لەسەری ئیتر دایکەکە دێت داوای لێدەکات کە بەشێوەیەکی ڕێك و ڕاست قسەبکات، بەڵام منداڵەکە ناتوانێت لێرەدا دایکەکە دێت جاریێ سەرزەنشتی دەکات و جاریێ گرنگی پێنادات و جاریێ بە نەرم و نیانی دەیدوێنێ بەڵام منداڵەکە هەر بەهەمانشێوە قسەدەکات و ناگۆڕێ، دایکەکە دەڵێ: (گرفتی ئەم منداڵەم بێ چارەسەرە، ئەم منداڵەم شێتی کردووم).

**دەبێ دایبابەکان پەی بەوە ببەن کە هۆکاری زۆر هەن پەیوەندن بە تەتەڵەکردنی زمانی منداڵەوە، لەو هۆیانەش:**



* لەدایکبوونی منداڵێکیتر لە خێزانەکەدا، لێرەدا منداڵی یەکەم هەست بە گوێ پێنەدان دەکات و ئیرەیی بۆ دروست دەبێو هەوڵدەدات سەرنجی دایبابەکەی بەلای خۆیدا رابکێشێ لێرەوە دێت زمانگیریو جۆرێ لە تەتەڵەکردن لە قسەکاندا بۆخۆی دروست دەکات...

چارەسەر ئەوەیە بێین حاڵەتەکە پشتگوێ بخەین و سەرزەنشتی منداڵەکە لەسەر ئەوکارەی نەکەین.

دەکرێ هەمان حاڵەت بەهۆی ترسی منداڵەکەوە بێت لە شتێکی نوێ یان قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا وەك یەکەمجاری چوونی بۆ قوتابخانە گرفتەکەی بۆ دروستبوویێ.

چارەسەر ئەوەیە دایبابەکان بێن تێبگەن لەو حاڵەتە دەروونیە کە بەسەر منداڵەکەیاندا تێدەپەڕێو وایلێکردووە لەو جیهانە نوێیە بترسێ کە لەبەردەمیدایە، بۆیە دەبێ بە جوانی باوەشی بۆ بگرنەوەو بەدەمیەوەبن تا ئەو ئاستەی کە هەست بەئارامی و حەوانەوە دەکات تیایدا.

## ٣- گرفتی ئەو منداڵەی کە بە ددان نینۆکی دەقرتێنێ:



لە تێبینی دەکەین کە گرفتی بە ددان نینۆك قرتاندن لە ژمارەیەك لە منداڵاندا هەیەو کەم نین، دایکەکەش بە هەموو شێوازێ هەوڵدەدات ڕێگیریی لەو کارەی منداڵەکەی بکات بەلام بێسودە، چونکە منداڵەکە هەرهەمان هەڵەو بە هەمان ڕێگا چەندینجار دووبارەی دەکاتەوە.

لێرەدا دەڵێم؛ ئەی دایکی بەڕێز ئەگەر دەتەوێت ئەو پەروەرشکارە چاکە بێت کە ل پەروەردەکردنی منداڵەکانتدا لە سنوری خوا دەرنەچیت ئەوا دەبێ بەلانی کەمەوە بڕوانامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری پەروەردەییت هەبێت.

لە راستیدا دیاردەی نینۆك قرتاندن لەنێو منداڵاندا شتێکی بڵاوەو نابێ دایبابەکان وەها بۆی بڕوانن کە شتێکی مەترسیدارە چونکە لەوانەیە هۆی دەرکەوتنی ئەم گرفتە لە نائارامی یان تورەییەوە تیایدا خۆی وێنا بکات، تورەبوون و هەڵچوونی سەخت دەبێتە هۆی زمانگیری لە منداڵدا، چارەسەری نائارامی دەروونیش زۆر بە سانایی ئەوەیە وا لەو منداڵە بکرێ جۆرێك لەوەرزش بکات، نینۆك قرتاندن ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە کە لەبەرانبەر نائارامی ئەو منداڵەوە هەست بە بەرپرسێتی بکەن و بگەڕێن بەدوای هۆیەکانی ئەو نائارامیەی دا، جائەگەر حاڵەتەکە پەیوەندی بە قوتابخانەوە یان مامۆستایەکی دیاریکراوەوە بوو لە قوتابخانەکەدا ئەوا دەبێ بچینە قوتابخانەکەی و چارەسەری حاڵەتەکەی بکەین.

٤- گرفتی ئەو منداڵەی کە دەست بەسەر شتانێکدا دەگرێو موڵکی خۆی نین:

گرفتی منداڵ کە شتانێک دەبات و موڵکی خۆی نین وا لە دایبابەکە دەکات قەبارەی گەورەتر لە گرفتەکە بدەن پێی و تادەگاتە ئاستێ وشەی دز دەدەنە پاڵ منداڵەکەیان ..

دەبێ دایبابەکان یەکەمجار سەرنج بدەن بزانن ئەم منداڵە بۆ ئەم کارەدەکات و بەرلەوەی سزای بدەن بێن پاڵنەرەکانی گرفتەکە بزانن ...

لەوانەیە بپرسی ئەو هۆیانە چین پاڵ بەم منداڵەوە دەنێن کە تەمەنی دوانزە ساڵی تێنەپەڕاندوە کە ئەم رەفتارە خراپە ئەنجام بدات؟

چەندین هۆکار هەن وا لەم منداڵە دەکەن ئەم گرفتەی تێدا دروست ببێت لەوانە :

- کەمی پابەندبوون بە رەفتارو رەوشتە باشەکانەوە .



- کەمی باوەڕ
- نارۆشنی حەڵاڵ و حەرام لەلای خێزانی منداڵەکە .
- بێبەشبوونێکی زۆرو سەخت .
- زیادەڕۆیی کردن لە نازپێدانی .
- نەزانی منداڵ بە سنووری موڵکداری سروشتی خۆی .
- سەرنجڕاکێشانی کەسانیتر.
- کەمی سۆزداریی کەوا لە منداڵەکە دەکات هەوڵبدات لەم ڕێگایەوە قەرەبووی ئەو لایەنەی بکاتەوە .



لە راستیدا هۆیەکان زۆرن و هەر هەموویشیان راستن، هەریەکەشیان ڕێگاچارەیەک بەخۆیی هەیە، لەبەرئەوە داوا لە دایبابەکان دەکەم یەکەمجار بەدوای هۆیەکەدا بگەڕێن تابتوانن چارەسەر بۆ گرفتەکە دابنێن ..

گرنگ ئەوەیە ئەوە پاڵنەرە بزانرێ کەوا لەو منداڵە دەکات ئەم کارە خراپە بکات .

جا ئەگەر گەڕاین بەدوای هۆیەکەیدا ئەوا زۆترین هۆیەك کە بۆ ڕوودانی ئەم گرفت
بەدی دەکەین کەمی سۆزدارییە لای ئەم منداڵە، چونکە ئەو هەست بە بوونی هیچ جۆر
بایەخ پێدانێك بۆی ناکات وە یان ئەوەیە کە خێزانەکەی لە ناکۆکییەکی بەردەوامدا دەژ
وە یان خێزانەکەی لەڕووی پەروەردەییەوە نا هاوسەنگە ...

** ** **

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

حەزدەکەم لێرەدا چیرۆکی کچێك بگێڕمەوە کە تەمەنی هەشتساڵەو لەگەڵ
دایبابەکەیدا هاتنەلام و سکاڵایان هەبوو لەو گرفتە کە تووشی کچەکەیان هاتووە ئەویش
ئەوەیە کە کچەکەیان هەر لە تەمەنی چوار ساڵیەوە شتانێك بۆ خۆی دەبات کە موڵکی
ئەو نین، لە دایکەکەیەوە ئەوە تێگەیشتم کە جۆرەها شێوازی سزادانی بەردەست و
غەیرە بەردەستی لەگەڵیدا بەکارهێناوە.

لە دووتوێی وتووێژم لەگەڵ دایکەکەیدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەو دایکە زۆرێك لە
کاتەکانی لە دەرەوەی ماڵەکەی بەسەر دەبات، بەدەگمەن لەگەڵ کچەکەیدا دابنیشێ،
کاتێکیش کە لەگەڵ کچەکەیدا دانیشتم هەستمکرد کە زۆر کۆمەڵایەتیەو دڵخۆشە بەبوونی
پەیوەندی لەگەڵ کەسانیتردا و بەزەیی و سۆزدارییەکی زۆری تێدایەو تێیدا بەدی دەکرێ
تێڕوانینی چاوەکانی بەڵگەیە لەسەر بێبەشبوونی لە پێدانی سۆزداریی پێی ...

لە کۆتاییشدا بۆم دەرکەوت کە هۆی سەرهەڵدانی ئەم گرفتە لە کچەکەدا نەبوونی
کەش و هەوایەکی سۆزدارییە لە نێوان دایکەکەو کچەکەیدا، کە وەك پێویست
سۆزداریەکەی لە باوەش نەگیراوە، چونکە کچەکە هیچ پێویستیەکی ماددی نەبووەو ئەو
شتانەش کە بردوونی لەچاو کەسایەتی کچەکەدا بەهایەکی ئەوتۆیان نەبووەو ئەو شتانە
زۆد بێ نرخ بوون.

لێرەدا بە دایکەکە دەڵێم: باش بزانە کە هەرجۆرە بەخشش و کارێکی ئەرێنیت لە دەرەوەی ماڵەکەت ئەگەر لەسەر حیسابی پێداویستی منداڵەکانت بێت لەڕووی سەرپەرشتیکردن و سۆزو بەزەیی ئەوان بێت ئەوا هیچ نرخ و بەهایەکی نیە.

ئەی دایکی بەڕێز: چۆن چۆنی دەتوانی دێیت سۆزو بەزەیی خۆت بە کەسانیتر دەبەخشی لە کاتێکدا کە کچەکەی خۆت لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بەو سۆز و خۆشەویستیەیە؟

لێرەدا دایکەکە دەستیکرد بە تەرخانکردنی هەندێ کات بۆ دانیشتن لەگەڵ کچەکەیداو ڕۆژانە ماوەی کاتژمێرێك لەگەڵیدا دادەنیشت و شتی خۆش و دڵ حەوانەوەیان پێکەوە ئەنجامدەدا.

دوای دووساڵ چاوم بەو دایکە بەڕێزەو هاوسەرەکەی کەوتەوەو پێم وتن: کچەکەتان چۆنە؟

باوکەکە وتی: سوپاس بۆ خوا تارادەیەکی زۆر گرفتەکەی کۆتایی هاتووە ئێستە جگە لە شتانێکی سادەو ئەویش زۆر بەدەگمەن ئیتر هیچ نابات و دەست بەسەر هیچ شتێکدا ناگرێ.



## ٢



## هەڵەی دووەم



# نەفەس کورتی

# لەگەڵ هەڵەی منداڵاندا



شاعیرێك لە چەند دێرە شیعرێكدا كە ئەمە ماناكەیانە دەڵێت:

ئەی ئەو كەسەی تۆ مامۆستای كەسانیتری

بگەڕێرەوە لای خودی خۆت چونكە پێویستیت بە فێربوونە

دەرمان بۆ كەسانی نەخۆش و دەردەدار بۆ ئەوەی

چاك ببنەوە دەنووسی بەڵام خۆت هەر نەخۆشی

دەتبینین كە بە قسەی بڕشتدار ئەقڵمان چاك دەكەیت

هەرگیز نابێت و بێسودە چونكە ئەقڵەكەی خۆت نەخۆشە

دەی لە خۆتەوە دەست پێبكەو لەو سەركێشیەی بیگێڕەرەوە

هەركات ئەوەت بۆ كرا ئەوا تۆ داناو پزیشكی

ئەو كاتیش ئەو ئامۆژگاریەش كە دەیكەیت وەردەگیرێ و

زانستت لێی وەردەگیرێ و فێربوونیش سودمەند دەبێت

** ** **



ئەوی ڕاستی بێت دایبابەكان دەیانەوێ هەر بە تەنها داواكردن لە منداڵەكەیان كە واز لە هەڵكردن بێنی ئیتر وازی لێبێنێ، دەی بابزانن كە منداڵ پێویستی بە چەندینجار دووبارەكردنەوە هەیە - ئەویش بە زمانی شیرین - هاوكات رەچاوی ئاستی تەمەنی منداڵەكەیان بكەن.

# هۆیەکەی

دەبێ ئەو هۆیانە بزانین کە وامان لێدەکەن سەردەکێشن بۆ ئەنجامدانی ئەم رەفتا
هەڵەیە تیاماندا، لەو هۆیانەش :

١–جیاوازی پێوەرەکان لە نێوان جیهانی منداڵ و جیهانی گەورەدا، واتە گەورەک
پەی بە بەرژەوەندی خۆیان دەبەن ئەمەش لەبەرئەنجامی ساڵانێکی زۆر لە فێربوون
ئەزموونەوە دەستیان کەوتووە، بە پێچەوانەی منالآنەوە کە تەمەنیان کەمە ب
ئەزموونیان یارمەتیان نادات ئەو رەفتارە دروستە ئەنجامبدەن .



٢– دایبابەکان دەرك بەوە ناکەن ئەو هەلآنەی منداڵەکانیان دەیکەن شتێکی سروشتیە تیایاندا، چونکە ئەگەر منداڵ هەڵە نەکات ئەوە بۆ خۆی گرفتێکە چونکە منداڵ بە سروشتی خۆی هەڵە دەکات...بۆیە دەبێ دایبابەکان تێبگەن کە هەڵە نەکردنی منداڵ بەمەرج ناگیرێت واتە بە یەکجاری واز لە هەڵە بهێنێ. چونکە منداڵ تا تەمەنی چوار سا
هەڵەی سروشتی هەیە وەك شکاندنی پەرداخ و کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەکان
یاریکردن بە دەنگێکی بەرزو شەڕکردن لەگەڵ خۆشك یان برا بچوکەکەیدا .

٣–دەرك نەکردنی دایبابەکان کە گرفتەکانی منداڵ پێویستیان بە کاتێکی درێژخای
هەیە تا چارەسەر بکرێن، بۆیە دەبێ سیاسەتی پشوودرێژی لەگەڵ گرفتی منداڵ
هەبێت تا ئەوکاتەی کە منداڵەکە دێت بەدەم چارەسەرەکەوە ...



لەڕووی زانستیەوە منداڵ پێویستی بە مانگ و نیوێک تا دوو مانگ هەیە هەتا پرۆسەی گۆڕانکاری لە رەفتاریدا جێگای خۆی دەگرێ .

# چارەسەر

دەبێت لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ هەڵەکانی منداڵدا سیاسەتێکی پشوودرێژ پیادە بکەین چونکە منداڵ پێویستی بە کات هەیە تا هەستێ بە دروستکردنی گۆڕانکاری لە رەفتارەکانیدا...

پێویستە بزانین ئەگەر چارەسەرەکە بە سیاسەتێکی پشوودرێژی نەبێت ئەوا لای منداڵ دەبێتە هۆی کێشەی دەروونی هاوکات بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەبێت لە سەر ئایندەی منداڵەکەو لە هەمانکانیشدا دایکەکە لە ناخیەوە کەسایەتی دەکەوێتە لەرزە.

لە ژیننامەدا هاتووە کاتێ کەسێك هاتووەتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێی وتووە: ئامۆژکاریم بکە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی پێی :((تووڕە مەبە)). چەندجارێ ئەم فەرمانەی بۆ دووبارە کردوەتەوە، بوخاری دەیگێڕێتەوە.

بۆیە دەبێ دایبابەکان شارەزابن بە شێوازەکانی پەروەردەی راست و دروست کە جۆرێ لە بەزەییو ئارامیو نەرم و نیانیو ئارامگرتن لەسەر چاککردنی هەڵەکانی منداڵی تێدایە ئەویش بە کۆنترۆلکردنی توڕەیی و گرژیی... لێرەوە فەرموودەکەی پێغەمبەرمان ﷺ وەبیر خۆمان دێنینەوە کە دەفەرموێ (( تووڕە مەبە)).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣٤﴾(ال عمران:١٣٣ -١٣٣). ئەرکی سەرشانی هەموومانە ئەم ئایەتە پیرۆزانە لەگەڵ منداڵان و بە تایبەتی منداڵەکانی خۆماندا پراکتیزە بکەین.

منداڵان دروستکراوێکی بەهەشتین و نابێت بە توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ...

گرنگە باوکی پەروەرشکار لەوە دڵنیا بێت بە چاك پەروەردەکردنی منداڵەکانی دەیگەیەنێتە پلەیەکی باڵا لەلای خوای گەورە کە لەوانەیە لە ڕێگای کارە چاکەکانیتری و پەرستشەکانیەوە نەتوانێت بگاتە ئەو پلەیە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (هەرکەسێ رق و تووڕەیی خۆی کپ بکات لە کاتێکدا کە توانای هەیە دەریببڕێ و جێبەجێی بکات ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئاشکراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکانیتردا بانگی دەکات و دێت بەدەم خواستەکانیەوە تا ئاستی پێدانی هەر حۆریەك کە ویستی هەیە لەگەڵیدا بژی) (ئەبوداود گێڕاویەتەوە).



پێشەوا جەعفەری صادق (ڕەزای خوای لێ بێت) خزمەتکارێکی تەمەن هەشت ساڵانەی بووە، هەمووجارێ ئاوی کردووە بە دەستی پێشەوادا تا دەست نوێژەکەی بگرێ، جارێکیان مەسینەکە لە دەستی کەوتە خوارەوەو کەوتە نێو ئەو شتەوە کە دەستنوێژەکەی لەسەر دەگرت لێرەدا پۆشاکەکەی پێشەوا جەعفەر تەڕبوو، ئەویش بە تووڕەبیەکەوە سەیرێکی خزمەتکارەکەی کرد، منداڵەکەش پێی وت: ﴿وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ﴾ واتە: ئەو کەسانەی تووڕەیی خۆیان دەخۆنەوە، ئینجا پێشەوا پێیوت: ئەوا تورەبیەکەمم خواردەوە، کورەکەش وتی: ﴿وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی لە

کەسانیتر خۆش دەبن، ئەویش وتی: وا لێت خۆشبووم، کوڕەکە وتی: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ واتە: خوای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێت، پێشەوا جەعفەریش وتی: لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە برۆ ئازاد بە .

## گرفتەکان و چارەسەریان

### گرفتی منداڵی ڤیرسیچمە:

دەبێ دایکەکەی هەوڵبدات و هاوکاری منداڵەکە بێت تا زاڵ دەبێت بەسەر ڤیرسیچمەییدا، وە بەردەوام بۆ ماوەی دوو مانگ سەرقاڵی ئاراستەکردنی بێت.

### گرفتی نزمی ئاستی خوێندن:



ئەمەش گرفتێکە وێڕای بەرزیی ئاستی زیرەکی لای هەندێکیان ئەوا هەر ڕووبەڕووی زۆرێك لە منداڵەکان دەبێتەوە، چارەسەری ئەم گرفتە ئەوە دەخوازێ ماوەی دوو مانگ ئارامبگرین لەسەری هەتا منداڵەکە دەست دەکات بەدەمەوە هاتن و پلەکانی بەرزدەکاتەوە، لە کاتێکدا کە دەبێ دایبابەکان ڕێز لەم منداڵە بگرن و وای لێبکەن هەست بە بوونی خۆی بکات و دەبێ هاوکاری یەکتری بکەن و پێکەوەش هاوکاری ئەوبن تا منداڵەکەیان ئەم گرفتە تێدەپەڕێنێ.

### گرفتی کۆنترۆڵ نەکردنی میز بەخۆدا کردن لە منداڵدا:

ئەم گرفتەش تووشی هەندێ منداڵ دەبێ، بۆ ڕزگاربوون لێی دەخوازێ دایکەکە بۆ ماوەی دوو مانگ هەستێ بە ڕاهێنانی منداڵەکەی لەسەر میزکردنی سروشتی لە کاتی ڕێکوپێکی دوور لەیەك واتە دەبێ داوا لە منداڵەکەی بکات بۆ نموونە سەری هەموو

کاتژمێرێ میز بکات وە یان بەپێی زانینی دایکەکە کە منداڵەکە پێویستی بێت، ئەمەش بۆ ڕاهێنانیەتی لەسەر میزکردن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك تا لەلای دەبێتە کارێکی ئاسایی.

هەروا گرفتی تریش هەن کە منداڵ تووشیان دەبێت وەك بردنی شتانێك کە هی خۆی نین، وە یان ئەو منداڵەی کە لە پەنجەرەوە شت فڕێ دەدات...ئەمانەو هی تریش کۆمەڵ گرفتێکن کە چارەسەرکردنی هەریەکەیان پێویستی بە دوو مانگ کات هەیە.

# ٣



## هەڵەی سێیەم



# سەپاندنی ئەرك
# بەدرێژایی كات



ئەم گرفتە لە بیرۆکەی دەسەلات و دیکتاتۆریەوە سەرچاوە دەگریٚ، ئێمە گەورەو بە تەمەنین و منداڵانیش بچوك و کەم تەمەنن، دەبینین کە دایکان بە درێژایی رۆژ فەرمان بۆ منداڵەکانیان دەردەکەن و بوار نامێڵنەوە بۆ بە ئازادی هەڵبژاردنی هیچ شتێکیان، بۆ نموونە هەر پێیان دەڵێن:

(هەستە ...بخەوە ... بخۆ ... لەبەر بکە ... یاری بکە ...).

سەرئەنجام دەبینین منداڵەکە خۆی وا پیشاندەدات گوایا گوێی لە هیچ شتێکی دایکەکەی نەبووە، هەر لە یەکەمجارەوە ناچێت بە دەم داواکەیەوە، لێرەیشدا ئەوە دەبینین دایکەکە دەڵێت من سەدجار شتێك بە کورەکەم دەڵێم و نایکات، هەندیٚ لە دایکانیش دەڵێن ئەم کورەم بە لێدان نەبێت بە گوێمناکات.

گومانی تێدانیە کە هەندیٚ هەڵوێست ئەوە دەخوازن فەرمان بەسەر منداڵەکەدا بدریٚ تا ئەنجامیان بدات بەلاَم ئەو هەڵوێستانە هەڵوێستانێکی سنووردارو دیارن، ئێستایش پرسیارەکە ئەمەیە:

ئایا دەبیٚ چ کات فەرمان بەسەر منداڵدا بسەپێنریٚ؟



وەلاَمەکەش خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

١-کاتی خەوتن.

٢-کاتیٚ کە تەندروستی منداڵەکە دەکەوێتە مەترسییەوە.

٣-کاتێك کە کۆی خێزانەکە سیستمێکی دیاریکراویان هەیەو هەموو ئەندامانی خێزانەکە پەیرەوی دەکەن.

## هۆیەکەی

دەرك نەکردنی دایبابەکان کە منداڵەکەیان توانای لەسەر هەڵبژاردنی شتێکی هەیە تا بێت لە هەندیٚ کاردا پشت بەخۆی ببەستێت.

# چارەسەر

دەبێ منداڵ ئازادییەکی هەبێت بە جۆرێ کە بتوانێ بە ویست و بە هەستکردن بە کەسایەتی خۆی شت هەڵبژێرێ، دەبێ بواری پێبدرێ تا بە شێوازی خۆی یاریبکات، کاتێکیش برسی دەبێت با ئازاد بێت لە شێوازی خواردندا با خواردنەکەش لە دەمی بکەوێتە خوارەوە، دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ چونکە پاشتر فێر دەبێت کە بە شێوازێکی راست و دروست خواردن بخوات.

با دایبابەکان بەوە دڵخۆشبن کاتێ کە منداڵەکەیان دەبینن خۆی پۆشاکەکەی لەبەر دەکات نەک بێن لەسەر دواکەوتنەکەی سەرزەنشتی بکەن و لێی تووڕە بن... هەر دەبێ لە منداڵەکە گەڕێن تا پشت بە خۆی ببەستێ.

جائەگەر منداڵەکە لە شتێکدا گیرو قیرسیچمە بوو ئەوا بەو شێوازە ئەوە رادەگەیێنێ کە ئەویش کەسایەتی خۆی هەیە...

تێبینیش دەکەین زۆرێك لە دایبابەکان بەمشێوازە هەڵەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵی یەکەمیاندا دەکەن.

بەڵام لەگەڵ منداڵی دووەمدا دەبینین جۆرێك لە چاوپۆشی هەیە لێرەوەش منداڵی دووەم وادەبینرێ جۆرێ لە جیاکاری هەیەو سەرنجراکێشەو لە پلەیەکی بەرزتردا چالاکیەکانی ئەنجامدەدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشتر بوونی شێوازی پەروەردەیی دایبابەکان لەگەڵیدا.

لەم بارەیەشەوە پێمخۆشە جەخت بکەم کە ئێمەی موسڵمان هەر جۆرە دیکتاتۆریەتێك رەتدەکەینەوە، وە دەڵێین موسڵمانان بە پرەنسیپی شوراو راوێژکردن کاردەکەن...کەواتە دەبێ لە منداڵەکە گەڕێین بە ئاستێکی وەها کە رێژەیەك لە ئازادی هەڵبژاردنی ویستەکانی بدەینێ.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

– منداڵانێك هەن کە بە شێوازی جیاجیا حەزیان لە یاریکردنە، بۆ نموونە منداڵێك بەدی دەکەین کە یارییەکی منداڵانە هەڵدەوەشێنێ‌و دواتریش هەوڵدەدات دروستی بکاتەوە ئەمەش کارێکی سروشتییە.



– ئەرکی دایکەکەیە بواری ئازادی هەڵبژاردنی کات بۆ نانخواردنی منداڵەکەی بڕەخسێنێ، چونکە کاتێ منداڵ هەست بە برسیەتی دەکات ئیتر داوای خواردن دەکات، ئەرکی دایکیشە وازی لێبهێنێ تا بە شێوازی خۆی خواردنەکەی بخوات با لەو خواردنەش لێی بکەوێتە سەرزەوی بۆیە دەبێ دایکەکەی سفرەیەکی گەورە لە ژێر دەوریەکەیدا رابخات و ئیتر وازی لێبێنێ تا پشت بەخۆی ببەستێ، جا ئیتر لە دوای چەند جارێك ئەم منداڵە سەرکەوتو دەبێت لە نەکەوتنە خوارەوەو نەڕژاندنی ئەو خۆراکەی دەیخوات و دەرئەنجام لە ئایندەیەکی نزیکدا رادێ کە بە شێوازێکی دروست خواردنەکەی دەخوات.

–ئەو منداڵەی کە هەوڵدەدات خۆی قۆپچەی کراسەکەی دابخات وە یان بە دەستی خۆی پێڵاوەکانی لەپێ بکات ئەوا دەبێ دایبابەکەی پێیان خۆشبێت نەك بێن لەسەر دواکەوتنی لە چوونەدەرەوە خۆیانی لێتووڕەو گرژ بکەن... کەوابوو دەبێ لەو منداڵە گەڕێی تا پشت بەخۆی ببەستێت.

هەر کاتێکیش دایبابەکە ویستیان شتێك هەڵبژێرن کە تایبەت بێت بە منداڵەکەوە ئەوا دەبێ لە نهێنی ئەو هەڵبژاردنەی خۆیان و ئاستی سوودی ئەو شتە بۆی تێی بگەیەنن.

دەبێ لەوە دڵنیابین کاتێ دایبابەکان منداڵەکانیان بەشدار دەکەن لە هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسێتیدا یان ئازادی پێدان لە هەڵبژاردندا ئەوا ئەوە نابێتە پاڵنەر بۆ یاخیبوون یان زاڵبوونی منداڵەکە بەسەر دایبابەکاندا. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەکرێ هەر ئەوە کارێکی راست و دروست بێت. لە راستیدا دەرگای چوونە ناوو ناوەکرۆکی پێکهێنانی نەوەیەکی موسڵمان کە توانای بەرپاکردنی راپەڕین و هەستانەوەی ئوممەتی هەبێت ئەوەیە کە منداڵ لە ڕووی دەروونیەوە ئامادەبکرێت. ئەویش بەوە دەبێ ڕووبەرێکی لە هەڵگرتنی بەرپرسێتی و ئازادی هەڵبژاردنی پێبدرێ.



٤



## هەڵەی چوارەم



# ترسی دایبابەکان بۆ سەپاندنی توندوتۆڵیی بەسەر منداڵدا



ئەم شێوازە هەڵەیە زۆربەی جار لە گەڵ کوڕەزا یان کچەزای یەکەمدا ڕوودەدات، ئەمەیش پێی دەوترێ منداڵی نازدار چونکە خۆشەویستی باپیرە یان داپیرەیەتی بە سروشتیش خۆشەویستی باوک و دایککەشیەتی...

من ئەم گرفتە ناو دەبەم بە (سکچوونی سۆزداریی) هەروەک چۆن سکچوون لەلای پزیشکەکان بەوە پێناسە دەکرێ کە فایرۆسێك یان گرفتێك لە گەدەدا هەیەو بووەتە هۆکاری دەرچوونی خۆراکی خراپ یان فایرۆسی خراپ ئەوا بەهەمانشێوە نەبوونی توندوتۆڵی لەلایەن دایبابەکانەوە لەبەرانبەر رەفتارەکانی منداڵەکەوە سەرئەنجامەکەی ئەنجامدانی رەفتاری ناسروشتییە لەو منداڵەدا.

## هۆیەکەی



لێرەدا چەند پاڵنەرێك هەن کە پاڵ بە دایبابەکانەوە دەنێ بە کەمتەرخەمیەو ناتوندوتۆڵی مامەڵە لەگەڵ رەفتاری منداڵەکەیاندا بکەن لەوانە:

- ئەو منداڵەی کە کوڕەزا یان کچەزای یەکەمە ئەوا بە شێوەیەکی ناسروشتی منداڵێکە نازدارە، بۆیە دەبینین ئەو منداڵە شتانێکی تەواو خراپ لەگەڵ گەورەکاندا دەکات بەڵام کە گوێبیستی ئەوانە دەبین دەڵێن وازی لێبێنن، چی دەکات بابیکات.. چونکە هێشتا منداڵە، لێرەوە ئەو منداڵە بچوکە بەبێ بوونی رێنماییەك لە گەورەکانەوە زیاتر پێ رادەکێشێو بەردەوام دەبێت، هەر کاتێکیش گریا ئەوا ئەوەی ئەو دەیەوێت

بۆی دەگەن تا واز لە گریان بهێنێ چونکە لە زیادە خۆشەویستیان بۆی بەرگەی بیستن
گریانەکەی ناگرن.

بەمجۆرەش ئەوا ئەم منداڵە پەروەردەی گەورەکان دەکات نەک ئەوان بێن ئە
پەروەردە بکەن، بەجۆرێکی وا پەروەردەو گەورە دەبێت کە هیچ جۆرە ڕێسایەکی
ڕەفتاریی نیەو نایگرێتەوە، ڕاست و هەڵە لەیەک جیاناکاتەوە، ئەو دەرک بەوە دەکات ک
هەمووشت ڕێگاپێدراوە بۆیەو ئەوە ئەو دەیکات ڕاست و دروستە، هەرجۆر
دەستدرێژیەکیش بۆسەر ئازادی کەسایەتی ئەو دەبێتە هۆی گریانیو لەوانەشە هەست
بەشت شکاندن یان سەری خۆیبدا بە زەویدا یان لە دایکی دەدا یان گاز لە باوکی
دەگرێ یان سکاڵا دەباتە لای باپیرە یان داپیرەکەی.

تێبینی ئەوەش دەکەین کە ئەم منداڵە دایەنگا ڕەتدەکاتەوە چونکە دەبی
مامۆستاکەشی هەر بەهەمانشێوە کە ڕاهاتووە لەسەری مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆی
دەبینین لە منداڵان دەدات و ناشیەوێ سکاڵای لەسەر بکەن، هەر بەم پێودانگە کێش
دواکەوتن و ئاست نزمی لە خوێندنداو گرفتی دایکەکەی کە ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات س
هەڵدەدات و ترسناکە.



-هەروەها ئەو منداڵەی کە دایبابەکەی بە
زۆری لە دەرەوەی ماڵەوەن و سەرقاڵی کارن بە
تایبەتی باوکەکەی کە بەردەوام سەرقاڵەو بێئاگایە
لە کوڕەکەی.

- یان ئەو باوکەی کە نایەوێت خۆی
لێپرسینەوەو سەرزەنشتی کوڕەکەی بکات بەڵکو
دێت ئەو ڕۆڵە بەجێدەهێڵێ بۆ دایکەکە بەو بیانووە
گوایا ئەوە ئەرک و ڕۆڵی دایکەکەیەو ئەرکی ئەو نیە.

- یان دایکەکە مووچەخۆرە (فەرمانبەرە)و کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ ماندووە
لە ئامادەکردنی خواردن ئیتر توانای هیچیتری نیە، لێرەوە منداڵەکانی فەرامۆش دەک
و پشتگوێیان دەخات چیدەکەن بابیکەن.

– یان حاڵەتی نائومێدبوون لەلای دایکەکە لە چاککردنی منداڵەکانی سەرئەنجام وازیان لێدێنێ چیدەکەن بابیکەن.



– یان منداڵی نەخۆش و نائەندروست کە ئەمیش جۆرێك لە رانەگرتنی توندوتۆڵی لەلایەن دایبابەکەیەوە بۆ منداڵەکە بە دوای خۆیدا دێنێ ئەویش بەهۆی نەخۆشیەکەی کە سۆزو بەزەیی هاتنەوەیە پیایدا.






دەبێ ئەوە بزانین کە منداڵ لە ژیانیدا وەك شەمەندەفەر وایە، جا تا ئەو شەمەندەفەرە بتوانێ ڕێ بکات ئەوا پێویستی بە دوو هێڵە ئاسنە کە بە دوو ئاڕاستەی تەریب بەیەك دەڕۆن، جانەگەر لاربوونەوەیەك یان تێکچوونێك لە یەکێکیاندا دروست بوو ئەوا شەمەندەفەرەکە وەردەگەڕێ، ئەو دوو هێڵە ئاسنەش لەبۆ منداڵ بریتین لە هێڵە ئاسنی توندوتۆڵیو هێڵە ئاسنی بەزەیی و سۆز.

کەواتە منداڵ لە دایبابەکەیەوە پێویستی بەدوو هێڵ هەیە، هێڵی راگرتنی توندوتۆڵی کە ئاڕاستەی دەکات تا ڕاست و هەڵە لەیەك جیابکاتەوە، توندوتۆڵیش بە مانای

توندوتیژی و زبری نواندن نایەت، بەڵکو توندوتۆڵییەك کە بە مەبەستی خۆشەویستی بۆ
منداڵەکە، دەبێ ئەویش تەریب بێت بە هێڵی بەزەییو سۆزداریی.

بۆ نموونە هەرکات دایك یان باوك، زانی کە منداڵەکەی نەخۆشەو پێویستی بە
نەشتەرگەرییەکی خێرا هەیە ئەوا بۆ ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییەی نابێ هیچ
یەکێکیان دوودڵ بێت، ئەم کارەش بە مانای زبریی و توندیی نواندن نیە لەگەڵیدا بەڵکو
ئەوە لە پەرۆشبوون و خۆشەویستیانەوەیە بۆی.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

ئەو منداڵەی کە لە بەردەم پێغەمبەردا ﷺ خەریکی نانخواردن بوو، پێغەمبەر ﷺ
پێی فەرموو: ((ئەی رۆڵە ناوی خوای گەورە بێنەو بە دەستی راستت بخۆو لەبەردەم
خۆیشتەوە بخۆ)) بوخاری گێڕاویەتەوە.

ئێمەش لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو منداڵە بە شێوازێکی نادروست نانی
خواردوەو پێغەمبەریش ﷺ لێی نەگەڕاوە چۆن دەخوات بابخوات بەڵکو ڕێنماییکرد تا بە
شێوازێکی راست و دروست بە جیدیەتەوە نان بخوات، ئەم کارەیشی بە شێوازێکی
پەروەردەیی جوان و خۆشەویستی لەسەر دەروونی منداڵەکە ئەنجامدا.

هەروەها هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەنەسدا کە منداڵ بوو، کاتێ پێغەمبەر
ﷺ ناردی بۆ شتێك و چاوەڕوانی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاتنەوەی درێژەی کێشا، دواتر
پێغەمبەر ﷺ بەهەمان ڕێگاکەی ئەودا رۆیشت بەڵکو ئەنەس بدۆزێتەوە، کاتێك دۆزییەوە
بینی واخەریکی یاریکردنە لە گەڵ منداڵاندا، فەرمووی پێی: ((ئەی ئونەیس))، ئەویش
سەیرێکی پێغەمبەری ﷺ کردو وتی: تێگەیشتم تێگەیشتم، زانیم زانیم، ئیتر بەپەلە چوو
بەدەم کارەکەیەوە.

کەواتە دەبێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا رێژەیەك لە توندوتۆڵی هەبێت..

نموونەش بۆ ئەمە، ئەو منداڵەیە کە داوای شتێکی دیاریکراو دەکات و نایدرێتێ، لێرەوە دێت سەری خۆی دەدات بە زەویداو دایکیشی لە خەمی بۆی ترسی لێدەنیشێو دێت ئەوەی کە داوای دەکات بەپەلە دەیداتێ لە راستیدا ئەمە هەڵەیە چونکە تەنها دوو حاڵەت هەیە کە منداڵ تیایاندا سەری خۆی بدات بە زەویدا ئەویش یان منداڵێکە کە ئەقڵی تەواو نەبێت و توانای زەینی سنوردا بێت وە یان ئەو منداڵەیە کە زیاد لە پێویست جووڵەی هەیە واتە ماخۆلانی هەیەو لەلایەن پزیشکەوە دەستنیشان کراوە، ئیتر جگە لەم دوو حاڵەتە منداڵ مێشکی خۆی ناشێوێنێ بەڵکو ئەوە هەر هەڕەشە کردنێکە، جانەگەر جارێك وازی لێ بهێنرێ سەری خۆی بدات بە زەویدا ئەوا ئیتر هەست بە ئازار دەکات و جارێکیتر ئەو کارە ناکات.

ئەمە ئەو توندوتۆڵ و رێکوپێکیەیە کە مەبەستمەو مەبەستم پێی نە لێدانەو نە ئەو گوتەیەیە کە هەندێك دەڵێن (پەراسوویەکی کچەکەت بشکێنە دەبێتە خاوەنی ٢٤ پەراسوو)

کەواتە توندوتۆڵ و رێکوپێک کردن بە مانای پەنابردنە بەرتوندوتیژیی یا بەرزکردنەوەی دەنگ نیەبەڵکو بریتیە لە گرتنەبەری شێوازی جیددی بە هێمنیو بە ئارامی، لەوانەیە تەنها بەیەک سەیرکردن منداڵ ئەو کارەبکات کەداوای لێدەکرێت، منداڵ هەروەک پێویستی بە بەزەییو بە خۆشەویستیی هەیە بەهەمانشێوە پێویستی بە جیددیەت و توندوتۆڵ و رێکوپێک کردن هەیە.



# ٥

## هەڵەی پێنجەم



# ڕەچاونەکردنی دیسپلینەکانی

## سزای جەستەیی



وام بەباش زانی دوا بەدوای باسکردنی شێوازی رابردوو کە ئەویش نەبوونی توندوتۆڵیو رێکوپێکی بوو، باسی ئەم شێوازە بکەم تا جۆرێك لە هاوسەنگیی دروست ببێت، چونکە دەزانم زۆرێك لە دایبابەکان لە کاتی لێدانی منداڵەکانیان و لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵەکاندا زیادەڕۆیی دەکەن و هیچ جۆرە دیسپلینێکیان بۆ سزادانی جەستەیی نیە، دایبابەکان لەلایەکەوە بەرانبەر



بە منداڵەکانیان کەمتەرخەم و خەمساردن، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵیاندا توندوتیژن و لە لێدانی منداڵەکاندا جۆرەها ئامێر بەکار دەهێنن هەر لە بەکارهێنانی دەستیانەوە تا بەکارهێنانی زۆر شتی فرێدان ئیتر ئەو شتە فرێدراوانە بۆیان پەرداخ یان پێڵاو یان قایشی پشت یان شتانیتر بن هەر ئازاردانێکی جەستەییە بۆیان.

مەسەلەکە ئەوەمان لێدەخوازێ رەچاوی دیسپلینەکانی سزادانی جەستەیی بکەین، لێرەدا وەبیرتان دێنمەوە کە پێغەمبەری خواﷺ ئاماژەیداوە بە سزادانی منداڵی تەمەن دەساڵی، ئەم تەمەنەش تەمەنی بەرەو باڵغ بوونە...واتە تەمەنی گەیشتنی منداڵ بە تەمەنی لێپرسینەوە، جائەگەر نوێژ کە بەنرخترین سەرمایەی دەستی مرۆڤە لە رۆژی قیامەتداو بە نەکردنی سزادانێکی جەستەیی بێ زیان بەدوایدا بێت بەوجۆرە بێت کە سزادانەکە تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەو هەستکردنی بەجۆرێ لە بە سوك سەیرکردنی ئەو کەسە بێت گوایا گەیشتوەتە قۆناغێك کە ئیتر مامەڵەکردنی باش لەگەڵیدا بێسودەو دەبێ بە سزادان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((لە حەوتساڵیدا منداڵەکان فێری نوێژکردن بکەن و لە دە ساڵیدا لەسەر ئەنجامدانی سزایان بدەن)) ترمذی گێراویەتەوە- ئەی بۆ شتەکانیتر کە لەچاو نوێژدا کەم بەهان دەبێ ئەو سزایە چۆن چۆنی بێت؟.

منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵەم وەبیردێتەوە کە دەهاتە لام و دەیوت من هەرگیز ناتوانم ئەوەم لە بیربچێ کاتێ کە من منداڵ بووم و هەڵەیەکم دەکرد، باوکیشم بانگی دەکردم و پێی دەوتم: کورە خۆشەویستەکەم وەرە لام، من بۆ شتێکی گرنگ تۆ بانگدەکەم، منیش لەبەر ئەو هەڵەیەی کە کردبووم هەستم بە ترس دەکرد لێی، پێی دەوتم لێم نزیکبەرەوەو مەترسە، ئەی خۆشەویستی دڵەکەم وەرە لام ، منیش هەربەوە کە لێی نزیکدەبوومەوە بە توندی شەقەزلەیەکی دەدا لە روومەتم.

هەمان شتیش لەو دایکە روودەدات کە بە منداڵەکەی دەڵێ خۆشەویستەکەم وەرە لام شتێکی گرنگم پێت هەیە ، جا هەرکات منداڵەکە لێی نزیکدەبووەوە دایکەکە ئەقوچکێکی توندی لێدەگرێ تا جەستەی سور هەڵدەگەڕێ.

هەندێجار هەندێك لە دایکان لە سزادانی جەستەییدا ئەوەندە زیادەڕۆیی دەکەن تا کارەکە دەگاتە ئەو ئاستە هەندێکیان منداڵەکانیان بە ئاگر داخ دەکەن.



**پرسیار لێرەدا ئەمەیە:**

**ئایا ئەو منداڵانە چییانکردووە تا ئەو توندوتیژیەیان لە گەڵدا بکرێ؟**

**وە ئایا سروشتییە منداڵ لە تەمەنی یەك ساڵەو یەك ساڵ و نیویدا لێی بدرێ؟**

### هەڵوێستێکی تایبەت بەخۆم!!

لێرەدا کاتێ باسی هەڵوێستێك دەکەم کە لەگەڵ خودی خۆمدا روویداوەو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، ئیتر ئێوە لێرەوە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی پێشەوە وەردەگرن...با ئەوە بزانرێ کە من جگە لە جارێك نەبێت ئیتر هەرگیز دەستم لەگەڵ منداڵەکانمدا کە چوار منداڵن بەکارنەهێناوە، لە ژیانمدا لێم نەداون، ئەو جارەش کاتێ بوو کە ئیسرای

ئاستی خوێندن لە کچەکەمدا کەوتمە هاندان و یارمەتیدانیو گەشەدان بە تواناکانی لە وێنەکێشان و ڕۆژنامەوانیدا تا گرفتەکەی تێپەڕاندو بووە قوتابییەکی سەرکەوتوو لە خوێندنیدا.

## پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی شێوازی لێدان لەگەڵ منداڵاندا:

دایکی وامەیە لەسەر ئەوە کە کوڕەکەی ئازاری براکەیی داوە ئەمیش دێت لە بەرانبەرەوە ئازاری دەداتەوە، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا لە پاش ڕوودانی هەڵەکە ئیتر ئەم دایکە بۆ هات و بەمجۆرە چووە ناو کێشەکەوە؟



وانە: چونکە ئەو دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە دووریان بخاتەوە لەیەك تا ئەم شەڕە دروست نەبێ، ئەو دەیتوانی بۆ ماوەی ڕۆژێك لە یەکیان دووربخاتەوە یان هەریەکەیان بۆ ماوەیەك بخاتە ژورێکی ترەوە، بە دڵنیایی لە دوای ئەو ماوەیە ئیتر لە جیاتی ئەوە بێن شەڕبکەن دەهاتن پێکەوە یارییان دەکرد. ئەو دایکانەش بەو هۆیەوە کە منداڵە گەورەکەی ئازاری خوشکە بچووکەکەیی داوە دێن ئازاری منداڵەکە دەدەن کە لە جیاتی ئەوە دەبوو بێت ئەم پرسیارە لە خۆی بکات: ئایا ئەم کوڕەم ئەمەی بۆ کرد؟ ئایا ئێرەیی بە خوشکەکەی دەبات؟ یان وا هەست دەکات کە دایکەکەی سۆزی نیە بۆی؟

هەندێ لە دایکانیش هەن بەردەوام لە کاتی خواردندا لە منداڵەکانیان دەدەن چونکە ڕازی نین لە شێوازی نانخواردنی منداڵەکانیان... من پێشتریش وتومە دەبا وازی لێبێنێ تا پشت بەخۆی ببەستێ، ئەو دایکە هەرئەوەی لەسەرە بێت یارمەتی بدات نەك توندوتیژ بێت لە گەڵیدا.

بەهەمانشێوە ئەو منداڵەش کە لە گەرماوو شوێنی تریشدا حەزی وایە یاریبکات بەئاو... دەبا دایکەکە لە گەرماوەکەدا کاتێکی بداتێ ئەو یارییەی بکات چونکە ئەو حەزی لە یارییە، ئایا ئەوە چ گرفتێکی تێدایە؟

هەروەها ئەو منداڵەی لە دەرەوەی ماڵ یاریدەکات و دواتر بە پۆشاکی پیس بووەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوەو دایکەکەش دەکەوێتە ئازاردانی، ئایا بۆ دەبێ لێدان نزیکترین شت بێت؟ ئەی بۆ ئەم دایکەی پێی نالێت مادامێ پارێزگاری پاکوخاوێنی پۆشاکەکەت ناکەیت ئیتر سبەینێ ناهێڵم بچیتە دەرەوە.



# بەسەرهاتی پەند ئامێز

چیرۆکێکی بچوکی تایبەت بە منداڵێك کە تەمەنی چوار ساڵان بوو باسدەکەم. ئەم منداڵە لە باڵکۆنی شوققەکەیان کە لەقاتی سەرزەویدا بوو لەگەڵ بوکەڵەکەی کە زۆری خۆشدەویست یاریدەکردو دایکیشی لە چێشتخانەکەدا خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو بۆی، لە ئان و ساتی یاریکردنەکەدا منداڵەکە پیاوێکی لەسەر شەقامەکەی بەردەمیان بینی کە وا مانگایەکی بازوو و سێ بزن و بەرخێك بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ، ئەم دیمەنە زۆر زۆر سەرنجی منداڵەکەی راکێشاو بەردەوام هەتا لەبەرچاوی ونبوون هەرسەیری دەکردن، منداڵەکە ویستی جارێکیتریش بیانبینێتەوە..

بە دەروونی خۆیی وت لە دەرگای تەلارەکەدا دەوەستم و سەیریان دەکەم، ئیتر منداڵەکە باڵکۆنەکەی جێهێشت و چوو پێڵاوو پۆشاکەکەی لەبەرکردو دەرگاکەی کردەوەو لە دەرگای تەلارەکە چووە دەرەوە، بەبێ ئەوە هەست بە خۆی بکات تا ماوەی کیلۆمەترێ کەوتە شوێن بڕکە ئاژەڵەکە ئینجا دوو کیلۆمەترو ئینجا سێ کیلۆمەتر ڕێگای بڕی تاوای لێهات لە گەڕەکەکەی خۆیانەوە بچێتە گەڕەکێکیتر، کە پیاوەکە بەخۆی و بڕکە ئاژەڵەکەیەوە لەوێ دانیشتبوو، منداڵەکەش وردە وردە ترسی لێنیشت چونکە.لە سەیرکردنەکەی بێزار بووبوو هاوکات هەستی بە برسێتی دەکرد، بە پیاوەکەی وت: من دایکمم دەوێ، پیاوی خاوەن بڕکە ئاژەڵەکەش وتی: دایکت لە کوێ دادەنیشێ؟ منداڵەکە وتی: لەگەڵ باوکم، پیاوەکە وتی: ئەی باوکت لە کوێیە؟ منداڵەکە وتی: لە ماڵەوەیە، پیاوەکە وتی: ئەی ماڵتان لە کوێیە؟ منداڵەکە وتی: نازانم، لێرەوە منداڵەکە ترسێکی زۆرتری لێنیشت و حەزی بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەکەیانی لەلا زیاترو زیاتر بوو...

لەم سەروبەندەدا دایکەکە بە سروشتی خۆی کەوتبووە هاوارو قیژاندن و منداڵەکەیی دەویست، بە پەلە بانگی باوکەکەیی کرد تا لە کارەکەی بێتەوە، باوك و مامەی منداڵەکە گەڕانەوە ماڵەوە تا سۆراخی منداڵەکە بکەن بەڵام بێسوود بوو، کاتێکی زۆر تێپەڕیو

منداڵ هەر دیارنەبوو، سبحان الله پیاوی خاوەن بڕکە ئاژەڵەکە کەسێکی زیرەک بووەو منداڵەکەی بە هەمان ڕێگاکەی خۆیدا گێڕاوەتەوە تا منداڵەکە گەیشتەوە ئەو شەقامەی کە ماڵەکەیانی لێ بوو، منداڵەکە بەرەو ئەو تەلارە ڕۆیشت کە ماڵەکەیانی تێدا بوو هاوکات هەستی بە ترسێکی زۆر دەکردو لە دڵەڕاوکەیەکی زۆردا بوو دەیویست بچێتە باوەشی دایکیەوە·

کاتێ دایکەکەی کوڕەکەیی بینی باوەشی پێداکردو کردییە باوەشی بەڵام مامی کوڕەکە بە توندی ڕایکێشاو لە باوەشی دایکەکەی دەریهێناو خستیە ژوورێکەوەو کەوتە لێدانی ئەوەندی لێدا تاسەری ئەو دارەی کە بە دەستیەوە بوو و پێی دەیدا لە کوڕەکە شکا، دواتر کوڕەکە دەیوت هەرگیز ئەو دارەم لەبیر ناچێت کە لە لێدانمدا شکاندیان وە دەیوت من هەوڵی ئەوەم دەدا بچمە ژێر سیستەمەکەوە تا لە لێدان و ئازاردانم ڕزگارم ببێ ، وە لە خۆمم دەپرسی: ئایا من چیمکردوە تا ئەو لێدانەم بکرێ؟

ئێمەش دەپرسین ئایا بە ڕاست باشترین چارەسەر لەم هەڵوێستەدا لێدان یان پیسواکردن و سوکایەتی پێکردنە یان وتووێژو مشتومڕکردنە کە ئایا ئەمەی بۆ کرد یان بێبەشکردنی ئەم منداڵەیە لە چوونە دەرەوەو لە چوونیەتی بۆ باخچەی ئاژەڵان کە زۆری خۆشدەوێو حەزدەکات سەردانی بکات، با ئەوەش بزانرێ ئەم هەڵەیەی کە ئەم منداڵە کردوویەتی یەکەم هەڵەی لەمجۆرەیەتی·

ئەوی ڕاستی بێت ئەم چیرۆکە زۆر ویژدانی هەژاندم و
لە ناخی دەروونمەوە ئازارو خەفەتی زۆری تووشکردم
چونکە وا دادەنێم ئەو منداڵە منم و دایکمم بیردەکەوێتەوە
کە هات بە پیریمەوەوخۆی دەدا بەسەرمدا تا لێم نەدەن
بەڵام سودی نەبوو و زۆربەی لێدانەکانی من بەرئەو کەوتن·
هەرگیزاو هەرگیز سۆزو بەزەیی ئەو دایکەمم لەو
هەڵوێستەدا لەبیر ناچێت·

# دیسپلینەکانی سزادانی جەستەیی بۆ منداڵ

هەر دەبێ سزادان دیسپلین بەخۆی هەبێت..

دەبێ لە کاتی سزادانیدا پابەند بین بەم دیسپلینانەی لای خوارەوە:

١- دەبێ سزادان کۆتا چارەسەر بێت کە پەنای بۆ ببرێ:

لێرەدا پێویستە لەبیرمان بێت کە رۆژێ دێ لەبەردەم پەروەردگارماندا رادەوەستین و پرسیارمان لێدەکرێ ئایا بۆچی سزای منداڵەکانمان داوە؟ ئەوکاتیش هیچ جۆرە پاساوێکمان نیە...

پەروەردەکردن بریتی نیە لە دابینکردنی خواردن و خواردنەوە و پۆشاک و چوونە دەرەوەو قوتابخانەو فەرماندان بەسەر منداڵدا ... بەڵکو پەروەردەکردن بریتیە لە راستکردنەوەو چاکترکردن و گۆڕانکاری لە رەفتاردا.

بۆیە دەبێ دایبابەکان بزانن کە سزادان کۆتا رێگاچارەیە بۆ پەروەردە ئەویش لە دوای تاقیکردنەوەی هەموو رێگاچارەکانیتر، باسەکە هەر ئەمەش نیە، بەڵکو ئەگەر بەکاریش هێنرا ئەوا دەبێ ئەو لێدانە کۆمەڵێ رێسای تایبەت بەخۆی هەبێ و رەچاوبکرێن و نەبەزێنرێن.

٢- پێویستە دایبابەکان لە کاتی هەڵچوونیاندا دووربکەونەوە لە سزادان: زۆر کەس هەن لەکارو فەرمانی دەرەوەی ماڵدا فشاریان دەکەوێتە سەرو سەغڵەت دەبن، لەم هەل و مەرجەدا باوک دەگەڕێتەوە نێوماڵ و قیرەقیری منداڵەکانی دەچێت بە گوێیدا کە خەریکی یاریکردنن و ماڵەکە شپرزەو شێواوە، سەرەتا دەکەوێتە دەنگەدەنگ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پاشتریش دەکەوێتە لێدانی منداڵەکانیو بەمجۆرە سەغڵەتیو تەنگ تاوییەکەی خۆی لە منداڵەکانیدا خاڵیدەکاتەوە.

لێرەوە بیری هەموو ئەمجۆرە کەسانە دەخەمەوە کە خوای گەورە لەسەر مسقاڵە زەڕەیەکیش لێپێچینەوەمان لەگەڵدا دەکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ۝ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ۝﴾ (الزلزلة: ٧ – ٨)

٣- پێویستە دایبابەکان بە هەمیشەیی یەك سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیاندا جێگیر نەکەن:

دایك و باوکانێك هەن هەموو سیاسەتێکیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەر لێدانە... هەمو شتێك لایان هەر ببێتە لێدان و لێدان و بەس ئەمەش بە ئاستێکی وەها کە یەکێ لە دایکان بە زنجیرێکی ئاسن منداڵەکەیی بەستوەتەوە تا لە کاتی لێدانیدا نەجوڵێتەوە.



لە مامەڵەکردنتان لەگەڵ منداڵەکان
یەکجۆر سیاسەت پیادەو جێگیر مەکەن.

لەوانەیە کەسێك پێم بڵێ ئەی خاتوو صەفیە لێدانی زوبەیری کوڕی عەوامی نەدەکردو توندوتیژو زبر نەبووە لە گەڵیدا کەچی بوو بەو پیاوە کە بوو چونکە لەسەر ئەو شێوازە پەروەردەکرا...

منیش دەڵێم راستیەکەی ئەوەیە کە صەفیە توندوتیژ نەبووە لەگەڵ کوڕەکەیدا بەڵ دایکێکی توندوتۆڵ و کار ڕێکخەر بووەو بەرنامەی پەروەردەیی هەبووەو کوڕەکەیی فێ مەردایەتیو پیاوەتی کردووەو فێری کردووە لە هەڵوێستەکاندا چیبکات، ئەو دایک بووە کە بە هۆشیاریەوە پەروەردەی زوبەیری کردووە.

٤- دەبێ لە سزاداندا ڕەچاوی پلەبەندی بکرێت لە کەم و سوکەوە بۆ زۆرو قورس:

وریابن نەکەن لەیەک کاتدا هەموو شێوازەکانی سزادان پێکەوە ئەنجامبدەن، واتە: منداڵەکە هەڵەیەک دەکات ئیتر لێرەوە لێدانی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێو لە خەرجی ڕۆژانەو لە بیبسیو شکۆلاتەو کۆمپیوتەرو تەلەفزیۆن و چوونە دەرەوە و... و.. بێبەش دەکرێ.

دەبێ سزادان بە ئاستی هەڵەکە بێت و بەس

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا﴾ (الشورى: ٤٠) وە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾ ( الانعام:١٦٤).

دەبێ لە شێوازی سزاداندا ڕەچاوی پلەبەندی بکەین لە سوکەوە بۆ قورس، کاتێکیش هەڵدەستم بە بێبەشکردنی منداڵ لە حەزو مافێکی ئەوا هەر بۆ ماوەیەکی کەم ئەوەی لەگەڵدا دەکەم بەجۆرێ کە گونجاوبێت لەگەڵ هەڵەیەکدا.

٥- کاتێ منداڵ بۆ یەکەمجار هەڵە دەکات بە هیچ جۆر نابێت لێی بدرێ بەڵکو بواری دەدەینێ تاخۆی داوای لێبوردن بکات:

نابێت لێدان لەگەڵ منداڵێکدا بەکاربهێنرێ کە تەمەنی لەخوار دە ساڵیەوەیە، بۆئەوەی منداڵ لە ترسدا پەروەردە نەبێت، چونکە ئەگەر لێیدرا ئەوا لەسەر ترس پەروەردە دەبێت و بێڕێزی تێدا دروست دەبێت چونکە دەبێ منداڵ لەسەر ڕێزگرتن و نەترسان پەروەردەبکرێ.

٧- گریمان بە پاساوێکی ئەقلگیریش لێیدرا ئەوا نابێت لە دەموچاو و سەری بدرێ، خوای گەورە ڕێزی مرۆڤی خستوەتە نێوچاوانیەوە بۆیە نابێت بە لێدانی دەموچاوی سوکایەتی پێبکرێ. هەروەها وریابن نەکەن لەسەری منداڵ بدەن چونکە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت، بۆ نموونە دوورنیە مۆخی سەری بشلەقێ، ئێمە مرۆڤ پەرودەکەین نەک ئاژەڵ.

٨- ئەگەر لێدانیش بەکارهێنرا ئەوا دەبێت لێدانێکی سوک بێت، با لێدانەکەش لە دەست و قاچدا بێت و بە دارێکی ئەستور نەبێت.

٩- وریابن هەرگیز نەکەن لەبەرچاوی کەسانیتردا لە منداڵ بدەن، با لەبەرچاوی خاڵوان و مامەکانیان لەبەردەم خوشك و براکانی خۆیدا یان لەبەردەم ئامۆزاو خاڵۆزاکانی یان لە سەرجادە لێدانی لەگەڵدا بەکار نەهێنرێ.

کاتێ پێشەوامان ئەبوبەکری سدیق لە کاتێك لە کاتەکاندا ویستی لێدانی کارگوزارەکەی بکات، پێغەمبەریش ﷺ لەدوایەوە بوو، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((لەخوابترسە))، ئەبوبکریش پێیوت: ئەی پێغەمبەری خوا تەربیەتی دەدەم، بەڵام پێغەمبەر هەر پێی فەرموو: (( لەخوابترسە) دەی ئێوەش لە پەروەردەکردنی منداڵەکانتاندا لەخوا بترسن.

دادپەروەریی لە سزادانندا:




پێویستە لە سزادانندا دادپەروەریی پیادەبکرێ.

جا بۆئەوەی دادپەروەریی لە سزاداندا جێبەجێ ببێت دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

یەکەم/ بەهیچ جۆرێ ڕاست نیە کاتێ باوك دووان لە منداڵەکان دەبینێ ناکۆکن و شەڕ دەکەن و لەیەك دەدەن باوکەکە بێت سزای منداڵە گەورەکە بدات و منداڵی بچووك فەرامۆش بکات بەو بیانووە گوایا منداڵە گەورەکە گەورەیەو تێگەیشتنی هەیە بەڵام بچووکەکە بچووکەو هیچ نازانێ. شێوازی ڕاست و دروست ئەوەیە سزای هەریەك لە هەڵەکار بدەیت، مەبەستیشم بە سزادان لێدان نیە بەڵکو سزادانە بەگشتی، دەبێ ئەو سزایەش جۆرێك لە دادپەروەریی تێدابێت و تەنها بەسەر یەکێکیاندا نەشکێتەوەو هەڵەکارانیتر لە سزاکە دەرباز ببن.

دووەم/ سزای منداڵێك نەدرێ کە بێتاوانە، بۆ نموونە باوك داوا لە منداڵەکانی دەکات کە تەلەفزیۆن نەکەنەوە بەڵام منداڵی گەورە دێت دەیکاتەوە، لەپاش ماوەیەکی کورت منداڵە بچووکەکە دێت و دەبینێ وا تەلەفزیۆنەکە کراوەتەوە ئەویش دادەنیشێو سەیری دەکات، باوکەکە دێتە ژوورەوەو دەبینێ وا تەلەفزیۆنەکە کراوەتەوە، لێرەدا لە هەردوو منداڵەکە دەدات ئەمە لەکاتێکدا کە منداڵە بچووکەکە بێتاوانەو هیچ هەڵەیەکی نەکردووە.

سێیەم/ لە دادپەروەریی سزادان ئەوەیە سزای منداڵەکە نەدرێ لەسەر هەڵەیەك کە لە حاڵەتی لەبیر چوون یان هەڵەی کتوپڕیو زۆرلێکردندا ئەنجامیداوە.

بۆ نموونە: کاتێ کەسێك دزییەك دەکات دێن لێی دەپرسن تا لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان لە باری دەروونی ئاگاداربین کە پاڵی پێوەناوە ئەو دزییە بکات، ئەوە بوو جارێکیان کەسێك لەبەرئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتیەوە هەڵەیەکی کرد، حاڵەتە تایبەتیەکەشی ئەوەبوو کەلای پیاوێك ئیشی دەکرد ئەویش بەڕادەیەکی کەم نەبێت کە پێداویستی ئەوی پڕ نەدەکردەوەو خواردن و خواردنەوەی نەدەدایە کاتێ پێشەوا عومەر بە حاڵەکەیی زانی لێیخۆش بوو و سزای نەدا بە هەمانشێوە پێشەوا عومەر لە ساڵی

برسێتی دا کە بە هۆی لاوازیی باری ئابووری خەڵکەوە دروستبوو بوو سزای دزیکردنی
هەڵگرت و لەو ساڵەدا سزای کەسی نەدا.

بەم پێیە دەبێ لە منداڵەکە تێبگەین کە لەوانەیە حاڵەتی لەبیرچوونی هەبێ یان بەبێ ئەنقەست هەڵە بکات وەك کەوتنی پەرداخێك بەدەستیەوە، یان بێت شتێك ببات کە بۆ ماوەیەکی زۆر بێبەشکراوە لێی.



چوارەم/ لە دادپەروەرییە کە لەسەر هەڵەیەك سزای منداڵێك نەدرێ کە بوو بێتە مایەی ئازار بۆی.

بۆ نموونە: منداڵێك دەکەوێت و تەختی سەر زەوی دەبێو هەموو ئەو دەوریانەی کە هەڵیگرتوون دەشکێن لەم حاڵەتەدا نابێت سزای بدرێت چونکە هەر ئەو ئازارەی بەسە کە بەسەریدا هاتووە.

پێنجەم/ لە دادپەروەرییە کاتێ کە منداڵێك بە سروشتی خۆی جوڵەی زۆرە ئیتر لەسەر ئەو جوڵە زیادەیەی سزای نەدرێ.

منداڵانێك هەن کە زیاد لە پێویست جوڵەیان هەیە، لە راستیشدا هۆکاری زۆرو شێوازی زۆر لەبەردەستدان وا لە دایبابەکان بکەن کۆنترۆڵی جوڵەی ئەو جۆرە منداڵەیان بکەن.

**ئەو منداڵەی کە جوڵەی زۆرە منداڵێکی زیرەك و زرنگە ئەوەش لە ئێمە دەخوازێ کە شێوازی گونجاو بەکاربێنن بۆ بەگەڕخستنی ئەو لێهاتووییانەی کە هەیەتی.**

شەشەم/ لە دادپەروەرییە کاتێ منداڵ دووچاری گرفتێك دەبێ کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت ئیتر نابێ سزای بدرێ، بۆ نموونە وەك نزمی ئاستی خوێندن تیایدا بەهۆی گرفتێکەوە لە زیرەکی خوێندنە ئەکادیمیەکەی یان کێشەیەکی زەینی تیایدا چونکە ئەوە وابەستەیە بە توانایەوەو پێویستی بە ڕێگاچارەیتر هەیە نەك سزادن.

حەوتەم/ هەرکات منداڵ دانی نا بە هەڵەکەیدا ئیتر ڕەوانیە سزای بدرێ، بەلاّم ئەگەر منداڵەکە پۆزشی هێنایەوەو دواتر هەڵەی کردەوەو چەندجار لەسەر یەك پۆزشی هێنایەوەو هەڵەی کردەوە ئەوا دەبێت ئەم منداڵە جۆرێك لە جیددییەت لە سزادان لەگەڵیدا بەکاربهێنرێ ئەویس بە دیسپلینی خۆی.

لە کۆتاییشدا دەڵێم شێوازیتر هەن بۆ سزادان، دەکرێ شێوازی بێبەشکردن یان پاداشت و سزا لە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاردا زۆرترینی ئەو شێوازە بەردەستانەبن، **خوای** گەورەش بەهەشت و دۆزەخی داناوەو کردونیەتە ئامانج... پاداشت و سزا... چاکەو خراپە...هەر لەبەرئەوەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین بۆ بەهەشت.

ئێمە منداڵ وێکدەچوێنین بە ئەسپ یان بە حوشتر، ئەسپ لەو گیاندارانەیە کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێو ڕام دەبێ، پارچەیەك شەکر یان گێزەرێك ئەسپ والێدەکات بارێکی قورس بەدوای خۆیدا رابکێشێ چونکە دەیەوێ بگاتە ئەوشتەی کە دەیەوێت، لێرەوە ئەسپ نموونەیەکە بۆ ئەو منداڵەی کە دێت بەدەم پاداشتەوە... ئەو منداڵەی کە



دێت بەدەم هاندانەوە... سەرئەنجام ئەو منداڵەش بە ئاسانی ڕابەرایەتی دەکرێ. بەلاّم حوشتر ئەگەر لە بیاباندا چۆکی داداو نیشتە زەوی ئەوا خاوەنەکەی هەرچەندە لێیبدات یان ڕایکێشێ هەرگیز ناتوانێت هەڵیبسێنێت، بۆیە دەبینین کە خاوەنی حوشتر یان سەرکردەی زیرەك پارچەیەك خەڵوز دێنێت و دەیخاتە ژێر کلکیەوە ئیتر بە

درێژایی ئەو ڕێگایەی کە مەبەستە بیبڕێت چۆک دانادات مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە خاوەنەکەی بیەوێت دابەزێت لەسەری یا چۆکی پێ دابدات... لێرەوە دەڵێین حوشتر نموونەیەکە بۆ منداڵی قیرسیچمە کە هیچ سودی نیە لە گەڵیدا.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

نموونەی زۆر لەبەردەستدان کە لە دووتوێی پەروەردەیەکی هەڵەدا منداڵان دووچاری چەرمەسەریی زۆر بوونەتەوەو ئەگەر بیانبیستین هەست بە خەمباریەکی زۆر زۆر دەکەین، من دەزانم باوکانێك هەن کە لەبەرئەنجامی گریانی ئەو منداڵەیانەوە کە شەش مانگ لە تەمەنی تێنەپەڕاندوە بە ئاگادێن و خەویان لێدەزڕێ ئیتر دێن لەو منداڵە بچوکەیان دەدەن.

دایکانێکیش هەن ئازاری ئەو منداڵەیان دەدەن کە تەمەنی یەك ساڵەو ئەو تەمەنەش تەمەنی گاگۆڵکێی منداڵانە، کاتێ منداڵەکە گاگۆڵکێ دەکات و بەرەو ڕووناکی ملدەنێ دەبینین دایکەکە لە منداڵەکەی دەدات بەم کارەش منداڵەکە بێبەش دەکات لە ئازادی جوڵەکردن.

دایکانی تریش هەن لەو منداڵانەیان دەدەن کە تەمەنیان دووساڵە چونکە منداڵەکە دەستکاری ئەو شتە نەختینانە دەکات کە لە ماڵەکەدا دانراون، مەعلومە کە نابێ منداڵ ئەو شتە نەختینانە لە کریستاڵ بشکێنێ...بەڵام منداڵ لەو تەمەنەدا لە بەهای ئەو شتە نەختینەیە تێناگات و نازانێ کە لەبەردەمیدایە بۆیە دەبێ ئەم دایکە لەباتی ئەوە بێت لە منداڵەکەی بدات ئەو نەختینەیەی لێ دووربخاتەوە.

> **کەواتە ئەوەی لە پەروەرشکار دەخوازرێ ئەوەیە کە بەدوای شێوازێتری غەیری لێداندا بگەڕێ.**

## هۆشدارو وریابە!

نابێ لەسەر حاڵەتی میزکردنی لائیرادی منداڵ سزا بدرێ، یان ئەو منداڵەی کە دەترسێ بچێتە لای میوانەکان، یان ئەو منداڵەی کە دووچاری گرفتی خوێندن هاتووە، یان منداڵی تورەو منداڵی قیرسیچمە...ئەمانەو هیتریش کۆمەڵە گرفتێکن کە ڕووبەڕووی دایبابەکان دەبنەوەو پێویستە بە ڕێگاو شێوازێتر جگە لە لێدان چارەسەر بکرێ.



٦



## هەڵەی شەشەم



# ریسواکردن و سوکایەتی پێکردن



ئەو دایبابانەی کە زمانیان لە منداڵەکانیان دەپارێزن کەمن ، زۆرێکیان منداڵەکانیان بە ناوی گیانلەبەرانی ترەوە ناو دەبەن و قسەی ناشیرینیان پێدەڵێن.

رادەی ئەو ئەرێنیانەش کە لە بەرئەنجامی ریسواکردن و سوکایەتی پێکردن و جیاوازی خستن لە نێوان منداڵەکاندا هەیە هەر بە تەنها ناوێك یان سیفەتێکی ئەرێنی بدەیتە پاڵ منداڵەکە مەزەندە ناکرێ کە چەندە زۆرە، وەك وتنی: کوڕەکەم ماندووکەرە یان کوڕەکەم شەڕانگێزو خراپە یان کوڕەکەم جوڵەی زۆرە یان تەنانەت وتنی کوڕەکەم هێمن و لەسەرخۆیە.

## هۆیەکەی

لە راستیدا لە دووتوێی چیرۆکی ئەو دایکەدا کە هاتەلام و بەوپەڕی سادەیی‌و بێ زۆر لەخۆکردن کەوتە قسە کردن لەبارەی منداڵەکەیەوە ئیتر هۆی ئەم رەفتارە هەڵەیەتان بۆ دەردەکەوێ، ئەو دایکە ویستی وابوو ئەو توانایییەی کە تێیدایە خاڵیبکاتەوە بەبێ ئەوەی بهێڵێ کەسێك سەرزەنشتی بکات وە یان پێی بڵێ تۆ هەڵەیت،



ئەو دایکە پێیوتم: کوڕەکەم لە دایەنگایەو لە کۆششکردندا زۆر ماندووم دەکات و بە راشکاویش دەڵێم هەرکات سەعی لەگەڵدا بکەم وام لێدەکات تورەببم لێی‌و ئینجا پێی بڵێم: ئەی کەر ئەی بێ مێشك، بەتایبەتی کاتێك شتێکی بۆ راڤەدەکەم و بۆی ڕووندەکەمەوەو زۆر زۆرم پێدەچێ کەچی ئەو هەر تێناگات تا وام لێدەکات پێی بڵێم ئەگەر ئەمەم بە خوشکە بچووکەکەت بوتایەتەوە کە تەمەنی دوو ساڵانە ئەوا تێدەگەیشت لێم...

منیش لێرەدا دەمەوێت بۆ ساتێك هەڵوێستە بکەم، ئەو دایکە ویستویەتی لە کۆششکردندا یارمەتی منداڵەکەی بدات بەڵام دواجار ئەوەی ئەنجامدا کە لە هەستیدا بیچەسپێنێ کە کەسێکی بێنرخەو نە تێگەیشتنی هەیەو نە توانای وەرگرتنی تێدایە، تەنها ئەوەی لە هەستی منداڵەکەیدا چەسپاند کە کەسێکی ڤیرسیچمەیە.

هۆیەکەش تەنها نەبوونی ئارامگرتنە لە دایبابەکانەوە، ئەمەش بە تەنیشت
توڕەبوونێکی زیاتر لەسنوری خۆی.

## چارەسەر

ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە ڕێز لە منداڵەکانیان بگرن، دەبێ وا لە منداڵەکە بکەن متمانەی بەخۆی هەبێت و هەست بەبوونی خۆی بکات...دەبێت ڕێزیان هەبێت بۆی.

کاتێ باوکێك کوڕەکەی بە کۆمەڵە وەسفێکی خراپ وەسفدەکات ئیتر ئەو وەسفانە بەشێوەیەکی خراپ پەیوەست دەبن بە زەینی منداڵەکەوەو کاریگەریی خراپییان لەسەر ئایندەی دەبێت.

بۆیە دەبێت هەریەك لە دایبابەکان زمانیان کۆتا بکەن و وازبێنن لە فەرهەنگی قسەی ناشیرین بە منداڵەکانیان...وەك وتنی گوێدرێژ...تۆ تێناگەیت...تۆ بێ مێشکترین مرۆڤی کەمن لە ژیانمدا بینیومە... هەرگیز شانازی ناکەم کە تۆ کوڕی منی...وەك حەیوان هەڵسوکەوت مەکە...بیرۆکەکانت پڕوپوچ و بێبەهان...ڕای تۆ گرنگ نیە...هەر ئەوکارە بکە کە من پێت دەڵێم...گومانی تێدانیە ئەمجۆرە شێوازە کارەساتی گەورە بەسەر منداڵەکانماندا دێنن چونکە لە بیرو زەینی منداڵەکانماندا ئەوە جێگیر دەبێ کە شکستخواردوون و وەك گوێدرێژ وان.



ئەوەش بزانە ئەگەر تۆ بە کورەکەت بڵێیت ئەی گوێدرێژ ئەوا لەپاش دووساڵ ئەویش وەک گوێدرێژ دەزەڕێنی، کۆمەڵێ سیفەتی گوێدرێژ زاڵدەبن بەسەریدا چونکە ئەوە تۆیت کە قەناعەتت پێکردووە کە گوێدرێژو بێ مێشکە.

منداڵەکەت کاتێ ڕێز لەخۆی دەگرێت کە تۆ ڕێزت لێگرتبێ...هەتا تۆی باوک و دایک یەکەمینجار ڕێزی لێنەگریت ئەویش ڕێز لە خودی خۆیشی ناگرێ

دەبێ دایبابەکان بزانن کە منداڵەکانیان پێویستیان بە جۆرێك لە جۆرەکانی مامەڵەکردن بە شێوازێکی جیاواز و ڕێگایەکی جیاواز هەیە، نابێ دایبابەکان پەلەکاربن لە وتنی وشەی ناشیرین بە منداڵەکانیان، پوختەی چارەسەریش لە پراکتیزەکردنی ئەم فەرموودانەی خوای گەورەدان: ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا﴾( البقرة:٨٣)، ﴿مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ ١٨﴾ (ق:١٨)، ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ ٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ يَنزَغُ﴾ (الاسراء: ٥٣)، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١﴾ (الحجرات:١١)

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: **(جوێندان بە موسڵمان گوناهبارییەو کوشتارکردنی بێباوەڕییە)** متفق علیه.

هەروەها دەفەرموێ: **( خۆت لە ئاگری دۆزەخ بپارێزە با بەلەتە خورمایەکیش بێت ئەگەر ئەویشت دەستگیر نەبوو ئەوا بە گوتەیەکی جوان ئەوە بکە)**.

وە دەفەرموێ: **(باوەڕدار نە جوێن فرۆشە و نە نەفرەت لێکەرەو نە خراپەکارەو قسەی ناشیرین دەکات)** ترمذی گێڕاویەتەوە.

ئەبو دەردائیش دەڵێ: (نەفرەتکاران لە ڕۆژی قیامەتدا ناگیرێن بە تکاکار و شایەت).

عەبدوڵڵەی کوڕی عەمروی کوڕی عاص دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کەسێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردو وتی: کام موسڵمانە موسڵمانی چاکە؟ فەرمووی: ( ئەو موسڵمانەی کە موسڵمانان لە دەست و زمانی پارێزراو بن ). بوخاری گێڕاویەتەوە.

لە ڕاسپاردەیەکی پێغەمبەردا ﷺ بۆ مەعازی کوڕی جەبەل هاتووە کە دەفەرمووێ: (ئایا جگە لە بەرهەمی زمانی خۆیان دەبێ چیتر بێت، ئاوا خەڵکی لەسەر دەم و روومەتیان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە) ترمذی گێڕاویەتەوە.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

منداڵانێکی زۆر هەن کە لە تەمەنی دایەنگادا گرفتی فێربوونیان هەیە، بەداخەوە گرفتەکەیان لە بەرئەنجامی گرفتێکی زەینی دیاریکراوەوە نیە بەڵکو لە بەرئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی نادروستەوەیە کە مامۆستاکان یان قوتابخانە یان پەروەرشکارەکان دەیگرنەبەر.

دەبێ ئێمە لە دەروونی منداڵەکانمان تێبگەین و کەسایەتیو ئاستیان بەرزبکەینەوەو تێیان بگەیەنین کە ئەوانیش مرۆڤی ڕێزلێگیراون، کەسایەتی خۆیانیان هەیە، تەنانەت ئەگەر هەڵەش بکەن ئەوا ئەو کەسایەتیەیان هەر لەکەدار ناکرێ.

جا هەرکات ویستت سزای منداڵەکەت لەسەر هەڵەیەکی بدەیت ئەوا بێبەشی بکە لە چوونە دەرەوە یان لە تەلەفزیۆن یان لە کۆمپیوتەر یان لە دانیشتن لەگەڵ دایکیدا یان لە شکۆلاتەو بسکیت بەڵام نەکەی قسەی خراپ و ناشیرینی پێ بڵێیت...زمانت بە پاکی ڕابگرەو لە ڕەوشت و ئەدەب ئاستێکی بەرزی بدەرێ. کەواتە هێمنیو لەسەرخۆیی دوو

پرەنسیپی زەروورن...نەرم و نیانی لەنێو هەرکارێکدا بێ ئەوا قورس و سەنگینی دەکات، وە لە هەرکارێکیش داتمالّی و لاتبرد ئەوا سوك و عەیبداری دەكات.

دایکانێك هەن لەبەردەم منداڵەکانیاندا دەقیژێنن یان دەگرین...ئەم قیژاندنەش جۆرێك لە بەستنەوەی نەرێنی لای منداڵەکە دێنێتەڕوو، ئیتر بە درێژایی تەمەنی ئەو منداڵە کاریگەریی نەرێنی لەسەری دروست دەکات، لێرەوەش بە ئاستێکی گەورە گەشەی دەروونی ئەو منداڵە دەکوژێت.

وا چیرۆکی منداڵێکی سروشتی پاکتان بۆ دەگێڕمەوە کە لەگەڵ کۆمەڵێ منداڵی تردا هەڵبژێردران بۆ دیدارێکی تەلەفزیۆنی، بەرنامەکە پرسیار لێکردن بوو لەو شتانەی کە



لەلایەن دایکەکان و هەڵسوکەوتی مامۆستاکانەوە دەگیرێنەبەرو منداڵەکان نارەحەت و تەنگەتاو دەکەن...کچە بێژەری تەلەفزیۆنەکە بەو منداڵەی وت: چ شتێکی دایکتت پێناخۆشە؟ منداڵەکەش وتی: دایکم لێم دەداو بێبەشم دەکات لە خەرجیو لە کۆتایی هەفتەشدا نامباتە دەرەوە، دایکەکەش لە ئان و ساتی سەیرکردنی بەرنامەکەدا لە کوڕەکەیی پرسی: بۆ ئەوەت وت؟ منداڵەکەش پێیوت: دایکە خۆ من هەموو شتێکم نەوتوە، شتە خراپەکانم نەوتوە، دایکەکەش لێی پرسی: ئەوانە چین؟ منداڵەکەش وتی: قیژاندن...تۆ بەردەوام دەقیژێنی ە روومدا.

لەمەوە تێدەگەین کە قیڕاندن بەسەر منداڵدا لە لێدان سەختترو قورسترە.

کەواتە دەبێ ئەو دایکەی کە بە ڕووی منداڵەکەیدا دەقیرێنێ واز لەو کارەی بێنێو واز لە فەرهەنگی قسەی ناشیرین و فەرهەنگی ریسواکردن فەرهەنگی سوکایەتی پێکردن بهێنێ... دەی لەبەر رەزامەندی خوای گەورە زمانتان بپارێزن لە منداڵەکانتان.

٧



## هەڵەی حەوتەم



# جیاوازی

# لە نێوان منداڵەکاندا



ئەوی راست بێت جیاوازیکردن لە مامەڵە لە نێوان منداڵەکاندا زۆربەیجار کارەساتێکی گەورەیە، زۆرێك لە دایبابەکان منداڵێکی جیاکارو دیارو یەکێکیتری شکستخواردوویان هەیە، یان منداڵێکی هێمن و ئارام و یەکێکیتری خراپ و شەڕانگێز، یان منداڵێك کە لە پەروەردەکردنیدا دایکەکەی هەست بە ناڕەحەتی ناکات و یەکێکیتریشی هەیە کە زۆر ماندووی دەکات. گومانی تێدانیە ئەو منداڵەی کە دایبابەکان و هەمووان لەخۆی دەگرن و دڵیان رادەکێشێ ئەو منداڵەیە کە نابێتە مایەی گرفت دروستکردن...واتە منداڵی هێمن و لەسەرخۆ...منداڵی سەرکەوتوو...کە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات، لە هەمان کاتیشدا هەمووان دوور دەکەونەوە لە منداڵی دووەم کە وەك ئەوی یەکەم نیە بەڵکو هەندێجاریش توندوتیژن لەگەڵیداو خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن...

سەیر دەکەیت دایکەکان دەڵێن ئێمە لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ منداڵەکانماندا جیاوازی ناکەین، ئەگەر سۆز بە یەکێکیان بدەم ئەوا هەمان سۆز بەوانی تریش دەدەم و هەموو منداڵەکانم هەمان بایەخ پێدانیان دەدرێتێ... بەڵام ئێمە کاتێ یەکێ لە منداڵەکان دەبینین دەڵێ دایکم براکەمی لە من خۆشتر دەوێ یان کچێك دەبینین دەڵێ خوشکەکەم لە من زیاتر لە دایکمەوە نزیکە...

## هۆیەکەی

هۆی هەستکردنی منداڵان بەم هەستە نەرێنییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێ کە خوای گەورە منداڵی یەکەم بە دایبابەکان دەدات ئیتر زۆرجار لەلایەن هەموو ئەندامانی خێزانەکەوە دەبێتە جێگای زۆر گرنگی پێدان، سۆزێکی ئێجگار زۆر لە هەموانەوە دادەبارێ بەسەر ئەم منداڵەدا تا دەبێتە نازداری تایبەتی دایەگەورەو باوەگەورە، هەرکات ئەم منداڵە بیەوێت شتێك داوابکات ئەوا هەر لەوساتەدا دەستیدەکەوێ، ئەم منداڵە دەبێتە خۆشەویستی دایکیو تا تەمەنێکی گەورە لەگەڵ دایکیدا دەخەوێ.

ئەمە لە کاتێکدا کە شتێکی سروشتیە

منداڵ لەپاش تەمەنی شەش مانگیەوە جیابکرێتەوەو

جێگای خەوتنی تایبەت بەخۆی هەبێت..



هیچ پێویست ناکات لەپاش تەمەنی شەش مانگیەوە ئیتر منداڵ لەسەر جێگای خەوتنی دایبابەکەی بخەوێت، دایکانێکیش هەن هەر لە یەکەم دوو مانگەوە توانایان هەبە منداڵەکانیان جیابکەنەوەو دایکەکە شیر بە منداڵەکەی دەدات و پاشتر دەیخان سەرجێگای خۆی ئەم شێوازەش بەگشتی باشترین شێوازە.

بەڵام ئەو منداڵەی کە لە خەوتنیدا لە دایکی جیانابێتەوە ئەوا دواتر ئەو جیابوونەوەبە هەر بەشێوەیەکی ناسروشتی ڕوودەدات ئەویش وەها کە وادەی لە دایکبوونی منداڵی دووەم بەڕێوەیە، لەم حاڵەتەشدا منداڵەکە هەست بە جیاوازی خستنی دەکات چونکە بە زۆرەملێ بێبەشکرا لە جێگای خەوتن و لە باوەشی دایکی، لە هەمان کاتیشدا هەستدەکات کە برایەکی یان خوشکێکی جێگاکەیی گرتووە، ئەمە بە تەنیشت ئەوەوە ڕوودەدات کە منداڵی یەکەم دەچێتە دایەنگاو ئیتر هەست بەوە دەکات کە تادوێنێ نازدارو جێگای بایەخ پێدانی هەمووان بوو بەڵام ئەمڕۆ منداڵە تازە لە دایکبووەکە گرنگترەو نازدارترە، لێرەوە زۆرێ لە دایکان زیادە سۆزێك دەدەنە منداڵە گەورەکە تا ئەو بێبەش بوونەی کە لێی زەوتکراوە بۆی قەرەبوو بکاتەوە بەڵام بێسودە چونکە منداڵەکە هەر پێشتر هەستی بەو جیاوازییە کردووە.

# چارەسەر

دەبێ دایبابەکان هەر لە سەرەتاوەو لەگەڵ لە دایکبوونی منداڵی یەکەمیان نەکەن زیاد لە پێویست نازی بدەنێ، نابێ هەرچی داوابکات و هەرکات بیەوێ بیدرێتێ، بەڵکو دەبێ وای لێبکەن لەسەر جێگایەکی نوستنی جیا بخەوێت...دەبێ لەڕووی یاریکردن و لە پێبەخشیندا هاوسەنگیەک لەگەڵ منداڵەکەدا دروست بکرێت، ڕێگای ڕاست و دروست ئەوەیە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵیدا بچێتە دایەنگا چونکە ئەوە ساڵی بڕینەوەیەتی لە شیری دایك و لە پەیوەستبوونی پێیەوە، دەبێ بەر لە لەدایکبوونی منداڵی دووەم دایبابەکان منداڵی یەکەم ببەنە دەرەوەی ماڵ تا ئازاد بێت و تێکەڵ بەو کۆمەڵگایە ببێ کە لە دەوروبەریدایە، چونکە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵیدا واتە لە دوای بیست و چوار مانگ ئیتر شیاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تردا، ئەم منداڵە پێویستی بەوەیە چەندین ڕەفتاری دیاریکراو لەو کۆمەڵگا نوێیەوە وەربگرێ. هەروەها پێویستی بەوەیە فێرببێ چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات لە هەمان کاتیشدا لە کۆتایی ڕۆژدا بگەڕێتەوە بۆ باوەش و بۆلای سۆزی دایکەکەی.



کەواتە خواستەکە بریتیە لە بوونی هاوسەنگیو لەسەریشمانە خۆمان بۆ پرۆسەی پێشوازیکردن لە منداڵی دووەم ئامادە بکەین کە بۆ ماوەیەك لە حەوت مانگ یان هەشت مانگ درێژ ببێتەوە تابتوانین منداڵی دووەم بە شێوەیەك بچێنین کە منداڵی یەکەم هەست بە جیاوازی خستن نەکات و ئەم لە دایکبووە تازەیەش جێگای خۆیی

بدرێتیٚ...قورسترین شت لەسەر دەروونی منداڵی یەکەم هەستکردنیەتی بە جیاوازی خستن، چونکە دایبابەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا بە باشی راهاتوون لەسەر ئەوکارەو ئەوکات ئەزموونیان لادروستبووەو ئیتر مامەڵەیان لەگەڵ منداڵی دووەمیاندا باشتر دەبێت، بەو پێیە شارەزاییەکی باشتریان پەیداکردوە لێرەوە منداڵی دووەم هێمن و ئارامترە لەوەی لە منداڵی یەکەمیاندایە، ئەمەش مایەی سەرنجڕاکێشانەو دڵیان بەلای دووەمدا زیاترە، لێرەوە جیاوازی کردن لە مامەڵەکردندا دەست پێدەکات...دەی لە هەڵسوکەتتان لەگەڵ منداڵەکاندا وریاو ئاگاداربن نەبادا منداڵی یەکەم هەستبکات بە جیاوازی خستن.

ئێمەش لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەرو (سەلامی خوای لەسەربێت) براکانیدا پەندو ئامۆژگاری جوان وەردەگرین، کاتێك براکانی یوسف هەستیان بە جیاوازی خستن کرد، وا گومانیان برد یوسف لە هەموویان خۆشەویستترە لە ئەنجامیشدا ئەوەیان لادروست بوو کە بێن رزگاریان ببێت لێی، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَـٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَـٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ﴿١٠﴾﴾ (یوسف: ٨ — ١٠)،



هەموو ئامانجێك لەلایان بوو بە کوشتنی یوسف چونکە بووەتە کێبڕکێکاریان لە خۆشویستنی باوکیان بۆیان.

لێرەوە دەبینین کە ناکۆکیو شەڕ دەکەوێتە نێوان منداڵەکانەوە، کوڕی گەورە دەبینین گاز لە برا بچوکەکەی دەگرێ..پەنجەی دەکات بە چاوی خوشکەکەیدا..قیڕەقیڕو..شەڕکردن..بەردەوامەو هەموو رۆژێ شەڕکردنە..بەردەوام ناکۆکی و دووبەرەکییە.

ئەم حاڵەتە نەخوازراوانە ئەوەمان پێدەڵێن کە دەبێ لە دابەشکردنی لایەنی ماددیی‌و لایەنی مەعنەوییەوە وریابین و رەچاوی دادپەروەریی بکەین لە نێوان منداڵەکاندا، دایکانێك هەن دەڵێن: ئەم کورەم زۆر بەسۆزو بەڕەحمە لەگەڵمدا بۆیە جیای دەکەمەوە لە براکەی کە زبرو بێبەزەییە لە گەڵمدا، هەروەها دایکانێك هەن دەڵێن: ئەم کورەم وشك و رەق و ساردوسڕە بەڵام براکەی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە.

منیش بەو دایکانە دەڵێم: نابێت ئەم قسانە بکەن، دەبێ پابەندبن بە یەکسانی لە نێوان منداڵەکاندا، وا چیرۆکی ئەو پیاوەیان بۆ دەهێنمەوە کە هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺو پرسیاری ئەوەی لێکرد کە بڕێ لە موڵك و سامانەکەی بدات بە یەکێك لە منداڵەکانی، ئەوەبوو کە پێغەمبەرﷺ فەرمووی پێی: (**ئایا ئەم کارەت لەگەڵ هەموو منداڵەکانتدا کردووە؟ پیاوەکە وتی: خوا ئاگادارە کە نەخێر، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((لە خوابترسن و دادپەروەر بن لە نێوان منداڵەکانتاندا**)). موسلیم گێڕاویەتەوە

**راستیەکەی ئەوەیە کە دەبێ دادپەروەریی لە نێوان منداڵەکاندا پیادە بکرێ تەنانەت لە ماچکردن و لە ئامێزگرتنیشدا.. پێبەخشین خواستێکەو دەبێ ببێ‌و یەکسانیش زەرووریە بۆئەوەی کاتێ ئەم منداڵانە گەورە دەبن کێشەوگرفت لە نێوانیاندا دروست نەبێت.**

بەم مەبەستەش ئەو رووداوە دەگێڕمەوە کە پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ دانیشتبوو، کوڕێکی پیاوەکە هاتەلای باوکی ئەویش ماچیکردو لە باوەشیدا داینا، ئینجا کچێکی بچووکی ئەم پیاوە هات و نزیکبوویەوە لە باوکی ئەویش لە باوەشیدا داینیشاند بەڵام ماچینەکرد، پێغەمبەرﷺ کە ئەم حاڵەتەی بینی فەرمووی: (( دادپەروەر نەبوویت لە نێوانیاندا)).

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

جارێکیان دایکێك لەبارەی منداڵەکەیەوە کە تەمەنی چوار ساڵان بوو پرسیاری لێکردم، کە منداڵەکەی بە باشی کۆنترۆڵی میزەکەیی کردووە، بەڵام لە ناکاودا وای لێهاتووە کە بە هیچ کۆنترۆڵی میزەکەیی بۆ ناکرێ، وای لێهاتووە بە ڕۆژیشدا میز بە خۆیدا دەکات، ئایا ئەمە چۆن ڕوویدا لە کاتێکدا ئەم منداڵە لەو منداڵانەیە کە پێشتر لە مەسەلەی میزکردندا زۆر باش کۆنترۆڵی خۆیی کردووە! دایکەکە وتی: زۆر هەوڵمدا لەگەڵیداو هەموو ڕێگا چارەیەکم بەکارهێنا تا بگەڕێتەوە سەر حاڵەتە پێشوەکەی بەڵام بێسود بوو، ئێستە چارە چییە؟



من بە هەموو دایکان دەڵێم: ئەگەر منداڵەکەت پێشتر کۆنترۆڵی میزەکەیی کردووە پاشتر لە ناکاودا کێشەی میز بەخۆداکردنی بۆ دروستبوو بێت، ئەوا دەبێ تۆی دایك لە خۆت بپرسی بزانی چ شتێکی تازە لە ژیانی منداڵەکەتدا پەیدابووە؟ ئایا بۆ یەکەمجارە دەچێت بۆ قوتابخانە؟ یان لە قوتابخانەیەکەوە گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەیەکیتر؟ یان یەکێك لە کەسە نزیکەکانی خۆی لە دەستچووە؟ یان کەسێك هەیە دەقیڕێنێ بە ڕوویدا؟ یان خێزانەکە کێشەو گرفتی تێدایە وە یان لە دایکبوونێکی نوێ هاتوەتە گۆڕەپانەکە؟

لەو دایکەوە تێگەیشتم کە کێشەی میز بەخۆداکردنی منداڵەکەی لەوکاتەوە سەریهەڵداوە کە نزیکبووە لە وادەی لەدایکبوونی براکەی، منیش پێموت: کەوابوو ئەو منداڵەی تۆ پێویستی بەوەیە هەر پەیوەست بێت بە دایکیەوەو لێی جیانەبێتەوە، وە دەبێ مەسەلەی میز بەخۆداکردنی بە یەکجارەکی فەرامۆش بکەین، بەڵام ئەرکی

سەرشانمانە هەندێ فریاکەوتنی سەرەتایی لەگەڵ ئەو منداڵەدا بەکاربێنین، واتە: بەرلەوەی بچێتە سەرجێگای نوستن دەبێ بچێتە سەرئاو، وە بەر لە خەوتنی بە ماوەی دووکاتژمێر یان سێ کاتژمێر ئاو خواردنەوەو شلەمەنیەکانیتری بە تەواوی لێبگیرێتەوە، باشتر وایە زوو بخەوێنرێ تا دایکەکەی بتوانێت لە شەودا یەك دووجار بەئاگای بێنێتەوە.

هەروەها هەوڵبدەین ئەو خواردنەوانەی لێ قەدەغە بکەین کە ئاو لە جەستەدا دەهێڵنەوە وەك بیبسی یان مادده شەکریەکان یان کۆکاکۆلا، دەبێ دایك بە بەردەوامی مانی منداڵەکەی بدات و سەرقاڵیبکات و هەوڵبدات کەمتەرخەم نەبێت لە گرنگیدان پێی.

هەروەها پرسیارێکیترم لە دایکێکی ترەوە ئاڕاستە کرا، ئەو دایکە دەڵێ: منداڵەکەم دەستیکردووە بە تەتەڵە کردن لە زمانیداو گرفتی قسەکردنی هەیە بە تایبەتی کە پێشتر لەو رووەوە زمانپاراوو بێ گرفت بوو، پێشتر سورەتی (الاخلاص و الفلق و الناس) ی لەبەرکردوە، بەڵام لە تەمەنی دووساڵیەوە بە تەواوەتی گۆڕاوەو بە ئاسانی هەستدەکەیت کە زمانگیریی بۆ دروستبووە، ئێستەش کە تەمەنی چوار ساڵانە هەر ئەو گرفتەی ماوە، دەبێ هۆی چی بێت؟

پرسیارم لێکرد: ئایا ئەو کێشەیەی لەگەڵ چوونی بۆ دایەنگا دروستبووە؟ دایکەکە وتی: بەڵێ هەر لەگەڵ چووە دایەنگا ئیتر کێشەی بۆ دروستبوو، منیش سەرنجم رادەکێشاو وریام دەکردەوەو پێمدەوت زمانت راست بکەرەوە...هەمووی خەڵکی رووبان لەتۆیە تۆش هەوڵبدە بە شێوەیەکی راست گوفتار بکەیت، منیش بەو دایکەم وت: وریابە چونکە ئەم گرفتە لەبۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکەتدا پێویستی بە جۆرێك لە هێمنیو ئارامییە، دەبێ تۆ تێبگەیت کە ئەوە گرفتێکەو تێدەپەڕێ، چونکە ئەگەر تۆ بەردەوام پێدابگری لە منداڵەکەت کە زمانی ڕاستبکاتەوە ئەوا دڵنیابە کە هەرگیز ئەو گرفتە نێناپەڕێنێ و هەردەمێنێ.

کەواتە پەروەردە ئەوەمان لێ داوا دەکات کە زۆرترو زیاتر فێری ببین، وە پەی بەوە ببەین کە ریسواکردن و سوکایەتی پێکردن و جیاوازی خستن لە مامەڵەکردندا دەبێتە هۆی زۆرێك لە گرفتەکان...چونکە بڕوا بەخۆبوون شتێکی گرنگەو ئەرکی ئێمەشە هەر لە تەمەنی بچووکیی منداڵیەوە ئەو هەستە لە منداڵەکانماندا دروست بکەین.

## ٨



# هەڵەی هەشتەم



# نواندنی دوو هەڵوێستی دژ بەیەك لە پەروەردەکردنی منداڵدا



رۆژانە دەبینین کە هەر باوکێك دێت و قسە لەسەر رەوشت و بەهاکان و نموونە باڵاکان

هێمنیو ئارامیو ئەوەو ئەوە دەکات لە کاتێکدا کە خۆی دوورترین کەسە لەو

ەفتارانەوە، ئەم شێوازەش بریتیە لە دژیەکیو دوالیزمەیی لە بەهایەکەوە بۆ بەهایەکیتر

یان لە هەڵوێستێکی پەروەردەییەوە بۆ هەڵوێستێکیتر کە سەرئەنجام کاریگەری نەرێنیان

ەسەر بیرکردنەوەی منداڵ هەیە، چونکە جۆرێك لە تێکەڵ و پێکەڵیو پرژوبڵاوی لە

زریدا دروست دەکات، بۆ نموونە ئەو منداڵەی تەمەنی گەیشتبێتە ٥ یان ٦ ساڵی

ەبینین لەگەڵ باوك و دایکیدا بەدیار سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوەیەو شەوانە تا درەنگێ

ەمێنێتەوە، ئەمەش هەڵەیەکیترە کە ئەو منداڵە تا درەنگانێکی شەو دەمێنێتەوە..

بەڵام ئێستە قسە لەسەر ئەو حاڵەتە ناکەین بەڵکو باس لەو رەفتارە هەڵەیە دەکەین

ە دایبابەکان دەیکەن، کاتێك فیلمەکە پیشاندەدرێ دایکەکە بە منداڵەکەی دەڵێ: (

خۆشەویستەکەم هەستە بخەوە چونکە ئەم فیلمە تەنها بۆ گەورەکانە)، وە یان کاتێك

یمەنێکی ناشایستە پیشاندەدرێ دایکەکە داوا لە کورەکەی دەکات هەردوو چاوی

ینوقێنێ تا ئەو دیمەنە نەبینێت، چونکە ئەوە عەیبەیە ئەمەش لە کاتێکدایە کە باوك و

دایکەکە خۆیان چاویان ئەبڵەق بووە بەسەر سەیرکردنی ئەو دیمەنەدا کە کورەکەیانی لێ

ەدەغە دەکەن.



**ئایا ئەم منداڵە چۆن چۆنی بتوانێ جیاوازی بخاتە نێوان راست و هەڵەوە؟ بۆچی بێبەشکراوە لە شتێک کە دایبابەکە خۆیان ئەو شتە دەکەن؟**

# هۆیەکەی

هۆیەکە ئەوەیە کە گەورەکان وا هەستدەکەن گوایا ئەوان لە هەندێ رەفتارو هەڵسوکەوتدا جیاکراونەتەوە لە بچووکەکان، بەلام من بەو گەورانە دەڵێم: باش بزانن کە رەوشت و نموونەباڵاو بەهاکان شتانێکن هەرگیز بەش بەش ناکرێن، ئەگەر باوکێك رێگای بە خۆیدا دەنگ بەرزبکاتەوە ئەوا دەبێ رێگا بە منداڵەکەشی بدات ئەویش دەنگی بەرزبکاتەوە، ئەگەر رێگات بە خۆتدا تورەببیو هەڵبچی ئەوا نابێت لە منداڵەکەت داوابکەویت تورە نەبێ و هەڵنەچێت..ئەگەر وشەیەکی خراپ لە زارت هاتەدەرەوە ئەوا منداڵەکەشت رێگای پێدراوە هەمان وشە بەکاربهێنێ...باوکانێکی وەها هەن کە بەبێ هیچ پاساوێك دەنگیان بەرزدەکەنەوەو جوێندەدەن و دەدەن لە کەسانیتر، کەچی دایکەکە بە منداڵەکەی دەڵێ:



( ئەوە باوکتە دەبێ رێزی لێبگری) چۆن دەبێت داوا لە منداڵەکان بکەیت رێز لە باوکیان بگرن لە کاتێکدا خۆی هەڵەکارەو هەڵە دەکات؟ ئەی بۆچی جورئەت بەخۆمان نەدەین و بڵێین بابە لە فلانە شتدا هەڵەیکرد؟ بۆدەبێ ئەم باوکە نەیەت پۆزش بێنێتەوە لەسەر ئەو هەڵەیەی کردویەتی تا منداڵەکان سەرگەردان نەکات و.. نەزانن کامە راستەو کامە هەڵەیە؟ زۆرێك لە دایبابەکان هەن رەفتارو هەڵسوکەوتی وایان لێدەوەشێتەوە کە تەواو دوورە لە بەها پەروەردەییەکانەوە...

ئەو باوکەی کە دێتەوە بۆ ماڵ و دەبینێ وا منداڵەکانی بە دەنگێکی بەرز شەڕە قسەیانە ئەوا نابێت ئەمیش بێت وەك ئەوان دەنگی بەرزبکاتەوەو پێیان بڵێ من سەدجار داوام لێکردوون بە هێمنیو لەسەرخۆ قسە بکەن...بەڵکو دەبێ ئەم لە سەرەتاوە بە هێمنی قسە بکات تا منداڵەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ باوکیاندا بە گوێی بکەن و هەست بە دژیەکیو دوالیزمەیی نەکەن.

## چارەسەر

ئێمە پێویستمان بەوەیە بەرپرسێتی توڕەییو دەمارگرژیی خۆمان هەڵبگرین، وە بە شێوەیەکی هێمنانەو لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانماندا بکەین...

لە راستیدا دژیەکیو دوالیزمەیی لە بەهایەکەوە بۆ بەهایەکیتر یان لە هەڵوێستێکی پەروەردەییەوە بۆ هەڵوێستێکیتر مەسەلەیەکە لەوپەڕی قورسیدایە...دەبێ دایبابەکان خۆیان لە هەموو ئەو رەفتارانەدا کە دەیکەن پێشەنگ بن...کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتێکی بینی کە بە کوڕەکەیی دەوت وەرە هابتدەمێ. پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە دایکەکە کرد ئایا بەڕاست ئەو شتەی دەدەیتێ؟ دواتر بە دایکەکەی فەرموو: درۆ هەر بە درۆ دەنوسرێ، تەنانەت درۆی گاڵتەش هەر بە درۆی گاڵتە تۆمار دەکرێ.

ئەو گوتە ناودارو باوەیش کە لەلای زۆرێك لە دایکان هەیەو دەڵێ: (خۆشەویستەکەم درۆکردن حەرامە، هەرکەسیش درۆ بکات دەچێتە نێو ئاگری دۆزەخ) لێرەوە دایکەکە دەبینین کە داوا لە منداڵەکەی دەکات درۆ نەکات، بەڵام کاتی زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدات باوکەکە داوا لە کوڕەکەی دەکات وەڵامبداتەوە، جا کوڕەکەم ئەگەر فلانەکەس بوو ئەوا پێی بڵێ باوکم لەماڵەوە نیە، سبحان الله!...ئایا دەبێ ئەم منداڵەمان لە سایەی ئەم دژیەکیو دوالیزمەییەدا چۆن چۆنی پەروەردە ببێت؟!



**گومانی تێدانیە کە دژیەکیو دوالیزمەیی وا لە منداڵان دەکەن بڕواو متمانەیان بە دایبابەکانیان نەمێنێ، هاوکات بڕوایشیان بە ڕاوبۆچوون و شێوازی ئاڕاستەکردنیان نەمێنێ.**

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

- باوكانێك هەن كاتێ دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوەو خۆیان سەغڵەت و ناڕەحەت دەكەن و دەنگیان بەرز دەكەنەوە، بەڵام كاتێ زەنگی تەلیفۆنەكە لێدەدا باوكەكە بەوپەڕی هێمنیو ئارامیەوە وەڵامدەداتەوە وەك چەند ساتێ لەمەوبەر هیچ شتێك نەبووبێ كە سەغڵەتی كردبێت، دەڵێت: (السلام علیكم و رحمة الله و بركاته.. مەرحەبا سەرچاو ئەی برای خۆشەویستم..) لێرەدا منداڵە بچووكەكەی سەرنجی دەدات و سەری سوڕماوە كە ئەو چەند ساتێ لەمەوبەر چۆن چۆنی قسەی لەگەڵ ئێمەدا دەكرد ئێستەش چۆن چۆنی قسە لە گەڵ هاوەڵەكەیدا دەكات ؟

بە هەمانشێوە زۆرێك لە دایكان هەن بە درێژایی ڕۆژ دەقیڕێنن بەسەر منداڵەكانیاندا كەچی ئەگەر یەكێ لە هاوەڵەكانی سەردانی كرد یان تەنانەت بە تەلیفۆن قسەی لەگەڵدا كرد لە كتوپڕدا دەگۆڕدرێ بۆ كەسایەتیەكی تر...دەی ئەی دایبابەكان لە پەروەردەكردنی منداڵەكانتاندا لە خوابترسن.



- هەروەها ئەو منداڵە بچكۆلەیە كە تف لەم و لەو دەكات و ئەوانەی وان بە دەوریدا پێدەكەنن كەچی لە قۆناغێكیتر لە قۆناغەكاندا واتە لەپاش ئەوە ئەم منداڵە كەمێ گەورە دەبێت كاتێ تف دەكات باوكەكەی شەپەزللەیەك دەدات بە روومەتیدا، ئایا بۆ دەبێ لە هەڵوێستێكدا تەبابم لەگەڵ منداڵەكەم و لە هەڵوێستێكی تردا لەسەر ئەو رەفتارەی توندوتیژیی لەگەڵدا بەكاربهێنم؟

- هەڵوێستێکی پێکەنین ئامێز هەیە ئەویش منداڵێکی بچووکە کە تەمەنی دوو ساڵ یان سێ ساڵان بووە، حەمامی کردوەو دواتر بەپەلە لە حەمامەکە هاتوەتە دەرەوەو خاولیەکەی سەرپشتی کەوتوەتە خوارەوە ئەمیش بەرەو ژوورەکە ڕۆیشتووە کە هەموو ئەندامانی خێزان لەماڵدا بوون، هەرهەموویان دەستیان کردە پێکەنین منداڵەکەش پێکەنیو زۆر کراوەو دڵخۆش و بەختەوەر بوو، منداڵەکە بەمەش واگومانی برد هەرکات جەستەی رووت بێت ئیتر خەڵکی بەختەوەر دەبن و پێدەکەنن، بۆ ڕۆژی دوایی لە بالکۆنەکەدا لەسەر کورسیەک دانیشت و هەموو پۆشاکەکەیی لە بەرخۆی داماڵی کاتێکیش دایکەکەی ئەمەی بینی قیڕاندی بە ڕوویداو وتی ئەوە چیدەکەیت؟

پۆشاکەکەت لەبەربکە...منداڵەکەش ئەوەی نەزانی ئایا دوێنێ بۆ پێدەکەنین و ئەمڕۆش دەقیڕێنن بە سەریدا، منداڵەکە واگومانی برد ڕاستیەکەی ئەوەیە پۆشاکەکەی لەبەردا بێت و دەبێت بە ئەدەب بێت، لە پاش هەفتەیەک ئەو خێزانە چوون بۆ هاوینە هەوارو چوونە سەرقەراغی دەریاکە ئالەوێدا دایکەکە بە منداڵەکەیی وت پۆشاکەکەت لابەرە منداڵەکەش بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی دایکەکەیی کردو وتی پۆشاکەکەم داکەنم لەبەرم...یان پۆشاکەکەم لەبەر بکەم؟ کامیان بکەم؟

منداڵەکە نەیتوانی لەوانە تێبگات کە بە دەوریدان...کەواتە دەبێت وریابین و نەکەوینە دژیەکیو دوالیزمەیی چونکە وا لە منداڵان دەکات بکەونە هەوڵەوە لە کاتێکدا واش نازانن کە ئەو کارەیان شتێکی هەڵەیە، چونکە ئەم ڕەفتارە وا لە منداڵەکانمان دەکات ڕاڕاو شلەژاو بن...ئەمەش لەبەر ئەنجامی هەستکردنیانە بە ناڕاستگۆیی دایبابەکانیان.

هەربۆیە کاتێ ماڵی زۆرێک لەو کەسایەتیانە دەبینین کە پلەی پابەندبوون بە پارێزگاری لە داب و نەریت و ئایین تیایاندا زۆرە کەچی منداڵەکانیان دوور دەکەونەوە لەو پابەندبوونە چونکە پابەندبوون لەلای ئەوان پەیوەستکراوە بە وێنەی باوکەوە کە لە ڕەفتارو شێوازو ڕێگای پەروەردەو هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیدا کەسێکی دژیەکە.

زۆر کەس لە دەرەوەی ماڵ پۆشاکی جوان و ڕێکوپێك و سەرنجڕاکێش دەپۆشێو بە شێوازێکی ئەدەب ئامێز قسە دەکات، بەڵام لەناو ماڵەکەیدا دەبینرێن کە هەر پۆشاکێکیان بەردەست بکەوێت دەیپۆشن و گوێنادەن و هەڵسوکەوتی خراپیان لێدەوەشێتەوەو بە دەنگی بەرز قسە دەکەن.

لە ڕاستیدا دواجار ئەم دژیەکییە لە دەروونی منداڵەکانماندا وابەستە دەبێت بە پەروەردەی ئایینەوە ، چونکە توڕەیی‌و دەمارگرژیی‌و جوێندان و ستەمکردن و ڕێزلێنەگرتن هەرهەموویان کۆمەڵە کارێکی نەرێنین کە وا لە منداڵ دەکەن نەتوانێت ئایینی ئیسلام وەك چەمك جیابکاتەوە لە ڕەفتاری دایبابەکەی وەك مرۆڤ، هەر بۆیە پەیامبەر ﷺ دەفەرموێ: (من بۆ ئەوە ڕەوانە کراوم تا ڕەوشتە باڵاکان تەواوتر بکەم). بوخاری گێڕاویەتەوە.

لە فەرموودەیەکی قودسیشدا کە ئیبن عەبباس گێڕاویەتەوە هاتووە: (من نوێژ لەو کەسە قبوڵ دەکەم کە لەبەر گەورەیی من بەخاکی‌و خۆ بەکەمزانییەوە ئەنجامیدەدات، ئەوکەسە خۆی بە گەورە نازانێ‌و خۆی ناسەپێنێ بەسەر دروستکراوەکانمدا، ئەوکەسە پێداناگرێ لەسەر سەرپێچیکردنم، لە زیکرکردنی مندا ڕۆژەکەی بەسەر بەسەر دەبات، بەزەیی بە نەدارو هەژارو بێوەژن و بەرکەوتەو پەککەوتەدا دێتەوە، من ئەم کەسە بە بەزەیی خۆم دادەپۆشم و بە فریشتەکانیشم دەیپارێزم، نموونەی ئەم کەسە لە نێو بەندەکانمدا وەك نموونەی فیردەوسی باڵایە لە بەهەشتدا).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَا أَذًى﴾ (البقرە:٢٦٣).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( هەر کەسێ گوتەی خراپ و ناڕەواو کارپێکردنی واز لێ نەهێنێ ئەوا خوای گەورە هیچ پێویستیەکی بە ڕۆژووی ئەو نیە کە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بێنێ). بوخاری گێڕاویەتەوە

بۆیە دەبێ ئەم چەمکانە لەماڵەکانماندا بوونیان هەبێت، هەر ئەوە بەس نیە کە تەرخان بکرێن لەسەر دەرەوەی ماڵەکان.

یەکێك لە زۆرترینی ئەو نموونانەی کە ویژدانم پێی هاتە لەرزە گوتەی ئەو منداڵە بوو کە تەمەنی دە ساڵ بوو، ئەم منداڵە دەڵێ باوکم پیاوێکی دیارەو بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکرێ، ئەو جێگای شانازی هەمووانەو هەمووی خەڵکی دەڵێن برایەکی چاك و نەجیبە...خۆش مەشرەبە ...بەسۆزە، بەڵام لەناو ماڵدا لە شێوازی قسەکردنیداو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دایکمدا کەسێکیترەو لە شێوازی ڕێنماییکردن و ڕەخنەگرتنیدا جیاوازە، کەسێکی زبرو ڕەقە، بەڕاستی من لێی تێناگەم ئایا ئەم باوکەم ئەو کەسەیە کە لە دەرەوەی ماڵ و لەبەردەم خەڵکیدا کەسێکی چاك و باشە ..یان ئەو باوکەیە کە ڕاستێتیەکەی لە نێو ماڵەوەدایە؟!

٩



## هەڵەی نۆیەم



# ڕێكنەكەوتن

# لەسەر یەك بەرنامەی



مەبەستم بوو دوا بەدوای هەڵەی پێشوو کە بریتی بوو لە دژیەکیو دوالیزمەیی ئەم شێوازە هەڵەیە بهێنم، چونکە ئەم شێوازە پەروەردەییە هەڵەیە لە شێوازە هەڵ پێشووەکەوە نزیکە کە جۆرێ لە دژیەکیو دوالیزمەیی لە نێوان دایبابەکاندا دروستدەکات، جاری وامەیە باوك شتێکی لە منداڵەکەی دەوێت دایکەکەشی لەولاوە شتێکی تری لێدەوێت کە پێچەوانەی خواستی باوکەکەیە، بەمجۆرە رێکنەکەوتنی دایبابەکان لەسەر یەك بەرنامەی پەروەردەیی گرفتی زۆر بۆ منداڵەکان دروستدەکات.

## هۆیەکەی



هۆی رێکنەکەوتنی دایبابەکان لەسەر یەك بەرنامەی پەروەردەیی دەگەرێتەوە بۆ دژایەتیو بەریەککەوتنی تێگەیشتن لە چەمکەکان لە نێوان باوك و دایکدا، دەبێ باوك و دایك دەرکی ئەوە بکەن کە ململانێو ناکۆکی لە نێوانیانداو لەبەردەم منداڵەکاندا کارەسات بۆ منداڵەکان دروستدەکات و جۆرێ لە ناجێگیریو نائارامی لەناخی دەروونی منداڵەکاندا پەیدا دەبێت، رێزنەگرتن لەلایەن یەکێکیانەوە بۆ رای ئەویتریان یان لە هەردووکیانەوە لە نەبوونی بڕواو متمانەوەیە لە راکاندا.

# چارەسەر

ئەم شێوازە هەڵەیە لە دایبابەکانەوە بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی کاریگەریی لەسەر دەروونی منداڵەکان هەیە، منداڵەکە والێدەکات سەری لێ بشێوێو نەزانێت کامەیان راستەو کامەیان هەڵەیە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ئەوە کە منداڵەکە لایەنداری یەکێکیان بکات و ئەویتریان فەرامۆش بکات، چونکە هەرجۆرە ناکۆکییەکی خێزانی کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی منداڵەکان هەیە...ئەرکی سەرشانی ئەو باوکەیە کە ناکۆکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئەو ناکۆکیە جیابکاتەوە لەوەی کە باوکێکەو ئەویش دایکە، دەبێ ئێوە لەگەڵ منداڵەکانتاندا پەروەرشکابن و هەر ناکۆکیەک لە راو بۆچووندا وەک دوو هاوسەر بەو مانایە نایەت کە لە راو بۆچووندا وەک دوو پەروەرشکار ناکۆک بن.

من بۆ خۆم رێز لەو باوکە دەگرم کە ئەگەر هاوسەرەکەی لەڕووی پەروەردەییەوە لە خۆی بەتواناتر بوو ئیتر رابەرایەتی پەروەردەی منداڵەکان بۆ ئەو بەجێبهێڵێ...لە هەمان کاتیشدا کاتێ دایکێك دەبینم کە دژە بە سیاسەتی پەروەردەیی باوکەکە هەست بەغەمباری دەکەم، بە هەمانشێوەش غەمبارو نارەحەتم کاتێ باسی جیابوونەوەو تەلاق لە نێوان دوو هاوسەردا دەوروژێنرێو هەریەکەشیان هەوڵی ئەوە دەدات منداڵەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ...

دایکێکم دێتەوە یاد کە بەگریانەوە سەردانی کردم و دەیوت مێردەکەم ئامۆژگاری منداڵەکان دەکات تا رقیان لەمن بێت و داوایان لێدەکات گوێ بۆ من نەگرن و بەگوێم نەکەن، ئەو دایکە دۆش دامابوو کە چۆن چۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو شێوازە پەروەردەییە هەڵەیەی مێردەکەیدا بکات...راستیەکەشی ئەوەیە کە ئەوە هەر پەروەردە نیە، پەروەردەکردن چۆن بەمشێوازە هەڵەیە دەکرێ؟

بۆیە دەبێت دایبابەکان جوان لەم کێشەیە تێبگەن، چونکە کێشەیەکە ئەوپەڕی ترسناکە، دەبێ بۆ مەسەلەی تەلاق و جیابوونەوە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا

بکەین، دەبێ بەرزبیینەوە بۆ ئاستی پارێزکاریو لە خواترسان، تەلاق کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە یەکێکە لەو چارەسەرانە کە خوای گەورە دایناوە بۆ هەمووی جیهان و بۆ موسڵمانان، ئەمەش لە حاڵەتێکدا پەنای بۆ دەبرێ کە رێگا چارەکان بگەنە بنبەست و ناکۆکیو دووبەرەکی لە نێوان دوو هاوسەردا ریشکی داکوتابێت، مانای تەلاق و جیابوونەوەش بەو مانایە نایەت هەریەکەیان منداڵەکە لەخۆی بگرێ یان مێشکی منداڵەکە پڕبکات لە بیرۆکەی هەڵەی وەک ئەوە کە بێت وێنەی لایەنەکەیتر لەلای بشێوێنێ یان هەوڵبدات لە پلەوپایەو کەسایەتی لایەنەکەیتر کەمبکاتەوە.

هەرگیز نەکەن رێگابدەن کێشمەکێشمی ناکۆکییە خێزانیەکان کاربکاتە سەر دەروونی منداڵەکان کە دەبێتە هۆی راڕاییو لەنگی لە کەسایەتی منداڵدا، هاوکات کۆمەڵێ عەیبەی رەفتارییو لادانی رەفتاریی لە منداڵدا دروست دەبێت وەک درێکردن و میز بەخۆدا کردن و ترس و بێمتمانەیی بەخودو دابەزینی ئاستی خوێندن و چەندین مەترسیتری جۆراوجۆر وەک دڵەڕاوکەو خەمۆکیو...و...هیتریش.



کەواتە پێویستە هەردوو هاوسەر رێکبکەون لەسەر یەک بەرنامەی پەروەردەیی روون و دروست.

هەرگیز نابێت باوکەکە بە پێچەوانەی دایکەکە هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکات وەک ئەوەی باوک بیەوێت شلگیر بێت و دایکەکەش بیەوێت توندوتۆڵ و رێکوپێک بن. باوک زۆر نەرم بێت بەڵام دایک زبر بێت. دایکەکە دەیەوێت سزایان بدات بەڵام باوکەکە زیادەڕۆیی دەکات لە ئاسانکردن و لێبوردەییدا، دیارە کە گۆڕینی رۆڵ لە باوکەوە بۆ دایک هەردەبێ بە هەمانشێوە بێت. کەواتە رێککەوتن مەرجی هێنانەکایەی پەروەردەیەکی راست و دروستە.

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

-دێتەوە یادم باوکێك هاتەلام و باسی ئەو کوڕەیی دەکرد کە تەمەنی نۆساڵ ڕنیر بوو، ئەم باوکە دەیوت دەستەلاتی بەسەر کوڕەکەیدا نەماوەو ئاستی خوێندنی دابەزیوەو گوێ بۆ قسەی دایکی ناگرێو بەردەوام توڕەیەو پەرچەکردارەکانی توندوتیژن، باوکەک هۆکاری هەموو ئەم ڕەفتارانەیی بەوە لێکدەدایەوە کە دایکەکە توندوتیژە لە گەڵ کوڕەکەیداو دەیەوێت بەردەوام کاری ڕاست و دروست بکات و بە هێمنی مامەڵەی لە گەڵدا ناکات و زۆرجاریش لەسەر جۆرە هەڵوێستێك سزای دەدات کە شایانی سزادان نین، بەڵام سیاسەتی پەروەردەیی باوکەکە لەگەڵ منداڵەکەیدا تەواو پێچەوانەی دایکەبەنی، باوکەکە دەیوت من بەهێمنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، بۆ دەبێ سزای بدەم؟ بۆ توندوتیژ بم لە گەڵیدا؟ هەرکاتیش بمەوێ سزای بدەم ئەوا خێرا پۆزشی بۆ دێنمەوەو داوای لێبوردنی لێدەکەم.

– ئەم دوو هاوسەرە بەرنامەیەکی پەروەردەیی ڕوون و دروستیان نیە، دایك توندوتۆڵ و قورسکارە، باوکیش کەمتەرخەم و شلگیرە، سەرئەنجام کوڕەکە مەیلی بەلای باوکەکەدا دەچێت و هاوکاتیش حەزی لەلای دایکەکەیی نیە و خۆشی ناوێت.

– ئاشکرایە کە دایك بە درێژایی ڕۆژ ئەرکی زۆری ماڵەکەی لەسەرشانە هاوکات دەبێ سەرپەرشتی منداڵەکانی بکات و بەردەوام ڕێنماییان بکات، لە کۆتایی ڕۆژیشدا مێردەکەی شەو دەگەڕێتەوە نێوماڵەکەو هەموو ئەو کارە دایکەکە کردوویەتی ئەم بە ڕەفتارە دژەکانی هەموو ڕەفتاری دایکەکە لەگەڵ منداڵەکانیدا دایدەڕوخێنێ…

کەواتە خواستەکە ئەوەیە کە دەبێ هەردوو هاوسەر ڕێکبکەون لەسەر یەك بەرنامەی پەروەردەیی ڕوون و ڕاست لە نێوانیانداو بەهیچ جۆریش نابێت ناکۆکیەکانی نێوانیان بخەنە بەردەم منداڵەکانیان و پێیان بزانن.

- ئەو منداڵەی کە تەمەنی دەگاتە شەش یان حەوت ساڵی‌و دەیەوێت لەسەر شەق
بەردەم تەلارەکەیان لەگەڵ هاوەڵەکانیدا یاریبکات، دەبینین دایکەکە دەڵێ شتی وان
نابێ یاریبکات، منداڵەکە بەخەمباری دێتەوە ماڵ، بەلاّم باوکەکە بە شتێکی سروش
دەزانێ بچێت لەگەڵ هاوەڵەکانیدا یاریبکات، ئیتر لەبەردەم منداڵەکەدا مشتومڕ دروس
لە نێوانیاندا دەبێت کە دواتر سەردەکێشێ بۆ شەڕوئاژاوە...ئایا بەڕاست ئەمە شێوازێک
دروستە یان هەڵەیەکی زەقە؟

ئەگەر دایکەکە بە منداڵەکەیی وت نەخێر، ئیتر دەبێت هاوسەرەکەی
لەناخیشیەوە رازی نەبێت لەسەر رای دایکەکە هەر رەزامەندی لەسە
نەخێرەکەی ئەو دەربڕێ ، بەلاّم هەردەبێ رێکەوتنێک لەنێوان دایبابەکەد
لەسەر یەک بەرنامەی پەروەردەیی هەبێت.

- هەروەها ئەو منداڵەی تەمەنی گەیشتوەتە سێ یان چوار ساڵی‌و برایەکی لە خۆی
بچوکتری هەیە ئەوا جۆرێك لە ئێرەیی تێدا دروست دەبێت و گەورەکەیان لە شێوازی
قسەکردندا لاسایی بچووکەکە دەکاتەوە، لێرەوە دایکەکە تێدەگات کە ئەم کوڕە
گەورەیەی لەڕووی دەروونیەوە پێویستی بە گرنگی پێدان هەیە بەلاّم باوکەکە ئەمەی
لاباش نیەو بە منداڵە گەورەکە دەڵێت کوڕەکەم بە شێوازی راست قسەبکە...تۆ
گەورەیت...نەکەی لاسایی برا بچووکەکەت بکەیتەوە...

بۆ دواجاریش دەڵێم هەردەبێت دایبابەکان لە نێوان خۆیاندا لەسەر بەرنامەیەکی
پەروەردەیی ڕاست و ڕوون رێکبکەون...منداڵانێکی زۆر هەن لەبەرئەنجامی ناکۆکی باوک
و دایکەو شەڕەقسەیان کە دەگاتە گوێی منداڵەکەیان ئیتر تووشی جۆرێك لە ترس
دەبێت، لەوانەشە هەندێجار ئەو منداڵە بەدەم دەنگی بەرزی باوکی‌و قیڕەی شەڕەقسەی
دایکیەوە لەخەو بەئاگابێتەوەو راچڵەکی‌و تۆقاندنی لادروست ببێت. لێرەوە دەڵێم دەبا
خێزان راوێژکارێکی پەروەردەییان هەبێت و ڕێنمایی بدات و خێزانەکە فێربکات و
بەشێوەیەك لە شێوەکان هۆشداریان بداتی‌و ئاگاداریان بکاتەوە. هاوکات سەرنجی

دەروونی منداڵەکە بدات و ئاگاداربێت لە پێکهاتەو هەڵچوون و کاردانەوە جۆراوجۆرەکانی.

دەبێ دایبابەکان ڕێزی منداڵەکانیان بگرن و ئاستی خۆیانیان بدەنێو ئەوەش بزانن کە ئەگەر هەندێجار پۆزشیان بۆ بێننەوەو داوای لێبوردنیان لێبکەن کاریگەری لەسەر کەسایەتی دایبابەکە نابێت و کەسایەتیان لەق نابێت...بەڵکو بەوکارەتان منداڵەکەتان فێری ئەوە دەکەن کە هەرکات هەڵەیکرد داوای لێبوردن بکات...بەم کارەشتان بەهای داوای لێبوردن کردن وەك ڕەوشتێك تیایاندا دەڕوێنن و فێریان دەکەن...

** ** **

## منداڵێك ئامۆژگاری ئەبوحەنیفە دەکات:

پێمخۆشە لێرەدا هەڵوێستێکی پێشەوامان (ئەبوحەنیفە)-ڕەزای خوای لێبێ- باسبکەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامۆژگاریەکی لە منداڵێکی بچووکەوە وەرگرت...ئەو منداڵە لەناو قوڕدا یاریدەکرد، ئەبوحەنیفە بە منداڵەکەی وت: وریابە نەچەقیتە نێو قوڕەکەو بکەویتە ناوی، منداڵەکەش بە گەورە پێشەوای وت: تۆ وریابە نەکەویت چونکە (کەوتنی زانایەك کەوتنی جیهانە)، دەروونی پێشەوا بەم گوتەیە کەوتە لەرزەو ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە هەرکات پرسیارێکی لێکرابێ کە فەتوای لەسەربدات بەرلەوە فەتواکە بدات بەیەك مانگی تەواو لەگەڵ قوتابیەکانیدا تاوتوێی دەکرد، چونکە گوتەی ئەو منداڵە کاریگەری لەسەری دروستکرد.

هەروەها کاتێك پێشەوامان عومەری کوڕی عەبدلعەزیز بوو بە جێنیشین و بە مەبەستی پیرۆزبابیکردن لە پایەی جێنیشینەکەی شاندی ناوچەکان دەهاتنە لای، نەریتو ڕەسمەکە وەهابوو کە لەهەر شاندێك کەسێك هەڵدەستاو قسەیدەکرد...لە یەکێك لە شاندەکاندا منداڵێکی بچووکی تەمەن هەشت ساڵە هەستاو قسەیکرد...ئینجا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە منداڵەکەی وت: ئایا قەومەکەت کەسێکیتری لەتۆ بەتەمەنتر نەدۆزیەوە بێت و قسەبکات؟

ـەکەش وتی:

پێشەوای باوەڕداران ئەگەر مەسەلەکە لە تەمەن گەورەییدا بێت ئەوا دەبوو
ـەتۆ گەورەتر لەم جێگایەی تۆدا بووایە...

پێشەوای باوەڕداران ئەی نازانی کە پیاو بە دوو بچووکەکەیەتی، بەزمان و
ـی! ئینجا پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: کوڕەکە دەی ئامۆژگاریم
ـیش هەر ئامۆژگاری دەکرد تا عومەری کردە گریان.

منداڵەکەش وتی:

ئەی پێشەوای باوەڕداران ئەگەر مەسەلەکە لە تەمەن گەورەییدا بێت ئەوا دەبوو کەسی لەتۆ گەورەتر لەم جێگایەی تۆدا بووایە...

ئەی پێشەوای باوەڕداران ئەی نازانی کە پیاو بە دوو بچووکەکەیەتی، بەزمان و بەدڵیەتی! ئینجا پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) وتی: کوڕەکە دەی ئامۆژگاریم بکە ئەویش هەر ئامۆژگاری دەکرد تا عومەری کردە گریان.

١٠



## هەڵەی دەیەم



# ڕوو گرژی

## دایك و باوك



ئەمەش هەڵەیەکی زۆر قورس و ناڕەحەتە کە زۆرێك لە دایبابەکان دەکەونە ناویەوە، دایبابانێك دەبینین کە بەردەوام و بە درێژایی رۆژ لە نێومالّدا رووگرژو مۆنن و پێکەنین ناکەوێتە سەرلێوانیان.

## هۆیەکەی

ئەبشارینەوە کە زۆرێك لە دایبابەکان هەن باوەڕیان وایە ئەگەر نیشانەو سیمای دەموچاویان بە گرژو مۆن نیشان بدەن ئەوا بەو کارەیان منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن...باوکەکە لێرەوە سیاسەتی مامەڵکردنی لەگەڵ منداڵەکەدا دیاریدەکات، لاناکاتەوە بەلای ئەو گۆڕانکاریانەدا کە بەسەر رەفتاری منداڵەکەیدا دێت، ئەم هەر لەسەر ئەو سیاسەتە چەوتەی خۆیەتیو گومانیشی تێدانیە کە رەفتارێکی نەرێنیو هەڵەیە...مەسەلەکەش ئەوەمان لێدەخوازێ کە پێداچوونەوە بەخۆماندا بکەین.

جۆرێك لە دایکانیش هەن کە ناتوانن پێبکەنن و زەردەخەنەیەك بکەن یا گاڵتەو گەپ لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، هی وایشیان هەیە تەنانەت توانای ئەوەشی نیە منداڵەکەی لەباوەش بگرێ...دایك هەندێجار لەگەڵ منداڵەکانیدا توندوتیژەو بە نەرمونیانی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات...باوکانیکیش هەن بە هەمانشێوەن و زۆرێکیان توانایان نیە یەك گوتەی چاك بە منداڵەکانیان بڵێن، وەك ئەوەی کە دەبێ پەروەردەکردن ئاوا توندوتۆڵ بێت.

**پرسیارەکەش ئەمەیە: ئایا دەبێ منداڵەکان چۆن چۆنی رەفتاری چاك و دروست لە خراپ و هەڵە جیابکەنەوە لە کاتێکدا کە پەرچەکردار لە دایبابەکەدا بووەتە شتێکی جێگیرو نەگۆڕ؟**

ئاشکرایە کە منداڵ ناتوانێت هەڵسوکەوتی چاك لە خراپ جیابکاتەوە، ئەگەر شتێکی راست و دروست یان شتێکی هەڵە بکات ئەوا دەموچاوی دایبابەکەی هەر چوونیەکە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

## چارەسەر

کاتێك منداڵ کارێکی راست و دروست ئەنجامدەدا ئیتر دەبێ باوك و دایکی هانیبدەن لەسەری، بەجۆرێ کە هەستی پێبکات تا منداڵەکە بەهای دادپەروەریی دەرکبکات و لەلای جێگیرببێ. دەبێ پەروەرشکار کەسێکی دادپەروەر بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ﴾ واتە: ئایا پاداشتی چاکە جگە لە چاکە چیترە.

واتە: ( پاداشتی چاکە هەر چاکەیە).

ئەگەر منداڵ هەوڵیدا رەفتاری خۆی بگۆڕێو بەرەو باشتری ببات بەڵام هیچ گۆڕانکاریەك لە مامەڵەکردنی دایبابەکەیدا بۆی بەدی‌نەکات و هیچ جۆرە پێزانینێك لەسەر ئەو هەوڵەی کە بۆ چاکترکردنی خۆیی دەدات بەدی نەکات ئیتر سارد دەبێتەوەو هەوڵی خۆچاکترکردن نادات.

منداڵانێکی زۆر هەن کە گرفتی زۆر زۆریان هەیە هۆیەکەش هەرئەوەیە دایبابەکانیان هەر بەیەك چاو سەیریان دەکەن واتە هەر لەدیوی بەشە خاڵیەکەی پەرداخەکەوە بۆیان دەڕوانن، زۆرێك لە باوکان هەن هەرگیز سەیری شتە باشەکانی منداڵەکانیان ناکەن، بەڵکو هەرداوای ئەوەیان لێدەکەن بەرەو پێشترو چاکتر بچن بێئەوەی ئاگاداربیکەن بە شتە باشەکانی تا منداڵەکە هەست بەبوونی خۆی بکات و خۆی بنرخێنێ، ئەو دایبابانە جە لە بینینی لایەنی تاریك و خاڵی رەش لەسەر لاپەڕەیەکی سپی گەورە ئیتر هیچیتر نابینن، سەرئەنجام ئەو دایبابانە بەردەوام مۆنن و بەردەوام هەست بە سەغڵەتی دەکەن و رەشبینن.

پیاوێك دەناسم بە بەردەوامی بە رەقی و بە زبری قسە لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات بە ئاستێکی وەها کە کوڕەکەی دەیوت من هەرچیبکەم باوکم هەر رازی نابێت و کارەکەم نانرخێنێ... کاتێکیش دایبابەکان کاری چاکی منداڵەکەیان نانرخێنن و پێنازانن ئیتر ساردوسڕیو زبریو رەقیو گرژی لە مامەڵەکردندا دێتەڕوو تا سەرئەنجام زۆرێك لە منداڵەکان باوك و دایکیانیان خۆشناوێت با ئەو باوك و دایکەش هەستن بە دابینکردنی هەمووشتێ بۆ منداڵەکەیان.



## بەسەرهاتی پەند ئامێز

دایکێکم بیردەکەوێتەوە کە کچێکی هەبوو ئاستی زیرەکیەکەی لەسەرووی مامناوەندەوە بوو، دایکەکەش دەیویست ئاستی زیرەکەکەی بگاتە ئاستێکی بالا بەلام کچەکە دووچاری قورسی خوێندنەکە هاتبوو، پرسیارم لە دایکەکە کردو وتم: چۆن چۆنی کۆششی پێدەکەیت؟ لە وەلامەکەیەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بە شێوازێکی توندو لێدان و زیری کۆششی پێدەکات و ئەوەشی دەوێت لێی بەردەوام بەرەو پێشترو چاکتر بچێت، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ جۆر پیاهەڵدان و پێزانینێکی بۆ ئەو هەوڵەی کە کچەکەی دەیدات نیە، ئەو دەیەوێت کچەکەی زەحمەت بکێشێو کۆشش بکات و بخوێنێ بەلام ئەوەی نەدەزانی کە هۆی دواکەوتنی ئەم کچە لەڕووی خوێندنەوە ئەو دایکە خۆیەتی.

نموونەیەکیتر کە ئەویش دایکێك بوو، کوڕەکەیی ناردبووە پەیمانگایەکی ئەزهەری و هەموو ئاوات و خواستەکانی ئەوەبوو کوڕەکەی قورئانی پیرۆز لەبەربکات، ئەو کاتیش تەمەنی هەشت ساڵان بوو، کوڕەکەشی توانای لەبەرکردنی نەبوو و گرفتی خوێندنی بۆ دروستبوو بوو، دایکەکە یەك تا دوو تا سێ قورئان لەبەرکاری بۆ دەهێنا قوتابخانەکەش بەو دایکەیان دەوت کوڕەکەت توانای لەبەرکردنی نیە چونکە لە تاقیکردنەوەکەی زیرەکیی ئەکادیمیدا تاقیکراوەتەوە، سەرئەنجام ئاستی منداڵەکە لەخوار مامناوەندەوە بوو... شتێکی سروشتییە نەتوانێت لەبەربکات، سروشتیشە گرفتی خوێندنی لە قوتابخانەدا بۆ دروست ببێت، جا وێڕای ئەوە کە ئەم دایکە هەموو ئەمانەی دەزانی بەلام هەر بەتوندی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردو لێی تووڕە دەبوو ئەو هەستەی تێدا دروست دەکرد کە کەسێکی بێ مێشکەو ئاواتەکانی ئەویشی لە گۆڕناوە.

**کەواتە ئێمە پێویستمان بەوەیە بە سیاسەتێکی فرەجۆر مامەڵە بکەین، ئەویش پێی گۆڕانی ڕەفتاری منداڵەکەمان، جائەگەر چاکی کرد پاداشتی بدرێتەوەو ئەگەر خراپیشی کرد ئەوا بە دیسپلینی گونجاو سزای بدرێ.**

## ١١



# هەڵەی یانزەیەم



# بەراوردکردن

# لە نێوان منداڵاندا



له راستیدا جیاوازیەکانی نێوان منداڵان هەر بەجیاوازی دەمێننەوەو هەر بەراوردکردنێکی نا دادپەروەرانەش لە نێوان منداڵاندا کارێکی ناپەسەندەو رەتدەکرێتەوە، چونکە ئەگەر ئەوەمان کرد ئەوا بەراورد لە نێوان توانا جیاوازەکان و لێهاتووییە جیاوازەکان و بایەخپێدانی جیاوازدا دەکەین...بەراورد لە نێوان چەند گروپێکی زیرەکیدا دەکەین، دەی وریابن نەکەن بەراورد لە نێوان منداڵاندا بکەن، چونکە ئەم بەراوردکردنەت بەو پاڵنەرە نیە کە تۆ بتەوێت منداڵەکەت هەڵبنێیت بۆ چاکترکردن و چاکتربوون بەڵکو بۆئەوە دەیکەیت تا هەستی رابکێشی کە کەمتەرخەمەو هەڵەیەو ئەو ئەرکەی لەسەرشانی بووە نەیکردووە.

## بەراوردکردن وزەو توانای منداڵ دادەبەزێنێ

وە لەبەرئەنجامی نەتوانایی ئەو منداڵەو لاوازیی کەسایەتیەکەی بەراورد بەوە کە منداڵە هاوەڵەکانی پێیانە ئیتر خەم و خەفەت لە ناخیدا دەڕوێن، زۆرێك لە دایکان دەڵێن: من بە مەبەستی هەڵنان و هاندان بەراوردکاری دەکەم...نەك بۆ پەکخستن، ئەمەش لەرووی واقیعی پراکتیکیەوە قسەیەکی ناڕاست و نادروستە.

### هۆیەکەی

هەندێجار رێکدەکەوێ کە دووبرای تەواو لەیەك جیاواز بوونیان هەبێت، یەکێکیان ئاستێکی بەرزی لە زیرەکی کۆمەڵایەتی هەیەو دەیبینین زۆر دەجوڵێو چالاکی هەیەو منداڵێکی شیرینەو جوڵەی سەرنجڕاکێشە، حەزی لە یاریکردنەو لە کۆمپیوتەردا زۆد سەرکەوتووە، بەڵام منداڵەکەیتر ئاستی زیرەکی ئەکادیمی بەرزەو لە خوێندندا سەرکەوتووە بەڵام لە یاریکردندا سەرکەوتوونیە چونکە خەمەکان و ویستەکانی بەرەو خوێندن و کۆششکردن ڕۆیشتوون.

لێرەوە دەبینین کە دایکان دەکەونە هەڵەیەکی پەروەردەییەوە کاتێك ئەم دایکە دێت بەراوردکردنێکی نادادپەروەرانە لە نێوان منداڵەکەی خۆی و منداڵانی تردا دەکات ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرە: ٢٨٦).

## چارەسەر

## منداڵان لە وزە و تواناکانیاندا فرەجۆرن



تەنانەت بابرای دایك و باوکیش بن هەرجیاوازن، منداڵێك دەبینین سەرکەوتووە، یەکێکیتریان دەبینین ئاستی لەو نزمترە، ئەم فرەجۆریە شتێکی خراپ نیە چونکە فرەجۆری شتێکی پێویستە، ئەرکی دایبابەکانیش ئەوەیە تواناو لێهاتوویی منداڵەکانیان بخەنەڕوو و زەقیان بکەنەوە...دەبێ دایکان شارەزابن لە حەزو ویستی منداڵەکانیان و ئەو حەزو لێهاتووییانە بۆ هەریەکەیان و بەپێی سروشتی منداڵەکە گەشە پێبدات.

پێویستە لەسەرمان تێڕوانینی منداڵەکەو خۆشویستنی بۆخودی خۆی نەشێوێنین و داوای شتێکی لێنەکەین لە سەرووی توانایەوە بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرە: ٢٨٦).



ئەگەر بەراورد کردنێکیش کرا ئەوا دەبێت بە شێوازێکی هێمن و ڕێنمایکردنێکی هێنمانە بێت بێ هیچ جۆرە هەڵچوون و سەغڵەتبوونێك، نابێت کارێك بکرێ کە منداڵەکە ڕقی لەو منداڵە بێتەوە کە بەراورد دەکرێت پێی..

پێویستە بۆ هەر بەراوردکردنێ شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکی کەسایەتیە هەڵکەوتووەکان و چیرۆکی هاوەڵان و زانایان بەکاربهێنرێ، هەرکاتیش ئەوەم کرد ئەوا دەبێ زۆر هێمن و لەسەرخۆبم و منداڵەکەشم هەر لە حاڵەتی هێمنیو لەسەرخۆییدا بێت، بە منداڵەکەم دەڵێم کوڕەکەم هیوادارم هەموو ئەو سیفەت و کەسایەتیانە لە خۆتدا بەرجەستە بکەیت...تۆئەوەی کە لەسەرت بوو جێبەجێت کرد، بەڵام من دەمەوێت بگەیتە پلەیەکی باشترو چاکتر...ئەی دایبابەکان دەی لە خوابترسن و ئاگاتان لە دەروونی منداڵەکانتان بێت، هەرگیزو بەهیچ جۆر هەوڵمەدەن بەراوردکاری لە نێوان منداڵاندا بکەن و دەبێت ڕەچاوی جیاوازی تاکەکان بکەن.

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

- ئەو دایکانەی کە لەپاش دەرکەوتنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بە منداڵەکانیان دەڵێن: ئادەی رۆڵەکەم بزانم لە نمرەکاندا پلەی چەندەمینت هێناوە؟ ئەی بۆچی یەکەم نەبوویت؟ بۆچی فلانەکەس یەکەمەو تۆ یەکەم نەبوویت؟



- دایکی واهەیە بە منداڵەکانی دەڵێت: بۆ نان ناخۆیت؟ فلانە منالّ وەك تۆ نیە ئەو دەخوات کەچی تۆ ناخۆیت...

دایکی واهەیە بە منداڵەکەی دەڵێ ئامۆزاکەت پۆشاکی جوانترو باشتر لە تۆ لەبەردەکات، تۆ هەمیشە ناتوانی شتێك بکەیت...شێوازیان لە تۆ جوانترە...چەندین قسەیتری لەمجۆرە بە منداڵەکەی دەڵێ، بەلآم ئەمشێوازە وا لە منداڵەکە دەکات بێزی لە خۆیو لە ژیانی خۆی بێتەوە، لێرەوە بێزار دەبێ لەوەی شتێك بکات وە بەخششێك بە شێوەیەکی ڕوون پێشکەش بکات.

١٢



# هەڵەی دوانزەیەم



# رەچاونەکردنی جیاوازیی

# مامەڵەکرن



ئەمشێوازە هەڵەیە زۆر لە هەڵەی پێشووەوە نزیکە، چونکە رەچاونەکردنی جیاوازی تاکەکان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا زیانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت لە مامەڵکردنمان لە نێوان مداڵەکاندا تێگەیشتنمان بۆ چەمکی دادپەروەریی هەبێت.

## هۆیەکەی



جیاوازی منداڵان لە سیفەتە بۆ جێماوەکانداو لە هی تریشدا دەبێتە هۆی جیاوازی لە رەفتارو لە خوویاندا، بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان کچێکی گەورەو کچێکی بچووکدا بەدی دەکەیت، هەروەها ئەو شێوازە کە لەگەڵ کورێکدا بەکاری دەهێنین ابێو ناگونجێ لەگەڵ کوڕی دووەم و چوکتردا بەکاری بهێنین، منداڵانی واهەن نها بە سەیرکردنێك ئیتر تێدەگەن و ئەوەی یان دەسپێردرێ جێبەجێی دەکەن، بەلام .ڵانی تریش هەن جگە لە زبری و دوتیژیی ئەویش بە ناچاری ئیتر هیچ کیتر سودی نیە لەگەڵیاندا ، هەروەها ڵی واهەیە بە سزادانی ئیتر گوێڕایەڵ ت بەلام منداڵی تریش هەیە کە تەنها بە ن و هەڵنانی گوێڕایەڵی دەکات.




دەبێ پەروەرشکار جۆری ئەو منداڵە بناسێ کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هارکات ڕەچاوی جیاوازی تاکەکان لە نێوان منداڵەکاندا بکات...ئەمە منداڵێکی هەستۆکە زوو بە زوو دێت بەدەم داواکەوە، بەڵام یەکێکیتر ساردوسڕەو هاتن بەدەمەوەی نیە، لێرەوە دەبێت لە مامەڵکردنمان لەگەڵ منداڵاندا ڕەچاوی جیاوازی بکرێ.

مەرج نیە ئەو شێوازەی کە گونجاوە لەگەڵ منداڵێکدا بەکاربهێنرێو دەرئەنجامی باشی دەبێت هەمان شێواز لەگەڵ منداڵێکی تردا گونجاو بێت، دەکرێ سزا گونجاو بێت بۆ منداڵێك بەڵام بۆ منداڵێکیتر گونجاو نەبێت و باش نەبێت، بە هەمانشێوە منداڵی وامەیە لە هەندێ کاتدا لادەداتەوە بەلای ئەوەدا لێدانی بکرێ، بەڵام منداڵیتر هەیە سزای لێدان لەگەڵیدا بە سوکایەتیکردن و ڕیسوایی دەزانێ، منداڵی وامەیە هەرچەندە دەنگ بەڕوویدا بەرز بکەیتەوە گوێی ناداتێو بێباکە، بەڵام منداڵی تریش هەیە هەر دەنگ بەرزکردنەوەیەك بەڕوویدا بە سوکایەتی پێکردن ناوزەد دەکات...

کەوابوو جیاوازیی تاکەکان لە نێوان منداڵاندا بوونی هەیەو هەردەمێنێ، بۆیە دەبێ پەروەرشکار ڕەچاوی جیاوازیەکان بکات چونکە ڕەچاونەکردنی ئەو جیاوازیانە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات بۆ منداڵەکە.



گوتەیەکی پێشەوامان موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان هەیە کە دەڵێ: (من لە هەر کوێیەکدا قامچیەکەم کاری خۆی بکات ئیتر بەسمەو پەنا بۆ شمشێرەکەم نابەم، وە هەرکات زمانم کاری خۆی کرد ئیتر پەنا بۆ قامچیەکەم نابەم)، واتە هەرکات مرۆڤ بە قسە هات بەدەمەوەو گوێڕایەڵ بوو ئیتر پێویست بە بەکارهێنانی شێوازی سزادان ناکات، جگە لەوە بەو واتایەش دێت کە هەرکات سزادانێکی دا ئەوا بە کەمترین فاکتەرەکانی سزادان سزاکە دەدات، ئەگەر نا ئەوا ئەوکات سزایەکی توندتر بەکاردەهێنێ.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

وتمان کە دەبێ لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵەکاندا رەچاوی جیاوازیی لەنێوان تاکەکاندا بکەین، بۆ نموونە:

- منداڵی هەستۆک بەردەوام بە میز بەخۆدا کردن و ترس و تەتەڵە کردن لە زماندا گوزارشت لە هەستۆکی خۆی دەکات، بۆیە دەبێ دایبابەکان ئاشنابن بە سروشتی منداڵەکانیان تا خۆیان بە دووربگرن لە دروستکردنی کێشە بۆ ئەو منداڵانە.

- ئەو دایکەش کە رەچاوی جیاوازییەکانی نێوان منداڵەکانی دەکات دەبینین کە بە هاوسەرەکەی دەڵێت وریابە فلانە منداڵمان منداڵێکی هێمن و هەستیارەو نابێ زبروتوندی لەگەڵدا بەکاربهێنێو لێی تووڕە ببی چونکە ئەم شێوازە بۆی بێسوودە بەڵام بۆ برا یان خوشکەکەی گونجاوە...دەی خوا پاداشتی ئەو دایکە بداتەوە کە ئاوڕی داوەتەوە لە جیاوازی نێوان منداڵەکانیداو شارەزا بووە کە چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ هەریەکێکیاندا بەجیا لەوی تریان بکات.

ئێمه پێویستمان بەوەیە شارەزا ببین بە
لایەنەکان جیاوازیی لە هەڵسوکەوت و رەفتاری
منداڵەکانماندا تالە دەستێکی ئەمینداببن،
دواجاریش منداڵانێکی دروست و بەتوانا بن
کە خەمی ئەم ئوممەتەیان هەڵبگرن.

١٣



## هەڵەی سیانزەیەم



پەسەند کردنی تەواوی

مەرجەکانی منداڵ

لەلایەن دایبابەکانەوە

# پەسەند کردنی
# مەرجەکانی منداڵ



دەبینین کە منداڵ لە قۆناغێکی دیاریکراودا مەرج لە باوك و دایکی دەگرێ، دەڵێ ئەگەر تۆ ئەوەم بۆ بکەیت منیش ئەوە دەکەم...ئەگەر بۆم نەکەیت منیش نایکەم...لێرەوە منداڵەکە مەرجەکانی خۆی بەسەر دایك و باوکیدا دەسەپێنێ، لە راستیدا ئەمشێوازە هەڵەیە زۆر مەترسیدارە، بۆ نموونە کاتێك دایکەکە بە منداڵەکەی دەڵێ هەستە ئازیزم با نان بخۆین، ئەویش پێی دەڵێ: نا دایە با یارییەکەم بکەم...منداڵەکە یاریەکەی دەکات و دواتر دایکەکەی پێی دەڵێ: بێ زەحمەت ئیتر یاریکردن بەسە، بەڵام منداڵەکەی پێی دەڵێ با کەمێکیتر یاری بکەم...یان دایکەکە دەڵێ: هەستە بخەوە...منداڵەکە دەڵێ تاچکلێتێکم نەدەیتێ ناخەوم...یان فلانەشت بپارێزە منداڵەکەش دەڵێ دەی تۆش شیرینیەکم بدەرێ...هەستە کۆششەکەت بکە...تا سەندەویچێکم نەدەیتێ نەخێر...کەواتە منداڵەکە لەبەرانبەر هەرشتێکەوە کە لێی داوادەکرێ ئەویش مەرجێك دادەنێو تا مەرجەکەی جێبەجێنەکرێ ئەویش بە گوێناکات و لێرەوەش هەموو شتێکی دەستدەکەوێ.

## هۆیەکەی

کاتێ کە منداڵ ئەو هەستەی لەلا دروستدەبێ ئیتر ژیان لەلای بریتیە لە وەرگرتن و دان، ئیتر لە مێشکیدا ئەو بیرۆکەیە دەچەسپێو ریشە دادەکوتێ کە لەبەرانبەر هەرشتێکەوە کە دەیکات شتێك وەربگرێ، لێرەوە دەست دەکات بە سەپاندنی مەرجەکانی خۆی، زۆرێك لە دایکانیش لەبەرئەنجامی فشاری منداڵەکانیان و نەتواناییان بۆ کۆنترۆڵکردنیان خێرا دێن بەدەم جێبەجێکردنی مەرجەکانی منداڵەکەوە، بە منداڵەکەی دەڵێ دەی یارییەکەت بکە، بە منداڵەکەی دەڵێ: ئەی بەرێزم مادەم، بەڵام ئەم دایکە تەواو بێئاگایە لەوەی کە کۆمەڵێ چەمکی ناڕاست و نادروست



له دەروونی منداڵەکەدا دەچەسپێن و هەرکاتیش دواتر دایکەکە داوای لەم منداڵەی کرد کۆششەکەی بدات ئەوا بەهیچ جۆر بە گوێیناکات و نایەت بەدەمیەوە

## چارەسەر

زۆر پێویستە ئێمە جیاکردنەوە بکەین لەنێوان هەر کارێکی زەرووری منداڵ و نێوان مەرجگرتن لەسەری، واتە ئەرکی منداڵەکەیە لە وانەکانیدا کۆشش بکات و لە بەرانبەریەوە مەرج دانەنێو هیچ شتێ لەسەر ئەو کارەی وەرنەگرێ، چونکە ئەرکی سەرشانی خۆیەتی...بۆ نانخواردنیش بە هەمانشێوەیە چونکە منداڵ بە سروشتی خۆی نان دەخوات و دەخەوێت، ئەمانەش شتانێکن کە هەردەبێ منداڵ بیانکات.

گرفتێك لەوەدا بەدیناکەین کە جارجاریش منداڵ هانبدرێ واتە ئەگەر هات بە جیدی کۆششیکرد ئەوا هانی دەدەین و ئەگەر زوو خەوت سوپاسی دەکەین، هەروەها هەر کارێکی ریزپەڕی چاکیتری کرد هەڵیدەنێین و زیاتر هانیدەدەین لەسەری.

ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە منداڵەکەیان هانبدەن بەڵام نەك بە سەپاندنی مەرجەکانی ئەو، چونکە پەسەندکردنی مەرجەکانی منداڵ لەلایەن دایبابەکانەوە کێشەیەکەو تەواو ترسناکە، دەبێ دایبابەکان بە تەواوی دووربن لێی، جا بۆنەوەی منداڵەکە هەستێ بە جێبەجێکردنی ئەو کارەی کە لێی داوا دەکرێ باش وایە دایکەکەی هانیبدات و ببێتە پاڵنەرێکی باش بۆی، بەڵام هەرگیز نابێت لەدوای ئەنجامدانی کارەکە ئیتر هانی بدرێ...با کۆششەکەی بکات و دوایی یارییەکەی بکات، با ژوورەکەی رێکبخات و دوایی بێت نانەکەی بخوات، ئەرکەکەی راپەڕێنێو پاشتر بچێتە دەرەوە...بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێ کارەکان هەڵوگێڕ بکەین و سەری لێ بشێوێ.

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

- دایکانێك هەن بە شێوازێکی زۆر نامۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن، بۆ نموونە کاتێ شیر دەخواتەوە یان نانخواردنەکەیی تەواوکرد ئیتر پارەیەکی پێدەدا یان دەیکاتە ئەرکی خۆی بیباتە دەرەوەو سەیرانێکی پێبکات، لە راستیدا ئەم دایکانە بەمشێوازەیان هەستی هەستکردنی منداڵ بە ئەرکی سەرشانیو پێویستی پابەندبوونی بە جێبەجێکردنیەوە لە دەروونی منداڵەکەیدا دەکوژێ.

-دایکانێکیتر هەن کاتێك منداڵەکەیان سورەتێکی قورئانی پیرۆز لەبەردەکات دێت زیاتر هانیدەدات و بەخششێکی دەداتێ چونکە پێشتر دایکەکە ئەو بەڵێنەی بە منداڵەکەی داوە کە هەرکات سورەتێکی لەبەرکرد پاداشتێکی بکات، ئەمەش هاندانێکی ئەرێنیەو باشە. دەگێڕنەوە کە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم فەرموودەی پیرۆزی لەبەرکردوەو هەرکات فەرموودەیەکی لەبەرکردبێ باوکی درهەمێکی پێداوە...واتە بۆ هەر فەرموودەیەك درهەمێکی وەرگرتووە.



با ئەوەش بزانین کە دایکانێك هەن رەخنە لەمجۆرە شێوازە دەگرن و دەڵێن ئەمجۆرە هاندانە دواتر منداڵەکان فێری مادده پەرستی دەکات، بەڵام من دەڵێم ئەمشێوازە بۆئەو منداڵانە کە تەمەنیان تا هەشت ساڵانە شیاوو گونجاوە، بەڵام لەپاش تەمەنی هەشت ساڵی دەبێ دایکەکە شێوازی هاندانەکەی بکاتە شتێکی نامادی واتە مەعنەوی بێت وەك ماچکردنی منداڵەکە یان گوتەیەکی باش بۆی یان تێڕوانینێکی سۆزدارانە یان گێڕانی ئاهەنگێکی جوان و خۆش بۆی ئەوەیش لەپاش لەبەرکردنی چەند سورەتێك. ئاهەنگێکی جوان کە هاوەڵانی منداڵەکەی تێدا ئامادەبێت، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی هاندان و

کاریگەریی گەورەی دەبێت، دەکرێ مامۆستایانی قورئان پێ لەبەرکاران دیاری زۆر جۆراوجۆریان بۆ هاندانی منداڵان لەلابێت کە قورئانی پیرۆز لەبەر دەکەن.

-دایکانێکیش هەن دەڵێن: هەتا پارەیەك یان فلانە شت یان فلانە شت نەدەم بە منداڵەکەم هیچ شتێك ناکات، ئێمەش بۆیە ئەمە دەکەین دەمانەوێت جڵەوی کارەکان لە دەستماندا بمێننەوە.



١٤



## هەڵەی چواردەیەم



# بەڵێن دانی بەردەوام

# بەمنداڵ



نابێت منداڵ لەسەر کارێ پاداشت بکرێ کە ئەرکی سەرشانیەتیو دەبێ ئەنجامی بدات، چونکە ئەمشێوازە دەیکاتە کەسێکی سوود پەرست و ماددیو ئیتر هیچ شتێك ناکات هەتا لە بەرانبەریەوە شتێك وەرنەگرێ، نەکەی منداڵەکە فێری بەرتیل وەرگرتن بکەیت ئەگەرنا هەموو رەفتارەکانی خراپ دەبن و بەرتیل دەکاتە هۆکارێکی فشارو هەرەشە لە باوك و دایکی تا ئەو بەرتیلەی بدەنێ.

## هۆیەکەی

هەندێجار منداڵێك دەبینین کە هەڵدەستێ بە هەندێ جوڵەی نامۆو سەیر وەك خۆهەڵگێڕانەوە یان بە شێوازێکی خراپ دەجوڵێتەوە، جۆرە وشەیەك لە زاری دێنە دەرەوەو فلآنە شت و فلآنە شت دەکات...لێرەدا دایبابەکان تێناگەن کە ئەم منداڵە بۆ بەمشێوەیە هەڵسوکەوت دەکات، دەبینین دایکەکە پێی دەڵێ: ( ئازیزەکەم وا مەکە دواتر فلآنە شتت دەدەمێ)..



**منداڵەکە لێرەدا هیچ مەرجێکی نیە بەڵکو ئەوە دایبابەکەیەتی تەماع دەخەنە پێش چاوی.**

## چارەسەر

بە هیچ جۆر نابێت منداڵ پاداشت بکرێ لەسەر ئەو کارەی کە ئەرکی سەرشانیەتی و دەبێ ئەنجامی بدات، چونکە ئەمشێوازە دەیکاتە منداڵێکی سودپەرست و ماددی... پاشتر هیچ کارێك ناکات هەتا لەبەرانبەریەوە شتێك وەك بەرتیل وەرنەگرێ...

دەبێت پاداشتکردن لە هەلۆێستە دیاریکراوەکاندا بێت تا کارەکان لەبەرچاویدا بەهاکەیان لە دەست نەدەن، پێشتر وتمان هەرکات ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم فەرموودەیەکی لەبەربکردایە لە پاداشتیدا یەك درهەمی لە باوکیەوە وەردەگرت.

نابێت دایك بەڵێن بە منداڵەکەی بدات کە شتێکی دەداتێ واتە هیچ پێویست ناکات بە منداڵەکەی بڵێ هەرکات فلانە کارت کرد فلانە شتت دەدەمێ.

ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا دایکانێك دەبینین کە دەکەونە ئەو هەڵەیەوە ئەویش زیادەڕۆیی کردنە لە بەڵێن پێدان بە شێوەیەکی گەورە.




لە راستیدا زیادەڕۆیی لە بەڵێن پێدان وا لە منداڵەکە دەکات بانقێك لە دارایی هەبێت و بانقێك لە نەستەلەو پسکیتی هەبێت، ئیتر هیچ پێویستی بەوە نیە فلانە کاربکات چونکە کۆگایەك شتی هەیە، کەواتە زیادەڕۆیی کردن لە بەڵێن پێدان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدا نەبێت ئیتر رەفتارێکی نادروستەو ناپەسەندەو زیانی گەورەی هەیە.

١٥



# هەڵەی پانزەیەم



# سزادانی منداڵ

# بەهەڕمەکی



دەبێ دووریکەوینەوە لەم هەڵەیە، ئەویش سزادانی منداڵە بە سەرپێییو هەڕەمەکی لەسەر رەفتارێکی باشی، لە سەرەتاوە دەڵێم پێویستە هەرکات منداڵ بە شێوازێکی باش هەڵسوکەوتێکی ئەنجامدا یان رەوشتێکی جوانی لێدەرکەوت یان کارێکی چاکیکرد ئیتر دەبێ باشەی بوترێو هانبدرێ لەسەری.



دایبابانی وا هەن لە ستایشکردنی منداڵەکانیاندا زیادەڕۆیی دەکەن بە تایبەتی لەگەڵ ئەو منداڵە نازدارەیاندا کە هەندێ سەرەڕۆیی هەیە لەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتردا، وەك ئەوەی ئەم منداڵە دێت لە باپیرەی دەدا...لەم حاڵەتەدا دەبینین ئەو کەسانەی وان بە دەوریدا لەباتی ئەوە بێن لەسەر ئەو کارەی لێی تورەبن و رێگریی لێبکەن دێن بەدەمیەوە پێدەکەنن کە دەبوو هەرگیز لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی ستایشی نەکەن.

## هۆیەکەی

لە راستیدا هۆی رووداني ئەم هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ دایبابەکان کە هەرجۆرە ستایشکردنێ بۆ منداڵەکانیان لەسەر رەفتارە باشەکانیان پشتگوێ دەخەن ئیتر بە هۆی سەرقاڵیانەوە بێت یان هەستیان وابێت ئەو رەفتارە باشانەی منداڵەکانیان دەیکەن شتێکی سروشتیەو هەر دەبێ منداڵان بە ئەدەب بن..

ئەو دایبابانە دەڵێن سروشتیە کە منداڵان شتی ڕاست و دروست ئەنجامبدەن، لە راستیدا دەڵێین ئەو دایبابانە بەو کارەیان سزایەکی هەڕەمەکی منداڵەکانیان لەسەر ئەو کارە باشەیان دەدەن، چونکە منداڵ کاتێ شتێکی باش دەکات و هیچ جۆرە ستایشێك لە دایبابەکەیەوە لەسەر ئەو کارەی بەدیناکات ئەوا ئەو فەرامۆشکردنە دەبێتە سزایەکی کتوپڕی سەرپێیی بۆ ئەو منداڵە...گومانی تێدانیە کە ستایشکردنی منداڵ شتێکی باشە

بەڵام زیادەڕۆییکردن تیایدا یان کەمکردنەوە لێی رەفتارێکی هەڵەیە بۆیە دەبێت هاوسەنگی تیایدا بپارێزرێ.

## چارەسەر

ئێمە داوا لە دایبابەکان دەکەین خۆیان بگۆڕن و بڕواننە بەشی پڕی پەرداخەکە نەك بەشە خاڵیەکەی، دەبێ بڕوانینە لایەنی چاکەو باش لە منداڵەکاندا نەك هەر سەیری خاڵ رەشەکان بکەین...

پێویستە منداڵان هانبدرێن، دەبێ دایبابەکان وەك پەروەرشکار مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن و بە شێوازێکی زۆر باش پەروەردەیان بکەن.

ئەو منداڵەی کە لەسەر هەموو هەڵسوکەوتێکی هەر ستایش دەکرێ ئەوا ئەوکارە رەفتارێکی هەڵەیە، چونکە ئێمە بەوە فوو دەکەینە باڵۆن، ئەم باڵۆنەش جێگیر نیە لەسەر زەوی بەڵکو باڵۆنێکە هیچ پایەیەکی لەسەر زەویدا نیە، لێرەوە بەو فوو پێداکردنە ئەم باڵۆنە بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو بەراست و چەپدا بەرزدەبێتەوە. ئەو منداڵەش کە بێ دیسپلین و بە زیادەڕۆیی ستایش دەکرێ ئەوا هەڵسوکەوتەکانی وەك ئەو باڵۆنە وایەو چاوەڕوان ناکرێ لە کوێ دەکەوێت، هاوکات ئەو منداڵە واگومان بەخۆی دەبات کە شتێکی گرنگ و بایەخدارە، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ جۆرە شتێکی نەکردوە نرخ و بەهایەکی ئەوتۆی هەبێت.

هەروەها ئەو منداڵە نازدارەی کە لەگەڵ کەسانی لە خۆی گەورەتردا هەندێ سەرەڕۆیی هەیە وەك ئەو منداڵەی کە لە گەورەکان دەدات...ئەوا بەهیچ جۆر نابێت دایبابەکەی لەسەر ئەو کردەوەیەی ستایشی بکەن.

کەواتە پەروەردەکردنی رەوشتیی ئەوە دەخوازێ کە ئەگەر منداڵ هەر رەوشتێکی جوانی نواند با ستایش بکرێ لەسەری، وە هەر کارێکی باشیکرد پاداشتبکرێ لەسەری.

بزنەوەی منداڵ بەردەوام ئەوە بزانێ کە هەرکات کارێکی چاکیکرد ئەوا هاندانێکی بەهێز لە بەرانبەریەوە بەدی دەکات.

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

- کچێکی بچووکی تەمەن حەوت ساڵانم وەبیر دێتەوە، کە دایکی داوای لێکردبوو دەورییەکانی سەر سفرەی خواردنەکە هەڵبگرێو بیانخاتە سەر چێشتخانەکە...بەڵام کچەکە ڕۆیشتووە ژوورەکەی خۆی پاککردوەتەوەو بە جوانی ڕێکوپێکی کردووە، پاشتر ڕۆیشتووە بۆلای دایکەکەیو پێیوتوە دایە وەرە ببینە وا ژوورەکەم ڕێکخستووە، کچەکە روو بە ژووری دایکەکەی ڕۆیشتووەو بینی وا دایکی لە ژوورەکەی هاتە دەرەوەو دەورییەکانی هەروەك خۆیان لەسەر سفرەکە بینی دانراون، دایکەکە وتی: ئەی من پێم نەوتیت ئەو دەورییانە بخەرەسەر چێشتخانەکە بۆ نەتکرد؟ تۆ هەمیشە هەرچیت پێدەڵێم لەبیرت دەچێتەوە. وەڵامی ئەم دایکە لەسەر ئەو کارە چاکە کە کچەکەی کردی سزادان بوو نەك پاداشت، چونکە ئەم کچە ویستی یارمەتی دایکەکەی بدات...بەڵام دایکەکە سەرزەنشتی کچەکەیی کرد چونکە کەمتەرخەم بووەو دەورییەکانی لەسەر سفرەکە جێهێشتوە، دوور نیە کە ئەم کاری دایکەش جۆرێ لە سەغڵەتی یان هەست نەکردن بە بەختەوەریی لە کچەکەدا لەسەر ئەو کارەی کە کردبووی دروستبکات.

- منداڵێکی تەمەنی چوار ساڵان بووە کە یاری بە شەشپاڵوو کردوەو بە شێوەیەکی وان ڕێکخستوون بە جۆرێ کە لە شێوەی خانوویەکدا دایناون، ئینجا بە خێرایی بکردوە بۆلای دایکیو پێیوتوە: دایە وەرە سەیری شێوەی ئەم شەشپاڵوویانە بکە، کەکەش پێیوتوە: بڕۆ یاری بۆ خۆت بکە...من سەرقاڵم لە چێشتخانەم کەی ەکەم تەواو کرد دێم سەیر دەکەم بزانم چیتکردووە.

م منداڵە شتێکی باشیکردووە بەڵام هیچ جۆرە گرنگی پێدانێکی لەو دایکەیەوە ی نەکردووە کە دەبوو وەك پەروەرشکارێ مامەڵەی بکردایەو بڕۆیشتایە بزانێ

منداڵەکەی چێکردوەو ئینجا ستایشی بکات و پێی بڵێ: (تۆ زۆر نایابی...زۆر باشت کردووه...بەڕاستی شتێکی جوانت دروستکردووه).

**وریابن**

**نەکەن سزای منداڵەکانتان بدەن لەسەر شتێکی باش کە دەیکەن، ئەویش بە پشتگوێخستنی ستایشکردنیان لەسەر ئەو کارە جوان و چاکەیەیان، وە پیاهەڵدان بکەری ئەو کارە چاکەیە.**

- کچێکی ترم وەبیر دێتەوە کە لە کۆی دە نمرە نۆ نمرەی بە دەستهێنابوو، ڕۆیشتووە بۆلای باوکی و پێیوتوە: باوە نمرەیەکی گەورەم بە دەستهێناوە، بەڵام کاتێ باوکەکە سەیری دەفتەری نمرەکانی کردووە پێیوتوە: بۆچی کۆتا پلەت نەهێناوە...لە ڕاستیدا کچەکەی چاوەڕێی هاندان بووە لە باوکەکەیەوەو چاوەڕێی کردووە باوکی بە نمرەکەی بەختەوەر بێت بەڵام ناء، لێرەوە باوکەکە بەو وەڵامەی سزای کچەکەیدا، بە وەڵامێك کە هەرگیز کچەکەی چاوەڕێی نەدەکرد.

کەوابوو پاداشت و ستایش و پیاهەڵدان و پشتگیریکردن لەلایەن دایبابەکانەوە بۆ منداڵەکانیان لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەن کە یارمەتی منداڵ دەدەن لەسەر فێربوونی ڕەفتاری ڕاست و دروست و چوونەپێش بەرەو فێر بوونێکی خودیو بەرزبوونەوەی کەسایەتی منداڵەکە.

**ئەی دایبابەکان ئاگاداربن و وریابن چونکە هەندێجار مامەڵەو هەڵسوکەوتتان لەگەڵ منداڵەکانتاندا بۆ ڕەفتارێکی باشیان کە کردوویانە شێوەی سزایەکی هەڕەمەکیو سەرپێیی وەردەگریو لەبیر ناچێت.**

## ١٦



# هەڵەی شانزەیەم



# نەچاندنی

# متمانە بەخۆبوون



پێشتر باسمکرد کە ئەبوحەنیفە لەدوای ئەوەوە کە منداڵەکە پێیوت: (داڕوخانی زانایەك داڕوخانی جیهانە)، ئیتر یەك مانگی تەواو بیری دەکردەوەو دەچوەوە بەو ئەنوایەی دا کە دەویست دەریبکات.

خەڵکی لە دێرین زەماندا منداڵەکانیان وەها پەروەردە دەکرد ڕێز لە بچووك بگرن، لێرەدا نموونەیەکمان هەیە کە ئەحمەدی کوڕی نضر لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە جارێکیان لە کۆڕێکی سوفیانی کوڕی عویەینەدا بووەو لە ناکاودا منداڵێکی بچووك هاتوەتە لای سۆفیان و ئامادەبووان لەسەر شێوەی ڕۆیشتن و جۆری پۆشاکی منداڵەکە داویانەتە قاقای پێکەنین، لەبەر بچووکی تەمەنەکەی بەهەندیان نەگرتوەو سوك سەیریان کردووە، سوفیانیش وتویەتی: (ئەی نضر پێشتر ئێمەش هەروەك ئەم منداڵە بووین و دواتر خوای گەورە نیعمەتی پێبەخشین، ئەی نضر ئەگەر منت ببینیایە کە تەمەنم هەشت ساڵان بوو و باڵام پێنج بمموست بوو و دەمووچاوم ئەوەندە شێواو بوو دەتوت نەخشەی دینارە، منیش وەك مۆمێکی ئاگر بووم پۆشاکەکەم بچووك و کورت بوو و پاشقەڵم درێژو نەعلەکانم وەك گوێی مشك وابوون. بەڵام بەسەر زانایانی شوێنە جۆراوجۆرەکاندا دەگەڕام و لە کۆڕی گەورە زانایانی وەك زوهری و عەمروی کوڕی دیناردا وەك بزمار لە نێوانیاندا دادەنیشتم، مەرەکەب دانەکەم وەك گوێزو قەڵەمەکەم وەك مۆزێك وابوو، هەرکات بچوومایەتە کۆڕەکەیان دەیانوت جێگا بۆ ئەو زانا بچووکە خۆشکەن با دابنیشێ)...دواتر ئیبن عویەینە زەردەخەنە گرتیو دایە پێکەنین چونکە ئەوەی بیرکەوتەوە کە پێشتر بەسەر خۆیدا هاتبوو.

دێتەوە یادم کە جارێکیان دایکێك هاتەلام و وتی کوڕەکەم عەیبەیەکی مەترسیداری تێدایە ئەویش ئەوەیە کە قسە بە گەورەکان دەبڕێو دچێتە نێو باس و خواستیانەوەو گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، منیش سەرم سوڕما لێی ئایا بۆ دەبێ بوارو رووبەرێك بە کوڕەکەی نەدات، بۆ دەبێ ڕێزی کوڕەکەی نەگرێو بڕوا بەخۆبوونی بۆ دروست نەکات؟، ئەی ئەگەر کوڕەکەم ڕێز لە خودی خۆی نەگرێ ئیتر دەبێ چ بەهایەکی هەبێت؟ ئەگەر متمانەی بەخۆی نەبێت دەبێ ئیتر چ نرخێکی هەبێ؟

ئێمە پێویستمان بەوەیە شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ منداڵەکانماندا بگۆڕین تا ئەو ئاستە کە منداڵەکە هەست بە رێزلێگرتن بکات ئەویش بە پەیداکردنی متمانە بە خۆکردن، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا سوێندی بە دەروون (خود) خواردووە چونکە نرخ و بەهایەکی گەورەی هەیە، دەفەرموێ:﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾ ( الشمس:٧).

ئایا بۆ دەبێ لە مامەڵە کردنمان لەگەڵ منداڵەکانماندا نرخ و بەهایەك بەو دەروونە نەدەین...ئێمە بە شێوەیەکی لەبەرچاوو بە چاوێکی کەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین.

ئەمەش شێوازێکی هەڵەیە،
پێویستە رێز لە منداڵەکانمان بگرین و متمانەیان پێبەخشین، تا بڕوایان بەخۆیان هەبێت تەنانەت لە کاتی هەڵە کردنێکیشیاندا هەر نەگۆڕین و شێوازمان راست و دروست بێت بۆیان.



کاتێك خوای گەورە ویستی گەنجانی غەزای ئوحود بدوێنێ پێی فەرموون:﴿وَلَا تَهِنُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٩)، لەسەر شکست خواردنەکەیان سەرزەنشتی نەکردن، بەڵکو ستایشیکردن بەو سیفەتە کە هەر ئەوانن بالآن و لە سەرەوەن و سەرکەوتوون، بە بەزەییو نەرمونیانی مامەڵەی لەگەڵدا کردن کە فەرمووی پێیان: ولاتهنوا ولا تحزنوا...

کەواتە بەزەییو نەرمونیانی لە مامەڵەکردندا خواستێکی زەروریەو چارەسەرێکە بۆ زۆرێك لە مەسەلەکانی مامەڵەکردنی مرۆڤایەتی... ئەوەش بزانە هەرکەسێ متمانەی بەخودی خۆی هەبێت ئەوا ناکەوێتە هەڵەوە، هەر ئەم متمانەیە بوو وای لە هیندی کچی

عونیە بکات کە بەسەر سوڕمانێکەوە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ بکات و بڵێ: ئایا ئافرەتی ئازادیش زینا دەکات؟ چۆن دەبێ؟

هیند لەوە سەری سوڕما ئەو کە ڕێز لە خودی خۆی دەگرێت ئیتر چۆن زینا دەکات، چونکە ئازادەو ڕێز لە خۆی دەگرێ و ئیتر ناکرێ هەڵە بکات...هیند بە چاوێکی ڕێز لە خۆگرتنێکی ڕاستەقینە سەیری خۆیی دەکرد، لێرەوە دەڵێم هەڵەکردنی منداڵەکانمان لە کەمی متمانە بەخۆبوونەوە سەرچاوە دەگرێ نەك لە بەد ڕەوشتیانەوە بێت، لە هەست نەکردنی بە خودی خۆیو بە کەسێتی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەربۆیە لەسەرمان پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان مامەڵە لەگەڵ دەروونی منداڵەکانمان بکەین، چونکە ئێمە بەرپرسین لە چاندنی متمانە بەخۆبوون لە دەروونی منداڵەکانماندا، ئەویش بە شێوازی جۆراوجۆری بێ ڕەخنەو بەبێ پابەندکردنی منداڵ بە ئەنجامدانی کارێ کە لەسەرووی توانای ئەوەوەیە وەیان بە بەراودکردنی بە منداڵانیتر، ئێمە جۆرێك لە جۆرەکان پێویستمان بە ڕاستکردنەوەی شێوازمان هەیە.

## هۆیەکەی

زۆرجار دایبابەکان وا دادەنێن کە منداڵەکانیان شایانی ئەوەن ڕەخنەیان لێبگیرێو ..رتیان پێبکرێ، ڕێزنەگرتن و چاندنی بێمتمانەیی لە ..ڕوونی منداڵەکانماندا لەو شێوازە هەڵانەن کە دەبێ وازیان ..بهێنین، چونکە دەبێت جۆرێك لە جۆرەکانی ..سوکەوتمان لەگەڵ منداڵدا بریتی بێت لە چاندنی متمانەو ..ی جۆرێك لە ڕێز لێگرتنی.



چارەسەر

کەواتە هەردەبێ هەروەك (سوفیانی کوڕی عویەینە) فێرمان دەکات رێز لە بچووکەکان بگرین.

لە راستیدا ئەو مندالانەی کە لەسەر رێزنەگرتنی خودی خۆیان پەروەردە دەکرێن و متمانەیان بەخۆیان لاوازە لە زۆر لایەنەوە دواکەوتوو دەردەچن، وەك کۆششکردن لە خوێندنداو مامەڵە مرۆییەکان و بڕیار دەرکردن و لە زۆرێکی تریش لە کاروبارەکان.

دەمەوێ ئەو ئاماژەیە بدەم کە پەروەردەکردن زانستێکە وەك زانستەکانی ئەندازیاریی‌و پزیشکی‌و یاسایی‌و زانستەکانی تریش، بۆیە دەبێ پەروەرشکاران لەم زانستەدا شارەزابن، چونکە پەروەردەکردن بنەماو ئامراز بەخۆیی هەیە، پەروەردە هەرئەوە نیە بە مندالەکەت بلێیت کوڕەکەم بێدەنگ بە...کچەکەم قسە مەکە.

لە کتێبە دێرینەکاندا ئەوەم بەدیکرد کە لە دێرزەماندا خەڵکی لەڕووی پەروەردەوە بیریان زۆر گەشە پێدراوو پەرەپێدراو بووە... بۆ نموونە لەبارەی کاریگەریی خراپی توندوتیژیی لە پەروەردەکردندا کە مەبەست پێی ریسواکردن و سوکایەتی پێکردنی مندال بێت، ئیبن خەلدون دەڵێ:

**( هەرکەسێ لە فێرخوازان و کاربەدەستان و کارگوزاران لەسەر توندوتیژیی‌و سەرکوتکردن پەروەردە کرا ئەوا ئەو توندوتیژیی‌و سەرکوتکردنە باڵدەکێشێ بەسەریداو دەروونی سەغڵەت دەبێ‌و چالاکی نامێنێت)**. واتە: دەروونی مندال بە توندوتیژیی سەغڵەت دەبێت و چالاکی نابێت، پاشان دەڵێ: **(ئەو حاڵەتەیش دەیبات بەرەو تەمبەڵی‌و فێری درۆکردن و خراپەکاریی دەبێت، ئەوکات بە پێچەوانەی قەناعەتی ناخی خۆی مامەڵە دەکات، هەمووی لە ترسی دەستدرێژ نەکردنە سەری‌و سەرکوت نەکردنی)**. واتە: بەمشێوازە مندال پەنا دەباتە بەر درۆکردن چونکە لە پەرچەکرداری دایبابەکەی دەترسێ.

مندالێکی تەمەن هەشت ساڵان بە نموونە دێنمەوە کە لە تیپی (باسکە)دا یاریکردووە، دواتر بە باوکی وتوە بابە توانیم هەشت گۆڵ بکەم...راستیەکەشی ئەوە بووە کە هیچ خاڵێکی بە دەست نەهێناوە، بەڵام لەوە ترساوە کە ئەگەر راستیەکەی پێبڵێ باوکی بە جۆرێکیتر مامەڵەی لەگەڵدا بکات. لێرەوە ئیبن خەلدون دەڵێ:

"بەمجۆرە پەروەرشکار منداڵەکە فێری فرت و فێڵ دەکات و سەرئەنجام لەلای دەبێتە خوو و رەوشتێک و هەرجۆرە مانایەکی مرۆیی تێیدا خراپ دەبێت، ئیتر لەرووی کۆمەڵایەتیو داهێنانەوە کە چەکی پارێزەرو بەرگریکارن لە خودی خۆیی و لە خانەوادەکەی لە دەست دەدات و دەبێتە بارێکی قورس بەسەر کەسانیترو فێری تەمبەڵی دەبێت و توانای بەدەستهێنانی کاری چاکەو رەوشتی جوانی نامێنێ"[١٠].



ئیبن خەلدون مەبەستی ئەوەیە کە منداڵەکە بە توندوتیژی و بە ترس فێری کۆمەڵێ رەفتاری خراپ دەبێت، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو پەروەرشکارەوەیە کە هەڵدەستێ بە پەروەردەکردنی منداڵەکە.

لە راستیدا ئیبن خەلدون خراپیی رەفتاری منداڵ دەگێڕێتەوە بۆ توندوتیژی لە پەروەردەکردندا، منیش بۆخۆم نازی زیاد لە سنور بۆ منداڵ دەخەمە پاڵ ئەو هۆکاری توندوتیژیە کە ئیبن خەلدون باسیدەکات،

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

-دایکێك هەوڵێکی زۆری لەگەڵ کوڕەکەیدا دەداو هانیدەدا تا فێری مەلەکردن ببێت، سەرئەنجام خستیە یەکێك لە یانەکانی فێربوونی مەلەوانی، لە هەفتەیەکدا سێ تا چوار ڕۆژ لەگەڵیدا دەچوو تا ڕاهێنان بکات، ئەو دایکە بە شێوەیەکی ناسروشتی وەها پابەندبوو بە ڕێکوپێکی کاتەکانی ڕاهێنانی کوڕەکەیەوە بە ئاستێ کە کوڕەکەی لەدوای نوێژی بەیانی ڕاهێنانی هەبوو، ئەویش زوو کوڕەکەیی لەخەو هەڵدەستان تا لە کاتی ڕاهێنانەکەدا ئامادە بێت، ئاواتی ئەو دایکە ئەوە بوو کوڕەکەی ببێتە پاڵەوانێکی مەلەوانی، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئەوە بوو کە ئەنجامی کوڕەکەی زۆر خراپ بوو، بە ئاستێ کە ئاستەکەی لە هەموو هاوەڵانی گروپەکەی کەمتر بوو، هۆیەکەش هەر ئەوە بوو کە ئەو دایکە بەردەوام بە زۆرەملێ پاڵی بە کوڕەکەیەوە دەنا تا فێری مەلە بێ ئیتر ئەوەی نەدەزانی کە ئەو کارەی نابێتە یارمەتیدەری کوڕەکەی و ئەنجامی پێچەوانە دەدات...کاتێ دایکەکە ئەنجامی کوڕەکەیی دەستکەوت چووە نێو ئۆتومبێلەکەیەوەو دایە پڵمەی گریانێکی بەکوڵ، بەردەوام بە کوڕەکەیی دەوت: تێناگەم من لە چیدا کەمتەرخەم بووم لەگەڵ تۆدا وا ئەنجامی تۆ بەمشێوەیە بوو؟ بۆ دەبێت تۆ بەردەوام من لە ئاواتەکانم نائومێد کەیت؟

پرسیارەکەش ئەمەیە:

ئایا ئەمشێوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا باشترین شێوازە؟ یان ئەرکی ئەوەبوو هانیبدات لەسەر ئەو هەوڵەی کە لە ڕۆیشتنی بۆ ڕاهێنان دەیدات و هاوکات بەگوێی دایکیشی دەکات...ئەو کوڕە پێویستی بەوە بوو دایکەکەی لەگەڵیدا دابنیشێو بیدوێنێو بڕوا بەخۆبوونی پێببەخشێو ڕێز لەخۆی بگرێ تا زیاتر پاڵی پێوەبنێ بەرەو چاکتر.

کاتێ منداڵ لە دایك دەبێ دەگرێ، هەرکاتیش بیەوێت شیری بدرێتێ دەگری و کەی بیەوێت دەیخواتەوە، کەی بیەوێت میز دەکات ئەو خاوەنی جیهانە...متمانەیەکی زۆر گەورەی هەیە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەیەوێت بیکات، بۆیە دەبێ ئێمەش تا ئاستێکی گەورە ڕێز لە کەسایەتی منداڵ بگرین، دەبێ هەرکات منداڵ ڕەوشتێکی جوان و کارێکی باشی لێدەرکەوت ستایش بکرێ لەسەریو بۆ ئەو کارەی ڕێزی بگیرێ، بەم گوتەیەی ئەحنەفی کوڕی قەیس لە کتێبی (بهجة المجالس) دا کۆتایی بەم خاڵە دەهێنم، ئەویش لەو وتووێژەیدا کە لەگەڵ معاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا ئەنجامیداوە، کاتێ کە موعاویە لەبارەی منداڵەوە پرسیاری لە ئەحنەف کردووە ئەویش وتویەتی:

**(ئەی پێشەوای باوەڕداران منداڵەکانمان بەری دڵەکانن و بڕبڕەی پشتمانن، ئێمەش زەویەکی زەلیل و ژێردەستەین و ئاسمانێکی سێبەردارین بۆیان، لەهەر کارێکی چاکماندا بەوان هەڵمەت دەبەین، هەرکات داخوازیان بوو بیاندەرێو هەرکاتیش تورەبوون رازییان بکە، سۆزیان بدەرێ و هەر هەوڵێکیان بنرخێنە، نەبیتە قوفڵێکی داخراو لەسەریان ئەگەر نا ئاوات دەخوازن بمریت و حەزناکەن نزیکت بن و ژیانیشت بێزار دەکەن).**

کەواتە پێویستمان بەوەیە لە مەسەلەی بڕوا بەخۆبوون تێبگەین و گێڕانەوەی متمانە پێیان لەخۆبگرین.

وا لێرەدا چەند ئامۆژگارییەك بۆ چاندنی متمانە بەخۆبوون لە دەروونی منداڵەکانماندا دەخەینەڕوو:



هەوڵدەدەم چەند ئامۆژگاریو ڕێنمایییەك پێشکەش بە دایبابەکان بکەم تاببنە هۆکارێك بۆ چاندنی متمانە بە خۆبوون لە دەروونی ئەو منداڵە بچووکانەماندا کە لە خوار تەمەنی هەرزەکاریەوەن.

دەڵێین دەبێ دایبابەکان بە گشتی خۆیان بەدوور بگرن لە کەوتنە نێو پانزە هەڵە پەروەردەییەکەوە کە پێشتر باسمان کردوون...

وا ئێستەش وەك سەرەتایەك نۆ ڕێنمایی بە دایكان دەدەین لە سەروبەندی ماوەی شیرداندا...

## نۆ هۆكار بۆ چاندنی متمانە بە خۆبوون لە دەروونی منداڵدا لە ساڵی یەكەمی تەمەنیدا:

هۆكاری یەكەم:

دەبێ ناوێكی جوان و چاك لە منداڵەكەت بنێیت وەك: ئەحمەد – عبدالرحمن – نور – هدی – و چەندین ناوی تری جوانی پڕمانا هەن كە هەموویان بە شێوەیەكی جوان كاریگەرن لەسەر دەروونی منداڵەكانمان

هۆكاری دووەم:

كاتێ منداڵەكەت لە باوەش دەگری دەبێ لە دووتوێی ئاوازی دەنگ و تێڕوانینی چاو و زەردەخەنەی سەر دەمووچاوت وای لێبكەیت هەستبكات بە سۆزت بۆی. دەبێ بە دووری بگری لە هەر دەنگێكی بەرزو بیستنی شەڕەقسە.

هۆكاری سێیەم:

كاتێ شیری دەدەیتێ دووربە لە هەڵچوون و دەنگ بەرزكردنەوەیەك و شەڕەقسە چونكە شیردان واتە پێبەخشینی ئارامیی‌و هێمنی بە منداڵەكە.

منداڵانی زۆر هەن كە لە پرۆسەی خواردن و خواردنەوەدا دەبنە چلێس و زۆرخۆر، هۆیەكەشی ئەوەیە دایكەكە لە كاتی شیرپێداندا لە حاڵەتی هەڵچووندا بووە كە ڕێژەیەكی بەرز لە ماددەیەكی كیمیاوی دادەبەزێتە ناو جەستەی و لە كاتی هەڵچوونی دایكەكەدا دادەبەزێتە نێو شیری منداڵەكە ئەمەش جۆرێ لە هەستكردن بەترس و چلێسیەكی زۆرو بەردەوام لەلای منداڵەكە دروست دەبێت.

هۆكاری چوارەم:

دەبێ لە كاتی شیرپێدانی منداڵەكەدا دایكەكە بە پەرۆشەوە دەست لە پێستی منداڵەكەی بدات و بە نەرم و ناسكی بیخورێنێ‌و بیشێلێ‌و هاوكات سەیری چاوەكانی بدات ئیتر ئەوساتەی كە دایكەكەی دەستی لێدەدا منداڵەكە لێرەوە هەست بە

گەرمبونەوەو فێنکیەك دەکات و هەست بە هێمنیو ئارامی دەکات. ئەم هۆکارو شێوازەش ئارامی لە دەروونی منداڵەکانماندا دەچەسپێنێ.

هۆکاری پێنجەم:

کاتێ منداڵی شیرەخۆرە گاز لە مەمکی دایکی دەگرێ ئەوا پەی بەوە نابات کە چیدەکات و هەست بەوە ناکات کە ئازار بە دایکەکەی دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ دایکەکە دەنگی بەرز نەکاتەوەو منداڵەکەی بتۆقێنێ یان قیڕەیەکی لێ بێت و منداڵەکەی بترسێ، بەڵکو دەبێ کونەلووتی منداڵەکە بگرێ تا مەمکی بەربدات.

هۆکاری شەشەم:

لە باوەشی گەرمت بۆ منداڵەکەت رژد نەبێت و بەردەوام یاری لەگەڵدا بکە، ئانیکردنەوەو توێژینەوە نوێیەکان سەلماندویانە ئەو دایکەی کە قسەی زۆر لەگەڵ منداڵەکەیدا دەکات پەیوەندییەکی زۆرباش لەگەڵ دایکەکەیدا دروستدەکات و دەچێتە نێو کەژاوەیەکی هێمنیو ئارامی تەواوەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە منداڵەکە لە منداڵدانی دایکەکەدایەو دایکەکە دەیلاوێنێ هەرباشە چونکە هەموو ئەمانە بۆ ئەو منداڵە ستانێکی زۆر سودمەندن.

هۆکاری حەوتەم:

وریابە کاتێ منداڵەکەت یاری بە چاوت یان روومەتت دەکات وە یان دەست لە سنت دەدات نەکەی ئەو کارەی بە شتێکی بێهودەو هەرەمەکیو بێمانا دابنێیت کو ئەو کارە لەلای منداڵەکە مانای خۆی هەیە چونکە بەو دەست لێدانەیو بە ەکانی جۆرێك لە ئارامی بۆدێ.

هۆکاری هەشتەم:

کەی گریانی منداڵەکەت فەرامۆش بکەیت، پێویستیش ناکات منداڵەکەت بە وامی لەسەرکردنە باوەش رابهێنی، دایکانێکی زۆر هەن سکاڵایان ئەوەیە کە کەی بەردەوام دەگریو ئینجا دایکەکە دەیکاتە باوەشی، من بۆخۆم دایکی منداڵێك م ئەمەنی منداڵەکەی دوو ساڵ و نیوەو تا ئێستەش هەر لە باوەشی دەگرێ، بەوێت دایبنێ دەستدەکاتە گریان و دووبارە ئەویش دەیکاتەوە باوەشی، بە

دلنیاییەوە کە ئەم مەسەلەیە متمانەی منداڵەکە بەخودی خۆی دەوەستێنێ، چونکە کاتێ تەمەنی منداڵ دەگاتە هەژدە مانگ ئیتر دەبێ رابهێنرێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێکیتری زۆر نامۆدا...

لێرەوە بەو دایکە دەڵێم کە منداڵەکەی بەردەوام دەگری با گریانی منداڵەکەی فەرامۆش نەکات، چونکە ئەو گریانەی بەهۆی یەکێك لەم هۆیانەی خوارەوەیە:



- هەست بە برسێتی دەکات.
- تینویەتیەو دەیەوێت ئاو بخواتەوە.
- پۆشاکەکەی تەڕەو دەیەوێت بیانگۆڕێ.
- دەکرێ مێرروویەك لە جەستەیدا بێت و بیگەزێو ئازاری پێبگەیەنێ.
- ژانە سکی هەیە.
- هەست بە سەرما دەکات.
- هەست بە گەرما دەکات.
- لەوانەیە دەنگێکی بەرز بیکاتە گریان وە یان گوێی لە شەڕەقسەیەك بێت، لێرەدا پێویستە دایکەکە بیکاتە باوەش تا هەست بە ئارامی بکات.

ئەمانەش ئەو هۆیانەن کە وات لێدەکات منداڵەکەت بکەیتە باوەش، هەموو ئەمانە بە تەنیشت ئەوەوە کە ماوەیەکی زۆرە نەتکردوەتە باوەش لێرەوە دەگری تا بیکەیتە باوەش چونکە دەیەوێت هەست بە سۆزو بەزەیی بکات، بەڵام ئیتر لەمە بەولاوە منداڵەکەت نەکەیتە باوەش بەڵکو بیخەرە سەر جێگاکەی خۆی، ئەوەش بزانە کە منداڵ گریانی بەردەوامە بۆ ئەوەش دەگری تا پەرچەکردار لە دەورووبەریدا ببینێ، جا ئەگەر گریاو پەرچەکردارەکەش لە باوەش گرتنی بێت ئەوا بە



درێژایی کات هەر دەگری، بەڵام ئەگەر منداڵت وەها راهێنا کە تا هەست بە برسێتی یان هەر هۆیەکیتر لەو هۆیانە نەکات کە باسمان کردن نایکەیتە باوەش ئەوا دواجار دێت بە دەمناوە و ئیتر بەبێ هۆ ناگری.

چونکە هەڵگرتن و لە باوەش کردنی منداڵ بە درێژایی کات وا لە دایکەکە دەکات نەتوانێ بجوڵێ یان تەنانەت نەتوانێت بچێتە گەرماو یان بتوانێ کارێ لە چێشتخانەدا رابەرێنێ کە ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر تورەکارە...

دەکرێ دایك منداڵی گرینۆك سەرقاڵ بکات بە ئامادەکردنی کۆمەڵێ یارییەوە کە بە هۆیانەوە کۆمەڵێ شارەزایی‌و لێهاتوویی پەیدا بکات، دەبێ ئەم کارەش لە تەمەنی شەش مانگیەوە دەست پێبکات، دایك دەتوانێت سەرنجی منداڵەکە بۆ لای یاریەك رابکێشێ کە رەنگی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە یان یارییەك کە دەنگی جۆراوجۆر لێیەوە دەردەچێت بەمەش سەرنج و وریایی چاو و گوێ بەلای ئەو یاریەدا رادەکێشیێ‌و دواجار کۆئەندامی دەمار بە ئامارەکانی رووناکیی‌و بیستراوو جوڵەدار گەشە دەکات کە لەناو دەرروونی منداڵەکە و ناو کۆئەندامی دەماریدا هەیە.



هۆی نۆیەم:

خۆتان لە دەنگ بەرزی بپارێزن چونکە کۆمەڵێ هەستی نەرێنی لە دەرروونی منداڵەکەدا دروستدەکەن وەك ترس و دڵەراوکێی‌و شڵەژان و دوودڵی.


A
B
C



# ٥٠ ئامۆژگاری
# بۆ چاندنی متمانە بەخۆبوون
# لە منداڵاندا



## ٥٠ ئامۆژگاری بۆ چاندنی متمانە بەخۆبوون لە منداڵاندا

| | |
|---|---|
| ١ | هەرگیز نەکەی بە نەرێنی (بە خراپ) وەسفی منداڵەکەت بکەیت . |
| ٢ | بوارو هەل بۆ منداڵەکەت بڕەخسێنە . |
| ٣ | منداڵەکەت وا لێبکە پشت بەخۆی ببەستێ . |
| ٤ | لە دانانی کۆت و بەند دا زیادەڕۆیی نەکەیت . |
| ٥ | یاسا بۆ منداڵەکەت دابنێ . |
| ٦ | چاودێری منداڵەکەت بکەو لە کاتی گونجاودا بچۆرە ناو کێشەکەی . |
| ٧ | یارمەتی منداڵەکەت بدە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە چاکەکان . |
| ٨ | ستایشی بکەو ڕێزو پێزانینت بۆی هەبێ . |
| ٩ | یارمەتی منداڵەکەت بدە لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسێتی . |
| ١٠ | ڕەخنە لە خودی منداڵەکەت مەگرەو ڕەخنە لە ڕەفتارە هەڵەکەی بگرە . |
| ١١ | پێویستە سەرنج و خوێندنەوەی باشت بۆ منداڵەکەت هەبێ . |
| ١٢ | هەرشتێك زیان بە منداڵەکەت دەگەیەنێ دووری بخەرەوە لێی. |
| ١٣ | ئەوە بزانە کە منداڵەکەت لەم تەمەنەدا ڕێژەیەك خۆپەرستی تێدایە . |
| ١٤ | هەر ڕەتکردنەوەیەکت بۆ ڕەفتارە هەڵەکانی وابەست بکە بە سۆزو نەرم و نیانییەوە . |
| ١٥ | بە جوانیو بە وردی گوێی بۆ ڕادێرە . |
| ١٦ | چەمکی چەندبارەکردنەوەی هەوڵدان لە منداڵەکەتدا بروێنەو نائومێدی مەکە. |
| ١٧ | ڕەچاوی جیاوازی تواناکان لە نێوان منداڵەکانتدا بکە . |
| ١٨ | خۆت دابەزێنە بۆ ئاستی هزریو ئەقڵی منداڵەکەت . |
| ١٩ | لە کاتی سزادانیدا بە بەزەییو بەسۆز بە لەگەڵیدا . |
| ٢٠ | دووربە لە توندوتیژیو جیدیەتی زیادەڕۆ لەگەڵیدا . |
| ٢١ | منداڵەکەت هانبدە لەسەر هەڵسوکەوت و کارە جوانەکانیو ستایشی بکە . |

| | |
|---|---|
| ٢٢ | ئەگەر منداڵەکەت دیارییەکی پێشکەش کردی با سادەش بێت تۆ پێخۆشبوونی خۆتی بۆ دەربڕە. |
| ٢٣ | واز لە منداڵ بێنە با بەشێوازی خۆی یاریبکات مادامێ یاری بەشتێك ناکات کە مەترسی هەبێت بۆی . |
| ٢٤ | ئەگەر لە کاتی یاریکردندا زامدار بوو یان ئازاری پێگەیشت لێی تورە مەبە . |
| ٢٥ | بە پێدانی رێنمایی‌و تێبینی زۆرت بۆی سەغڵەتی مەکە . |
| ٢٦ | هەرکات لە خوێندنەکەیدا یەك نمرەی بەرزترکردەوە ئەوا پێخۆشبوونی خۆتی بۆ دەربڕە . |
| ٢٧ | هەرگیز ئەکەی بۆ نان پێخواردنی بکەویتە شەڕ لەگەڵیدا . |
| ٢٨ | لە کاتی یاریکردنیدا بەشداری بکە . |
| ٢٩ | منداڵەکەت بانگهێشت بکە با لە هەندێ کارتدا بەشداریت بکات . |
| ٣٠ | لە منداڵەکەت گەڕێ یان بانگهێشتی بکە با هەندێ بەرپرسێتی لە ئەستۆ بگرێ . |
| ٣١ | هەوڵبدە بە شێوازی پلەبەندی وشەی (من یان خۆم) تیایدا کەمبکەیتەوە . |
| ٣٢ | باش بزانە ئەوە شێوازی رەفتاری تۆیە کە رەفتاری منداڵەکەت دیاری دەکات . واتە چاولێکەرە. |
| ٣٣ | منداڵەکەتت خۆش بووێت و ماچی بکەو لە ئامێزی بگرە وەها کە هەیە ، دڵ وەلامدەرەوەی دڵە . |
| ٣٤ | لەگەڵیدا دابنیشەو نانی لەگەڵدا بخۆ . |
| ٣٥ | لەگەڵ منداڵکەتدا بچۆ بۆ گەشت و سەیران و بەسەربردنی کات خۆش . |
| ٣٦ | لە منداڵەکەت گەڕێ با بە ئارەزووی خۆی خۆشیبەکانی دەرببڕی‌و گۆرانی بڵێ‌و یاریبکات . |
| ٣٧ | سەرنجی منداڵەکەت رابکێشە بەلای جوانیەکانی سروشتدا . |
| ٣٨ | رێگا بە منداڵەکەت بدە با یاریبکات لەگەڵ ئاژەڵان و باڵندە بچوکوکاندا . |

| | |
|---|---|
| ٣٩ | منداڵەکەت ئاگادار بکەرەوە کە تۆ هەرجۆرە رەفتارێکی هەڵەی ئەو رەتدەکەیتەوە . |
| ٤٠ | با منداڵەکەت بەوە بزانێ کە تۆ خۆشت دەوێ . |
| ٤١ | ئەوە بزانە کە منداڵەکەت لە ناخ و لە تیەتیدا نیە هەڵە بکات . |
| ٤٢ | نەکەی بەردەوام سەرزەنشت و گلەیی ئاراستەی منداڵەکەت بکەی . |
| ٤٣ | هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکەیت و بەڵێنی شتێکی پێنەدەیت کە نەتوانی بۆی جێبەجێی بکەیت . |
| ٤٤ | نەکەی زبر بیت لەگەڵیدا بە تایبەتی لەکاتی هاتنی منداڵێکی نوێدا . |
| ٤٥ | هاورێیەتی کردنیو یاریکردن لەگەڵیدا . |
| ٤٦ | خۆشیی خستنە نێو دڵی منداڵەکەت . |
| ٤٧ | رواندنی کێبڕکێی باش و بونیاتنەر لە نێوان منداڵەکانتدا . |
| ٤٨ | دەبێ بەردەوام هانی منداڵەکەت بدەیت بۆ شتی چاکە . |
| ٤٩ | پیاهەڵدان و ستایشکردنی منداڵ لەسەر کارە چاکەکانی . |
| ٥٠ | با منداڵەکەت لە کۆڕی دانیشتنی گەورەکاندا دابنیشێت . |



ئێستاش رووده‌که‌ینه هه‌موو په‌روه‌رشکارێك به‌تایبه‌ت _دایکه‌کان_ که به وردی راڤه‌ی ئه‌م ٥٠ ئامۆژگاریه له چاندنی متمانه له ده‌روونی منداڵکه‌دا به هه‌ند وه‌ریگرن:

## ١- هه‌رگیز نه‌که‌یت به نه‌رێنی (به خراپ) وه‌سفی منداڵه‌که‌ت بکه‌یت:

وریابه نه‌که‌یت به سیفه‌تی خراپ وه‌سفی منداڵه‌که‌ت بکه‌یت، دوورنیه ئه‌و منداڵه به تێپه‌ربوونی کات و دووباره‌کردنه‌وه‌ی ئه‌و وه‌سفه خراپه قه‌ناعه‌تی بۆ دروست ببێت که وایه، وه‌ك وتنی: (هه‌ی گێژ_ئه‌ی شکستخواردوو_ ئه‌ی گوێدرێژ_تۆ که‌سێکی له هیچ تێناگه‌یت...).

دایکێك هاته‌لام و باسی کوره‌که‌یی بۆ گێرامه‌وه که ته‌مه‌نی هه‌شت ساڵانه‌و له کۆی ٢٠ نمره یانزه نمره‌ی به‌ده‌ستهێناوه، دایکه‌که‌ی پێیوتوه: بۆئه‌م نمره‌یه‌ت به‌ده‌ستهێناوه؟ کوره‌که پێیوتوه: چونکه من بێ مێشکم...من له هیچ تێناگه‌م... من توانام نیه فێر بیم... چونکه زانیاری له‌سه‌رمدا نامێنێته‌وه، چونکه من ته‌رکیزم نیه...

دایکه‌که ئه‌وه‌ی تێبینی کرد ئه‌و قسه‌یه‌ی که کوره‌که‌ی کردوویه‌تی هه‌مان ئه‌و نسه‌یه‌ که له ساڵانی رابردودا پێی وتراوه...منداڵه‌که‌ش به ئۆتۆماتیکی هه‌مان گوته‌ی دووباره کردوه‌ته‌وه که له‌زه‌ینیدا چه‌سپیوه، ده‌ی ئیتر هۆشیاربن نه‌که‌ن منداڵ به سیفه‌تێکی نه‌رێنی وه‌سف بکه‌ن.

## ٢- بوارو هه‌ل به منداڵه‌که‌ت بده:

پێویسته لێ گه‌رێیت له منداڵه‌که‌ت تا بکه‌وێته به‌ر هه‌ڵوێسته ناره‌حه‌ته‌کان و بواری بده‌رێ با هه‌ڵسوکه‌وت بکات و پشت به‌خۆی ببه‌ستێ‌و تواناکانی تاقیبکاته‌وه.

له جوانترینی ئه‌و هه‌ڵوێستانه‌ی بیستومن هه‌ڵوێستی منداڵانێك بوو له ته‌مه‌نی دایه‌نگاییدا که له قوتابخانه‌دا زۆر شه‌رپیانکردووه، ئه‌وه‌م بۆ ده‌رکه‌وت که منداڵێك هه‌یه به لێدانێکی سه‌خت له منداڵێکی دیاریکراوی داوه، مامۆستاکه‌ش پێیوتوون: ده‌نگه ده‌نگ به‌سه، فلانه که‌س ئیتر بێده‌نگ به... نه‌که‌ی له هاورێکه‌ت بده‌یت، جاری واش

هەبووە مامۆستاکە لە هەردووکیانی داوە یان سزای هەردووکیانی داوە. بۆ رۆژێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەکە چووە ناوکێشەکەیانەوە، لە راستیشدا ئەو مامۆستایە زۆر زیرەك بووە و خاوەنی دانایی بووە لە پەروەردەکردندا خوای گەورە پاداشتی بداتەوە... مامۆستاکە هەردوو منداڵەکەی ئامادەکردو ئەوەی بۆ دەرکەوت کە بە راستی منداڵێکیتر هەیە دووزمانی دەکات لە نێوانیانداو بە منداڵی دووەم دەڵێ ئەو منداڵە دەیەوێ لێت بدات، مامۆستاکە بۆی دەرکەت کە ستەمکارو ستەملێکراو هەیە، ئینجا بە منداڵە ستەملێکراوەکەی وت: تۆ یەکێ لەم دوو رێگاچارەیە لە بەردەمتدایە:

چارەسەری یەکەم: یان ئەوەتا لێی بدەیتەوە بەهەمان ئەو شێوازە کە ئەو لێی داویت بە بێ زیادوکەم...بۆت هەیە مافی خۆت بستێنی، جائەگەر گازی لێگرتویت ئەوا گازی لێ بگرەوە، ئەگەر نەقوچکەی لێگرتوویت تۆش نەقوچکەی لێ بگرەوە منیش دەیگرم بۆت..

چارەسەری دووەم: ئەوەیە لێی ببوری لەوەی کە لەگەڵی کردوویت...منداڵەکەش لێخۆشبوونی هەڵبژارد...ئینجا مامۆستا بەڕێزو چاکەکە وتی بۆچی لێی خۆشبوویت؟ منداڵەکەش وتی: ئەو بەرلەوە یاری لەگەڵدا دەکردم و منیش سەندەویچێکم لێ وەردەگرت و نەستەلەو چکلێتم دەدایەو یاریم دەکرد لە گەڵیدا، من لێی خۆشدەبم چونکە خۆشمدەوێ لێرەدا ئەو منداڵە ستەمکارەی کە لەوی داوە بە ئۆتۆماتیکی کردیە باوەشیو باوەشیان بەیەکدا کردو دەستەملان بوون ئینجا منداڵە ستەمکارەکە بەویتری وت: سوێند بەخوا بەڕاستی من لەوە دەترسام ئەو لێم بدات، ئیتر لێرە بەدواوە من هەرگیز لێت نادەم.

ئەو مامۆستایە بەمشێوەیە هەل و بواری بۆ ئەو منداڵە رەخساند تا بە پشت بەخۆبەستن هەڵسوکەوت بکات و تواناکانی تاقیبکاتەوە.

بەتەنیشت ئەمەشەوە ئەو منداڵە لە بەهای لێبوردەیی تێنەدەگەیی بەم رێگایە نەبوایە نەك بەگوتەی من کە بەو منداڵەی تەمەنی دەگاتە چوار یان پێنج ساڵ بڵێم ئەگەر منداڵێك لێی دایت پێی بڵێ خوا لێت خۆشبێت، چونکە ئەگەر من پێی بڵێم ئەوا گیانی ترسنۆکی لە منداڵەکەمدا گەشە پێدەدەم، دەبێ منداڵ دەرکی ئەوە بکات کە

لێبوردەیی لەگەڵ بوونی توانای ماف سەندنەوەدایە، واتە ئەو دەتوانێ لە بەرانبەرەکەی بداتەوە بەڵام ئەوە ناکات، سەرەتا دەبێ منداڵ خاوەنی هێزی بەرپەرچدانەوە بێت پاشان لێبوردنی هەبێت، چونکە لێخۆشبوون هەمیشە لەگەڵ بوونی هێزو توانادایە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( **هەرکەسێ رق و تورەییەکەی کپ و خامۆش بکات لە کاتێکدا کە توانای هەیە جێبەجێی بکات ئەوا لە رۆژی قیامەتدا خوای گەورە لەنێو خەڵکەکەدا بانگی دەکات و ویستی هەڵبژاردنی حوراالعین دەداتە دەست خۆی و ویستی لە کامیانە هەڵیبژێری**). ئەبوداود گێراویەتەوە.

## ٣- منداڵەکەت والێبکە پشت بەخۆی ببەستێ:

ئەکەی هەمیشەو لە هەمووکاتدا بەتەنیشت منداڵەکەتەوە بیت و کێشەکانی بۆ چارەسەر بکەیت، بەڵکو وای لێبکە خۆی فێرببێ و پشت بەخۆی ببەستێو بەرپرسێتی لەئەستۆ بگرێ...وازی لێبێنە باخۆی قەیتانی پێڵاوەکەی ببەستێو قۆپچەی کراسەکەی دابخات و خۆی پۆشاکەکەی بپۆشێو بچێتە گەرماو و بەشێوازی خۆی نانبخوات و لەگەڵ کەسانێکدا هاورێتی بکات کە خۆی هەڵیانبژێرێ...لێیگەرێ باچیدەکات بیکات مادامێ بە رەفتاری خراپ ناجولێتەوە...جائەگەر کەوتە نێو هەڵوێستێکەوەو شکستیخوارد یان سەرکەوتوو نەبوو یان نائومێدی رووی تێکرد ئەوا ئیتر رۆڵی تۆ دەست پێدەکات و دەبێ مەعنەویەتی بەرزبکەیتەوە...نەك بەجۆرێك بکەیت گوتەیەکی تۆ شکستخواردوو تری بکات بۆیە دەبێ زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت تا ئەوە روونەدات..

## ٤- یاسا بۆ کورەکەت دابنێ:

دەبێ منداڵەکەت بەبێ سنور نەهێڵێتەوە، دەبێ کۆمەڵێ هێڵی سورو روون و لەبەرچاو لەبەردەم منداڵەکەتدا دابنێیت، دەبێ یاسای پاداشت و سزا لە تەمەنی دووساڵی یان سێ ساڵیەوە بوونی هەبێت چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا زۆر دەجولێو لێرەشەوە پێویستی بە سنورو کۆت و بەندی روون هەیە.

## ٥- لە دانانی کۆت و بەنددا زیادەڕۆیی نەکەیت:

نابێت لە دانانی کۆت و بەنددا زیادەڕۆیی بکەیت وەك سەپاندنی دایك شێوازی یاریکردن و قسەکردن بەسەر منداڵەکەیدا، چونکە وای لێدێت ئیتر هەرچییەك بکات دایکەکە پێی بڵێ بەمشێوازە ئەو کارە مەکە.

لێرەدا ئەو دایکەم بیردەکەوێتەوە کە کچەکەی تەمەنی سێ ساڵ و نیو بووەو فێری کردووە چۆن مۆزەکەی بخوات و چۆن بە چەقۆو چنگاڵ لەت لەتی بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە مەسەلەکە ئاسانەو لە پەروەردەکردنی منداڵیشدا ئاسانترە.

## ٦- چاودێری منداڵەکەت بکەو لە کاتی پێویستدا بچۆرە ناو کێشەکەی:

چاودێری منداڵەکەت بکەو لە کاتی گونجاودا بچۆرە ناو کێشەکەی، بەڵام نەکەی ئەو کارەت بەجۆرێك بێ کە منداڵەکەت بێزار ببێت و لە هەموو شتێکیدا بەشدار بیت وەك ئەوە کە ئایا ئێستە کۆششەکەت دەکەیت؟ کەی دەخەویت؟ ئادەی بزانم خەریکی چیت؟ مەسەلەکە پێویستی بە هەندێ سۆز هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا.

## ٧- یارمەتی منداڵەکەت بدە بۆ دروستکردنی پەیوەندیە چاکەکان:

بۆ دروستکردنی پەیوەندییە جوانەکان یارمەتی منداڵەکەت بدە ئەویش بە هاوڕێیەتیکردنی باش و بە چەمکەکانی هاوڕێیەتیو پەیوەندیکردن بە هاوڕێیانەوە، وەك ئەوە کە منداڵ هەستێ بە ئەنجامدانی یارییە هاوبەشەکان و گێڕانەوەی چیرۆك و ڕۆمانەکان بۆ هاوەڵەکانیو وێنەکێشانی تابلۆیەکی هاوبەش لەگەڵیاندا.

## ٨- ستایشی بکەو ڕێزو پێزانینت بۆی هەبێ:

منداڵەکەت هەرکارێکی چاکەو ئەرێنی کرد تۆش لەبەرانبەرەوە ستایشی بکەو ڕێزو پێزانینت بۆی هەبێ.

## ٩- یارمەتی منداڵەکەت بدە لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسێتی:

یارمەتی منداڵەکەت بدە لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسێتی لە تەواوی کاروبارەکانی ژیانیدا، ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە کاتی منداڵەکانیان ڕێکبخەن، وە وا لە منداڵەکانمان بکەین پشت بەخۆیان ببەستن، دەبینین دایکەکان لە تەمەنی دایەنگای منداڵەکانیاندا وەها کۆششی خوێندنیان پێدەکەن هەروەك لە ئامادەییدا یان لە قۆناغی ماجیستێردا بن بەو بیانووە گوایا بناغەڕێژی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دەکەن، منیش بەو دایکانە دەڵێم مەبەست بە قۆناغی دایەنگایی زیاتر ئاڕاستەکردن و ڕێنمایکردنە نەك خوێندن و فێربوون و تێگەیشتن، بۆیە پێویستە دایك واز لە منداڵەکەی بێنێ باتەنها خۆی دابنیشێو ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، جا هەرکات گرفتێکی هاتەڕێ ئەوا دەبێ دایکەکەی بچێتە ناو کێشەکەی.



جا وەك توانجێك لەسەر ئەم خاڵە زۆرێك لە دایکەکان دەڵێن مەحاڵە کوڕەکەم بەبێ من بتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، منیش دەڵێم ئەوە تۆیت کە منداڵەکەتت فێری پشت پێبەستن کردووە لە هەموو شتێکدا لە خواردن و پۆشاك و لەبەرکردن و سەعیکردندا... تۆ هەر یەکەمجار منداڵەکەتت فێری ئەوە نەکردووە ئازاد بێت و لە گواستنەوەی قاپ و قاچاغداو لە گۆڕینی پۆشاکەکەیو ڕێکخستنی ژوورەکەیدا هەنگاو هەڵبگرێو پشت بەخۆی ببەستێ، منداڵەکەت فێری ئەوە نەبووە بەشداریی بکات لە ئەنجامدانی هیچ شتێکدا، کەواتە دەبێ متمانەو بڕوا بەخۆبوون لە دەروونی منداڵەکانماندا بچێنین.

## ١٠- ڕەخنە لەخودی منداڵەکەت مەگرە بەڵکو ڕەخنە لە ڕەفتاری هەڵەی بگرە:

پێی نەڵێیت ئەی بێمێشک.. تۆ تێناگەیت... پێویستە ئێمە هێمن و لەسەرخۆو سەقامگیر بین، پێویستە پەروەرشکار دەرکی ئەوە بکات کە مەسەلەکە مەسەلەی ڕاستکردنەوەو چاککردنی ڕەفتارە، سزادان بە ئامانج ناگیرێ، بەڵکو ئامانجەکە بریتیە لە ڕاستکردنەوەو چاکترکردنی ڕەفتاری منداڵەکەیە. ئەوە بزانە کە منداڵەکەت کۆمەڵێ زۆر سیفەتی باشی تێدایەو کەمێکیش لە سیفەتە عەیبەکانی تێدایە، ئەو وەك لاپەڕەیەکی سپی وایە کە خاڵێکی ڕەشی پێوەدیارە، دەی نەکەی چاوبڕیتە ئەو خاڵە ڕەشەو هەموو ئەو سپیاییەو پاکی ئەو لاپەڕەیە پشتگوێ بخەیت...جائەگەر تۆ لە دووتوێی لاپەڕە سپییە گەورەکەوە سەیری لاپەڕەکە بکەیت کە خاڵێکی ڕەشی بچووکیشی تێدایە ئەوا بەم کارەت باشترینی جۆرەکانی پەروەردەکردنی منداڵەکەت جێبەجێ دەکەیت، سەر ئەنجام دەبێتە یارمەتیدەرێکی ئەو لەسەر چاککردن و پەروەردەکردنی ڕەفتاریی.

کەواتە ئەو منداڵەی کە لەزەت لە متمانە بەخۆبوون و ڕێز لەخۆگرتن نابات ئەوا کێشەی بەدەستهێنانی خوێندنی لا دروست دەبێت، توانای سەرکەوتنی نابێت چونکە باوەڕی بەخۆی نیە کە توانایی ئەوەی تێدایە سەرکەوتوو بێت. چونکە کەسانێتر بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرن...لێرەوە پاڵنەرێکی نامێنێ بۆ تەواوکردنی هەرشتێك، هاوکات ناچێتە ژێر هیچ جۆرە بەرپرسێتی یەك و ناتوانێت هیچ شتێك بکات مەگەر کەسێکیتر بەرەو ئەو شتە پاڵی پێوە بنێت، توانای ئەوەی نابێت هەوڵێك بدات چونکە هەست بەوە دەکات کە شکستخواردوو بێمێشکە، هەموو ئەم حاڵەتە نەرێنیانەش کە ڕووی تێدەکات بەهۆی گوتەی دایبابەکەوەیە یان بەهۆی یەکێکیانەوەیە کە بەردەوام بە وشەی بێمێشك بانگی دەکات تا دواجار بە دەروونی خۆی دەڵێ من بێمێشکم و گەوجم...من بێ مێشکم تا بە فیعلی دەبێتە بێ مێشك.

## ١١- پێویستە سەرنج و خوێندنەوەی باشت بۆ منداڵەکەت هەبێت:



ئەزموونێک بەسەر ژمارەیەک مامۆستاو پەروەرشکاردا لە بەریتانیاو فەرەنساو چەند ولاتێکی تریش ئەنجامدرا، ئەم تاقیکردنەوەیە چەندجارێک دووبارەکرایەوە ئەنجامەکەش لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا هەریەک ئەنجام بوو، ئەویش ئەوەبوو کە بەرپرسێتی پۆلەکە لە ئەستۆی پەروەرشکاری ئافرەت دایەو پێی دەوترێ ئەم پۆلە دوو جۆر قوتابی تێدایە: گروپی(أ) کە گروپی نایاب و جیاکارەکانن، وە گروپی(ب) ئەو گروپەن کە لە زیرەکیدا کە موکووڕییان هەیە...

ئەنجامەکەش لە کۆتایی ساڵدا وەک ئەو سەرنجە بوو کە درایە لای پەروەرشکارە ئافرەتەکە بە جۆرێ کە گروپی(أ) ئەنجامی بەرزی بەدەستهێنا بەڵام گروپی(ب) ئەنجامەکانی خراپ بوو، هۆیەکەشی سەرنجی ئەو پەروەرشکارە ئافرەتە بوو لە سەریان، کە ئەویش هەر لە روانگەی ئەو سەرنجەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون کە پێیدرابوو، چونکە گرنگی زۆریدا بە گروپی(أ) چونکە گروپی نایاب و جیاکار بوون، بەڵام هەوڵێکی ئەوتۆی لەگەڵ گروپی(ب) دا نەدا چونکە هەستی وەها بوو کە تێناگەن و نایەن بەدەم وەرگرتنەوە.

## ١٢- هەرشتێک زیان بە منداڵەکەت دەگەیەنێ دووری بخەرەوە لێی:

هەمیشە دەبێ دایک هەرشتێک کە زیانی بۆ منداڵەکەی هەیەو دەکەوێتە بەردەستی منداڵەکەی یان شایانی شکاندنە دووری بخاتەوە لێی بۆئەوەی ئەو منداڵە بچکۆلەیە کە گاگۆلکێ دەکات و شتێک رادەکێشێ بەلای خۆیدا یان دەیشکێنێ نەکەوێتە بەر لێ نوربەبوون چونکە ئەو منداڵە نازانێت چی زیانی هەیە یان قابیلی شکاندنە. دەی ئەی

دایکەکە دەبێت تۆ پلیکانەکان بگریت و دەرگای چێشتخانەو گەرماو دابخەیت و پلاک و سویچی کارەبا ئەگەر دابەزێنرابوون بکوژێنییەوە چونکە منداڵ دەتوانێت دەستی بیانگاتێ...دەبێت شوراو دیواری بەربەستی بالکۆنەکە بە ئاستێك بەرزبێت کە منداڵ هەڵنەگەڕێت پیایدا چونکە ئەو منداڵە گەورە دەبێت و لە ساڵانی یەکەمیدا هەڵدەگەڕێت پیایدا بۆیە دەبێت ئەو شورایە بەرز بێت.

## ١٣- ئەوە بزانە کە منداڵەکەت لەم تەمەنەدا رێژەیەك لە خودپەرستی تێدایە

شتێکی سروشتیە منداڵ لە تەمەنی ساڵ ونیو یان دووساڵیدا رێژەیەك لە خودپەرستی تێدا بێت، جا بۆئەوەی ئەو قۆناغە تێپەڕێنێ دەبێت تێر بکرێ، ئەو تێرکردنەش خۆی لە خۆشەویستیو سۆزو پێبەخشیندا وێنا دەکات...بەخشین لەلای هەندێك منداڵ شتێکی ئۆتۆماتیکیە، بەڵام منداڵی واهەیە هەر حەزدەکات ئەو شتە بۆ خۆی بێت و دەستی بەسەردا بگرێ، لێرەدا نابێت فشاریان لەسەر دروستبکرێ بەڵکو دەبێ هانبدرێن بۆ بەخشین، جا ئەگەر شتێکیدا بە منداڵێکیتر ئەوا دەبێ منیش دوو ئەوەندە بەو بدەم بۆ بەخشینی لا خۆشەویست بێت، هەر لە منداڵیەوە وای لێبکەم هەست بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ بکات کە دەفەرموێ:

**( هەر سامان و داراییەك لێی ببەخشرێ کەم ناکات).**

## ١٤- رەتکردنەوەت بۆ رەفتارە هەڵەکانی وابەست بکە بەسۆزو نەرم و نیانیەوە

هەروەك دەزانین کە ( نەرم و نیانیو لەسەرخۆیی لە هەرکارێکدا بوونی هەبێت ئەوا قورس و سەنگینی دەکات، وە لە هەرکارێك داماڵرێ ئەوا سوك و بێبایەخی دەکات)، هەروەها ئاشنایین بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: ((خوای گەورە لە هەموو کارێکدا نەرم ونیانیو لەسەرخۆیی پێخۆشە)).

### ١٥- بە جوانی و بە وردی گوێ بۆ منداڵەکەت رادێرە:

بە جوانی گوێبگرە بۆ منداڵەکەت، بیهێڵە با قسەی تەواو بکات، وای لێبکە هەستبکات کە تۆ گرنگی دەدەیت بە قسەکانی، چاوپۆشی بکە لەوەی کە دەیڵێ چونکە ئەو بە بەکەمبینجار فێری شێوازی قسەکردن نابێت...بواری بدەرێ با قسە بکات و وتووێژی لەگەڵدا بکەو وای لێبکە هەروەك تۆ گوێ بۆ ئەو دەگریت ئەویش گوێ لەتۆ بگرێت، لە نێو ئەو وتووێژەشدا رێنمایی باشی بدەرێ.

### ١٦- چەمکی دووبارە کردنەوەی هەوڵدان لە منداڵەکەتدا بڕوێنەو نائومێدی مەکە:

دەبێ ئەمەش بە شێوازێك بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ تەمەنیدا، بۆ نموونە: ئەگەر منداڵەکەت نەیتوانی قەیتانی پێڵاوەکەی ببەستێت ئەوا وای لێبکە جارێك و دووجار و سیان و چوارجار دووبارە هەوڵی ئەوکارە بدات، پەلەی لێ مەکەو داوای لێ مەکە خێرا بێت یان بە بیانووی بە فیرۆدانی کات سەرزەنشتی بکەیت...پێویستە لە رێگای دووبارە کردنەوەی هەوڵدانەوە فێری متمانە بە خۆبوونی بکەیت.

### ١٧- رەچاوی جیاوازی تاوانەکان لە نێوان منداڵەکانتدا بکە:

بە یەك شێواز مامەڵەی هەرهەموویان مەکە...شێوازەکان جۆراوجۆر بکەو بیانگۆڕەو ئاڵوگۆڕیان پێبکە، جائەگەر هەر هەموو منداڵەکانت لە پلەیەکی باڵای باشدان بەڵام تەنها یەك منداڵیان ئاستی لەوان نزمترە ئەوا پێویست دەکات مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەودا بەکاربهێنی تا ئەویش وەك خوشك و براکانیی لێبێت.

## ١٨- خۆت دابەزێنە بۆ ئاستی هزریی و ئەقڵی منداڵەکەت:

دەبێ خۆت ببەیتەوە ئاستی هزریی‌و ئەقڵی منداڵەکەت تا تێی بگەیت بزانیت چی دەوێ...هەرگیز نابێت بەو شێوە مامەڵەی بکرێت کە گەورەیەو خۆی تێدەگات کە چیدەکات...نەکەی سەغڵەتی‌و کەمکاتی‌و زۆری فشارەکان پاڵت پێوەبنێن تا بەشێوەیەکی پەلە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت، هەندێک منداڵ هەن کە لە تێگەیشتندا خاون و درەنگ تێدەگەن و زیاتر لە منداڵانیتر پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە.

پەروەردەکردن بریتیە لەوە کە پەروەرشکار هەوڵبدات ئاستی منداڵەکە بەرزبکاتەوە، ئەویش بەوە دەبێ کە خۆی دابەزێنێ بۆ ئاستی ئەوو هەنگاو بەهەنگاویش لەگەڵیدا بەرزبێتەوە، فەرمانیشمان پێکراوە کە بە ئاستی ئەقڵی کەسەکان بیاندوێنین. واتە هەرکەسەو بەڕادەی ئاستی ئەقڵی خۆی بدوێنرێ.



## ١٩- لە کاتی سزادانیدا بە بەزەیی و بەسۆز بە لەگەڵیدا:

بوونی نەرم و نیانی‌و بەزەیی لە کاتی سزادانی منداڵدا مانای ئەوەنیە کە نازی دەکێشی‌و نازداری دەکەیت، هەرگیز نابێت لەگەڵیدا بگەینە ئەوپەڕی جۆرەکانی سزادان...نابشکرێ بێبەش بکرێ لە هەمووشت بەڵکو دەبێ تەنها لەو شتە بێبەش بکرێ کە زۆر خۆشەویستە لەلای‌و ئەگەر لێشی وەرگیرایەوە ئەوا کاریگەری لەسەر دەروونی

ەبێت، بۆئەوەی ببێتە پاڵنەرێك و ڕەفتاری خۆی چاكبكات و تا دەرك بەوەش بكات كە ێتر بۆ جارێكیتر بێبەش نەكرێت لێی.

## ٢٠- دوور بە لە توندوتیژیو جیددیەتی زیادەڕۆ لەگەڵیدا:

چونكە منداڵ لە بازگەیەكی جەنگیدا ناژی، نابێت زیادەڕۆیی بكرێ لە نواندنی زبریو بەكارهێنانی شێوازی توند لەگەڵ منداڵدا، من دایبابێك دەناسم كە زۆر تیژن لەگەڵ منداڵەكانیاندا بەو پاساوە گوایا دەیانەوێت بیانكەنە منداڵێكی بەهێز، لە ڕاستیدا ئەمشێوازە نایانكاتە كەسێكی بەهێز بەڵكو وایان لێدەكات هەستیان تێدا دروست بكات كە سۆزو بەزەییان پێنەدراوە، مەعلومیشە كە بەبێ سۆزو بەزەییو ڕێكوپێك بوون ئەمەندەفەری پەروەردە ناتوانێت بگاتە وێستگە سەرەكیەكەی خۆی.

## ٢١- منداڵەكەت هانبدە لەسەر هەڵسوكەوت و كارە جوانەكانی و ستایشی بكە:

دەبێ منداڵەكەت لەسەر هەڵسوكەوت و كارە جوانەكانی هانبدەیت، هەرچەندە ئەو كارانەو هەڵسوكەوتانەی شتانێكی سادەش بن، چونكە ئەو كارەی منداڵ دەیكات خۆی وا هەستناكات كە شتی سادەبێت بەڵكو وا هەستدەكات ئەوەی ئەو دەیكات كارێكی گەورەو هەوڵێكی زەبەلاحە، بۆ نموونە: ئەگەر كوپی سەر سفرەكەی گواستەوە بۆ چێشتخانەو نەیشكاند ئەوە كارو هەوڵێكی جوان و چاكە... ئەگەر داوایشی كرد بچێتە گەرماو و خۆی خۆی بشوات ئەو كارەی شتێكی باشەو پێویستە ستایشی بكرێ لەسەری...هەركات لە كاتی قسەكردنیدا دەنگی خۆی نزمكردەوە ئەوە هەوڵێكی جوانە...وە ئەگەر لە وەڵامی بانگكردنیدا وتی بەڵێ ئەوە هەوڵێكی باشەو پێویستە پاداشت بكرێ لەسەری.

## ٢٢- ئەگەر منداڵەکەت دیارییەکی پێشکەش کردیت، با هەرچەندە سادەش بێت تۆ پێخۆشبوونی خۆتی بۆ دەربڕە:

ئەگەر منداڵێك هەوڵیدا شتێك وەك دیاریەك پێشکەش بە دایکی بکات ئەوا دەبێ دایکە پێخۆشبوونی خۆیی بۆ دەربڕێ با ئەو شتەش کە پێی دەدات پارچە کاغەزێك بێت کە لەسەری نوسرابێت من دایکمم خۆشدەوێت...هەڵوێستێکی زۆر قورس و نارەحەتم وەبیردێتەوە کە منداڵێك لە دایەنگا مامۆستاکەی یارمەتیداوە کاغەزێکی بچکۆلە بپێچێت بە گوڵێکی سورەوەو لەسەر کاغەزەکە بنوسێ من دایکمم خۆشدەوێت...

منداڵەکە زۆر دڵخۆش بوو بە کارەکەی کە ئەو دیارییە پێشکەش بە دایکی دەکات و ویستی لە پڕو لە کتوپڕدا بیداتێ، بەڵام کاتێك گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ویستی جانتاکەی بکاتەوەو دیارییەکە پێشکەش بە دایکی بکات، بەڵام دایکەکە وتی بڕۆ تا من خواردنت بۆ ئامادە دەکەم خێرا پۆشاکەکەت بگۆڕە، من ئێستە زۆر سەرقاڵم، منداڵەکە چووە ژوورەوە بۆ گۆڕینی پۆشاکەکانی ئینجا بە بێدەنگیو بە هێمنی و لەسەرخۆ لەدوای دایکیەوە چووە چێشتخانەکە لەو کاتەدا دایکەکە گەڕایەوە دواوەو توند کەوت لە منداڵەکەیو راستەوخۆ ترسا کە منداڵەکەی لە دواییەوە بینی بەڵام تۆقاندنێکی زۆر سەخت تۆقی و سینیە خوارۆدنەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە..

دایکەکە زۆر تورەبوو لە منداڵەکەی لەسەر ئەو رەفتارەی، منداڵەکەش سەریسوڕماو ئەویش لە ترسانی دایکەکەی زۆر ترساو کاغەزەکەی لە دەست کەوتە خوارەوەو گوڵەکەشی لێکەوتە خوارەوەو خێرا گەڕایەوە ژوورەکەی خۆیو دەستیکرد بە گریانێکی زۆر بەکوڵ، کاتێك دایکەکە هەستا بە پاککردنەوەی زەویەکەو لابردنی ئەو سینیەی کە شکابوو ئالەوێدا کاغەزەکەو گوڵەکەی بەرچاوکەوت، دەبا ئێستە ئاستی کاریگەریی نەرێنی ئەو کارە لەسەر دەروونی ئەو منداڵە بێنینە خەیاڵمان کە ئەگەر ئەو دایکە نەهاتایە بە خێرایی خۆیی نەگەیاندایەت پێیو نەچوایەتە لایو خۆشحاڵیو بەختەوەریی خۆی بەو دیارییەی بۆ دەرنەبڕیایە چەندە لەسەر دەروونی ئەو منداڵە قورس دەبوو.

## ٢٣- واز له منداڵەکەت بێنه با بەشێوازی خۆی یاری بکات مادامێ یاری بەشتێك ناکات که مەترسی هەبێت بۆی:

بێنه منداڵانێك دەبینین یاری به شتی وادەکەن که شتی بێنرخ و بێبەهان وەك شوشه لوولەی بۆشی قەڵەم یان شوشەی ئاوی خاڵی، لێیگەڕێ با یاریبکات مادامێ دووره له مەترسی، چونکه منداڵان خاوەنی هزرو داهێنانن وەك ئەوه که منداڵ هەڵدەستێ به بەرگگرتنی شوشەی خاڵی به شێوەیەکی جوان و وێنەی شتانێکی لەسەر دەکێشێ... پێویسته دایك واز له منداڵەکەی بێنێ با به هەرشێوەیەك خۆی دەیەوێت یاریبکات با ئەو شتانەش گونجاو نەبن بۆ یاریکردن، جامادامێ یاری به شتانێك ناکات که ببنه مەترسی لەسەری ئەوا ئیتر لێیگەڕێ با به شێوازی خۆی یاریبکات.



## ٢٤- ئەگەر له کاتی یاریکردندا زامداربوو یان ئازاری پێگەیشت لێی توڕەنەبیت:

ئەگەر منداڵەکه له کاتی یاریکردندا زامدار بوو یان ئازاری پێگەیشت ئەوا لێی توڕەمەبه یان تەریقی مەکەرەوه بەڵکو زامەکەی بۆ تیمار بکەو فێریبکه چۆن چۆنی له جاری داهاتوودا خۆی بپارێزێ له زامداریو له بەرکەوتن ، نەکەی دوو سزای لەسەر کۆبکەیتەوه سزای ئازار پێگەیشتنەکەیو سزای توڕەبوونی تۆیش لێی.

## ٢٥- نەگەی بە ڕێنمایی زۆرو تێبینی زۆرت بۆی منداڵەکەت سەغڵەت بکەیت:

نابێت ڕێنمایی‌و تێبینی لەسەر منداڵەکەت زۆر بکەیت تا ئەو شتانەی سەغڵەت و نارەحەتی نەکەن، دایکانێك هەن دەبنە هۆی هەستکردنی منداڵەکانیان بە سەغڵەتی‌و نارەحەتیەکی زۆر، ئەوان دەیانەوێ داوا لە منداڵەکانیان دەکەن بە ڕێگای ڕاستدا بڕۆن. ئەوەش داوایەکە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکاندا گونجاو نیە.

## ٢٦- هەرکات منداڵەکەت لە خوێندنەکەیدا یەك نمرەی بەرزترکردەوە ئەوا پێخۆشبوونی خۆتی بۆ دەربڕە:

هەرکات منداڵ لە خوێندنەکەیدا یەك نمرە زیاتر لە جاری پێشتری چووە پێشەوە ئەوا دەبێ دایکەکە لەسەر ئەو پێشکەوتنەی خۆشحاڵی خۆیی بۆ دەربڕی‌و پێی بڵێ بە ویستی خوای گەورە لە مانگی داهاتوودا زۆرترو زۆرتر دەچیتە پێش.

حەزدەکەم سەرنجی دایکان رابکێشم بۆ ئەوە کە لەوانەیە زۆرکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیی لەسەر منداڵ لە تەمەنی قۆناغی دایەنگادا زیانێکی زۆر بە منداڵەکە بگەیەنێت چونکە دەبێتە هۆی شێواندن و ناسروشتی بوون لە پەنجەکاندا.

## ٢٧- هەرگیز نەکەی بکەویتە شەڕ لەگەڵ منداڵەکەتدا تا بە زۆرەملێ خواردنەکەی بخوات:

منداڵ بە شێوازی نەرم و بە حەزلێکردنەوە دەچێت بەپیری خواردنەکەیەوە، هەرگیز نەکەیت زۆری لێبکەیت بۆ خواردنی جۆرێکی دیاریکراو لە خواردن. منداڵ بە پلەبەندی‌و پاشتر وردە وردە زۆربەی زۆری جۆرەکانی خواردن دەخوات، زۆرکات دایکان دەکەونە دڵەڕاوکێی‌و بێتاقەت دەبن چونکە منداڵەکانیان بەباشی خواردن ناخۆن لەم حاڵەتەشدا دەیانەوێ منداڵەکانیان ناچار بکەن تا بەشێوەیەکی باش خواردن بخۆن، منداڵەکەش لێرەوە کارەکە دەقۆزێتەوە بەجۆرێ کە دەستدەکات بە بەفیڕۆدانی کاتێکی درێژ

سەرئەنجام کاتەکە بە بێهودە دەڕوات کە لەوانەیە دایك بتوانێت لە کۆششکردنی منداڵەکەیدا بەکاری بهێنێت، ئەو دایکەی کە دادیەتی بەدەست کەمخواردنی منداڵەکەیەوە دەبێ نەستەلەو شتانیتری لێکەمبکاتەوە کەوا لە منداڵەکە دەکەن هەست بەتێری بکات، دەبێ دایك دەرکی ئەوە بکات کە منداڵانێك هەن بە سروشتی خۆیان ئارەزووی خواردنیان لاوازە ئەوەش شتێکی سروشتییە.

## ٢٨- بەشداری یاریکردنی منداڵەکەت بکە:

پێویستە دایك دەستبازی لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات و یاری لەگەڵیدا بکات با منداڵەکەش بە شێوازێکی گەمژەو گێلی یاریبکات، دەبینین دایك یان باوکی واهەن بە منداڵەکەیان دەڵێن دوورکەوەرەوە لێم...مەلکێ بە منەوە...یارییەکەی تۆ خراپە...منیش دەڵێم سەرزەنشتی منداڵ مەکە لەسەر شێوازی یاریکردنەکەی.

## ٢٩- منداڵەکەت بانگهێشت بکە با لە هەندێ کارەکانت دا بەشداریت بکات:

پێویستە دایکان واز لە منداڵەکانیان بێنن تا بەشداری بکەن لە هەندێ کاردا وەك ڕێکخستنی خوانی خواردن و ڕێکخستنی ناوماڵ تەنانەت با ئەو منداڵەش بە فیعلی یارمەتی نەدات چونکە ئامانجەکە بەشداریکردنی هەمووانە لەیەك کاردا، یەکێك لەو کارانەش کە منداڵ زۆر دڵخۆش دەکات دایکی بەشداریی پێبکات لە دروستکردنی کێکی جەژندا، یان ئامادەکردنی کێك و ڕازاندنەوەی.

## ٣٠- منداڵەکەت بانگهێشت بکە با هەندێ بەرپرسێتی هەڵبگرێ:

وەك ڕێکخستنی یارییەکانیو ڕێکخستنی ژوورەکەی خۆی، پێویستە منداڵ هەستی تیا دروستبکرێ کە بە شێوەیەکی گەورە بەرپرسێتی هەڵبگرێو بەرپرسێتی روون و ئاشکرای پێ بسپێردرێ. ئاماژە دەدەم کە هەڵگرتنی بەرپرسێتی لەو کارانەیە کە وا لە منداڵ دەکات لە تەمەنی هەشت ساڵیدا ئیتر دەردی درێەتی یان زیادە خەرجکردن یان

رژدی لە ریشکەوە دەربێنێ ئەویش بە هەلگرتنی بەرپرسێتی خەرجی ماڵ بۆ رۆژێك یان دوو رۆژ.

## ٣١-هەوڵبدە بە شێوازی پلەبەندی وشەی (من یان خۆم) لە منداڵەکەتدا کەمبکەیتەوە:

دەبێ بۆ رزگاربوونی منداڵ لە وشەی (من) تیایدا رێسای پلەبەندی بەکاربهێنرێ، ئەویش بەوە دەبێت ئەوەی کە لە ماڵەکەدا بە کەسانیتر دەدرێ زیاتر لەوە بدرێت بەو، هەروەها بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆنەویستی بۆ منداڵەکە لەپێش خەوتندا،.چیرۆکی خێزانێك دەگێڕمەوە کە لە ماڵەکەیاندا دوو گەرماو هەبووە یەکێکیان بۆ هەمووی خێزانەکەو ئەویتریان تایبەت بووە تەنها بە داپیرەوە چونکە حەزینەکردوە کەس بچێتە گەرماوەکەی یان شتەکان و کەلوپەلەکەی بەکاربهێنێ، رۆژێکیان منداڵەکە بچووکەکەیان ویستویەتی بچێتە گەرماو بەڵام گەرماوەکە کەسیتری تێدا بووە، منداڵەکەش زۆر بچووك بووەو نەیتوانیوە خۆی رابگرێو چووەتە لای داپیرەکەیو داوای لێکردوە بچێتە گەرماوەکەی ئەو، ئەم داپیرەیە هەرگیز نەیهێشتووە کەس بچێتە گەرماوەکەی ئەو بەڵام کاتێ باری کورەکەی بینیوە کە زۆر قورس و نارەحەت بووە هەڵوێستەکەی بەهەند گرتووە ئیتر بە کورەکەی وتوە: بچۆرە ناوی، منداڵەکەش بە پەلە چووەتە ژوورەوەو پۆشاکەکەیی داکەندوە، دواتر گەراوەتەوە لای داپیرەیو پێیوتووە تۆ کەسێکی خۆنەویستی ئینجا رۆیشتووەو چووەتە گەرماوەکە.

## ٣٢-باش بزانە ئەوە شێوازی رەفتاری تۆیە کە رەفتاری منداڵەکەت دیاریدەکات:

ئەی دایکی بەرێز پێویستە تۆ خۆت چاکبکەیت و چاودێری هەڵسوکەوتەکانی خۆت بکەیت، چونکە زۆرێك لە کێشەکانمان دەگوێزرێنەوە بۆ منداڵەکانمان، تەنانەت ئەگەر خۆت لە مێروو و مەگەزەکان بترسیت هەمان ترس بە شێوازی جۆراو جۆر دەگوێزرێنەوە

بۆ منداڵەکەت، دایکێك دەزانم کاتێ ڕووناکی دەکوژێتەوە ترسی لێدەنیشێ، ئەم دایکەش منداڵێکی شیرەخۆرەی هەبووە، جارێکیان ڕووناکی کوژاوەتەوەو دایکەکەش منداڵەکەی لە باوەشدا بووە ئیتر منداڵە شیرەخۆرەکەش قیژاندویەتی لە کاتێکدا کە دایکەکە هیچ دەنگێکی بەرزنەکردوەتەوە بەڵام ئەم شیرەخۆرەیە هەستیکردووە کە دایکەکەی ترساوە ئەویش لەبەرئەنجامی بەپەلە لێدانی دڵیەوە بووە.

## ٢٣- منداڵەکەتت وەك خۆی خۆش بوویت و ماچی بکەو لە ئامێزی بگرە:

بە هەموو چاکەو خراپەکانیەوە هەر ماچی بکە، نەکەی بەراوردی بکەیت بە کەسانیتر، ئەگەر تۆ منداڵەکەت ماچ بکەیت ئەوا پاشتریش هەر لەگەڵیدا دەژیت، بەڵام ئەگەر ماچی نەکەیت ئەوا دواتر ژیانت لێدەبێتە دۆزەخ...پێویستە بڕوانیتە لایەنی چاکە لە منداڵەکەنداو بە نیعمەتێکی خوای گەورەی بزانیت لەسەرت کە بەتۆی داوەو دەبێت پێی ڕازی بیت، ئەم نیعمەتەش شایانی ئەوەیە کە بە جوانی پەروەردە بکرێو فێربکرێ، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ﴾ ( الاسراء: ٢٤).

## ٢٤- لەگەڵیدا دابنیشەو نانی لەگەڵدا بخۆ:

پێویستە دایك بەشداری منداڵەکەی بکات لە نانخواردنیدا، ئەمەش لە هەموو ژەمەکاندا زەروور نیە بەڵکو لە ڕۆژێکدا یەك ژەم لەگەڵیدا بێت بەسە، بۆئەوەی کاتی نانخواردنەکەی پڕبێت لە خۆشیو گاڵتەوگەپ.

## ٢٥- لەگەڵ منداڵەکەتدا بڕۆ بۆ گەشت و سەیران و بەسەربردنی کاتی خۆش:

لەگەڵ منداڵەکەتدا بڕۆ بۆ یانەو سەیرانگاکان، بەشداریبکە لە یاریکردنیدا، دەبێ کاتێکی دیاریکراو هەبێت تا منداڵ یاریبکات لەگەڵ باوکیدا، وەك یاریکردن بە تۆپ لەگەڵ باوکیدا تا فێری ڕێکوپێکی ببێت و کۆنترۆڵی تورەییەکانی بکات ، وە داکۆکیکار بێت و

هەوڵدانی هەبێت و پشت بەخۆی ببەستێت، تا بەرپرسێتی سەرکەوتن و شکست لەئەستۆ بگرێ، هاوکات ئومێدو هیوای سەرکەوتنی لە جاری داهاتوودا بۆ دروست ببێت.

## ٣٦- لە منداڵەکەت گەڕێ با بەئارەزووی خۆی خۆشیەکانی دەرببڕێو گۆرانی بڵێ و یاریبکات:

وازی لێبێنە با چۆنی پێخۆشە وەها گاڵتەوگەپ بکات مادامێ دوورە لەهەڵەوە تا هەموو وزەو تواناکانی بخاتە ڕوو، وەك یاریکردن بە لم یان ئاو، لێیگەڕێ با بەشێوازی خۆی یاریبکات ئەمە کاتی یاریکردنیەتی، دەی وازی لێبێنە با چۆنی دەوێت وەها بیکات.



## ٣٧- سەرنجی منداڵەکەت رابکێشە بۆلای جوانیەکانی سروشت:

لە تەمەنی چوارساڵیەوە ئیتر قۆناغی سەرنجراکێشانی منداڵ دەست پێدەکات، پێویستە سەرنجی رابکێشی تا بڕوانێت بۆ خۆرئاوابوون و درەخت و جوانی گوڵ و ڕەنگەکانیو ڕووبارە جوانەکانی وڵاتەکەیو بۆ باڵندەی تووتی لە باخچەی ئاژەڵاندا تا خەیاڵێکی بەرفراوان بۆ منداڵ دروست ببێت، وە توانای چنینی چیرۆکەکانی هەبێت و هەرشتێکی تریش کە خەیاڵی منداڵ فراوانتر بکات ئەوا باشترەو کاریگەری زیاترو بەرزترە. وای لێبکە لەگەڵتدا بەشدار بێت لە لەزەت وەرگرتن لە جوانی سروشت، چونکە تۆ بەمشێوەیە زۆرێك لە مانا جوانەکان و ناسکەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دروستبوونی کەسایەتی ئەودا دەڕوێنی.

سەرنجی دایکانیش رادەکێشم کە شتێکی جوان و باشە ئەگەر قورئانی پیرۆز لە ژووری منداڵەکەتدا ببیسترێ بەڵام نەك لە کاتی دیاریکراوی یاریکردنیدا بەڵکو لەو کاتانەدا کە منداڵ خاودەبێتەوەو خۆیدەکاتەوەو دەیەوێت بحەوێتەوە وەك چارەکێ یان نیو سەعاتێك پێش خەوتن چونکە وای لێدەکات هەست بە هێمنی بکات و بە شێوەیەکی

نەرمی بچێتە نێو قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەوتنەوە. توێژینەوەکانیش ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیان سەلماندوە: ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ﴾ (الرعد:٢٨)

## ٣٨- ڕێگا بە منداڵەکەت بدە با دەستبازی لەگەڵ ئاژەڵان و باڵندە بچووکەکاندا بکات:

ئەگەر منداڵەکەت ویستی پشیلە یان کەروێشك بەخێو بکات یان حەوزێکی ماسی هەبێت ئەوا ڕێگریەك نیە، ڕێگایشی بدە دەستبازی بکات لەگەڵ گیانلەبەران و باڵندە بچووکە ماڵیەکاندا، لەئان و ساتی ئەنجامدانی ئەو کارەیدا فێری بکە بەسۆزو بە بەزەیی وردەکار بێت لەگەڵیاندا.

لە ڕاستیدا حەوزی ماسی شتێکی جوانە چونکە منداڵان هاوکار دەبن لە پاککردنەوەیداو چاودێری ماسیەکانی ناویشی دەکەن.

## ٣٩- منداڵەکەت ئاگادار بکە کە تۆ هەرجۆرە ڕەفتارێکی هەڵەی ئەو ڕەتدەکەیتەوە:

منداڵەکەت ئاگادار بکەو وای لێبکە هەستبکات کە هەرکات ڕەفتارێکی هەڵەی ئەنجامدا ئەوا تۆ هەر ئەو ڕەفتارەی ڕەتدەکەیتەوە نەك خودی منداڵەکە.

## ٤٠- با منداڵەکەت بەوە بزانێ کە تۆ خۆشت دەوێ:

ئاگاداری بکە بە خۆشەویستیت بۆی چونکە خۆشەویستیی داینەمۆی ژیانە، خۆشەویستیو هەستە ناسکەکان لە شتە زۆر گرنگەکانی هەڵسوکەوت و مامەڵە مرۆییەکانن، وریابە نەکەی زبرو ڕەق و توندوتیژ بیت لەگەڵیدا.

تەنانەت ئەگەر منداڵەکەشت هەڵەیکرد تۆ هەر بەسۆزو بە بەزەیی بە لەگەڵیدا، دەکرێ سزای بدەیت بەڵام پاشتر پێبکەنە بە ڕوویداو لە باوەشی بگرەو هەڵەکەیی پێبڵێ.

## ٤١- ئەوە بزانە کە منداڵەکەت لە ناخ و نیەتیدا نیە هەڵە بکات:

منداڵەکەت هێشتا بچووکەو هیچ نیەتێکی خراپ لە ناخیدا نیە، لەبەر ئەوە کاتێك کە هەڵەیەك دەکات لە روانگەی نیەت باشییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

## ٤٢- نەکەی بەردەوام رەخنەو سەرزەنشت ئاراستەی منداڵەکەت بکەیت:

نابێت دایك و باوك لەسەر هەمووشت و هەموو رەفتارێك سەرزەنشت ئاراستەی منداڵەکەیان بکەن تا تووشی گرێی هەستکردن بە تاوان نەکات...ئەوە بزانن کۆمەڵ هەڵەیەك هەن کە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵی یان سێ ساڵیدا دەیانکات وەك میز بەخۆداکردن یان کەوتنی شتێك لە دەستی منداڵەکە بۆیە دەبێت دایبابەکان لەو تەمەنەیدا چاوپۆشی لەو هەڵانە بکەن.

## ٤٣- هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکەیت و بەڵێنی شتێکی نەدەیتی کە نەتوانی بۆی جێبەجێ بکەیت:

چونکە ئەگەر ئەمەت کرد ئەوا متمانەی پێت نامێنێت، کاتێك دایك بە منداڵەکەی دەڵێت نابێت بچیتە دەرەوە چونکە فلانە شتت کرد بەڵام دواتر دەچێتە دەرەوە ئەوە هەڵەیەو نابێت بکرێ، دایکی واهەیە کاتێك منداڵەکەی هەڵە دەکات پێی دەڵێ ئیتر بۆماوەی یەك ساڵ خەرجی رۆژانەت نادەمێ، ئەو کارەی زیادەڕۆیی تێدایەو دواتر خەرجی رۆژانەی پێدەدات چونکە ناتوانێت ئەو قسەیەی جێبەجێ بکات کە بە منداڵەکەیی وتوە، بۆیە دەبێت دایك درۆ لەگەڵ منداڵەکەیدا نەکات و بەڵێنی شتێکیشی پێنەدات کە ناتوانێت بۆی جێبەجێ بکات بۆئەوەی بێ متمانەو بێ بروا نەبێت بە دایکەکەی.

## ٤٤- نەکەی زبر بیت لەگەڵیدا بە تایبەتی لە هەل و مەرجی لە دایکبوونی منداڵێکی تازەدا:

دایکی بەڕێز کاتێ خوای گەورە منداڵێکی تازەت پێدەبەخشێ منداڵە گەورەکەت بانگ بکە با هەڵیبگرێو دوورە پەرێزی مەکە تا زبر نەبێو رق هەڵنەگرێ لەو منداڵە نوێیە...دەبێ لەگەڵ هاتنی منداڵی دووەمدا سۆزی منداڵە گەورەکە رابکێشی بەلای خوشک یان برا لە دایکبووە لاوازەکەیدا...پێویستە دایك منداڵی گەورە بەشدار بکات لە هەڵگرتنی بەرپرسێتی بەرانبەر منداڵە بچووکەکەو یارمەتیدانی لە کاروبارەکانیدا، نەکەی گرنگی پێدانت بە منداڵە نوێیەکە دەربڕیو منداڵە گەورەکەت هەستی پێبکات...بۆیە دەبێت باوك و دایك بەناوی منداڵە لە دایکبوەکەوە دیاری بۆ منداڵە گەورەکە ئامادە بکەن و بیدەنێ.

## ٤٥- هاوڕێیەتی منداڵەکەت بکەو یاری لەگەڵدا بکە:

پێویستە هاوڕێیەتی منداڵ بکرێ، دەبێ دایبابەکان هەندێ کاتیان بدەن بە یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانیاندا، ئەم کارەش لەوشتە زۆر سودبەخشانەیە کە گەشە دەدات بە خۆشەویستی لەنێوان ئەندامانی خێزانداو پێکەو بەستنیان زیاتر دەکات.

## ٤٦- خۆشیی و کامەرانی بخەرە دەروونی منداڵەکەتەوە:

ئەویش لەرێگای یاریکردن لەگەڵ منداڵداو بەخشینی ئەو دیاریانە پێی کە خۆشەویستن لەلای، هەروەها کاری تریش کە کامەرانی دەخەنە دڵی منداڵەکەوە.

## ٤٧- چاندنی کێبڕکێی باش و بونیاتنەر لەنێوان منداڵەکانتدا:

پێدانی پاداشت بە منداڵی سەرکەوتوو شتێکی زەروریيە، هەڵوێستەیەکیش بەدبناکەین لەو هەڵوێستەی پێغەمبەرﷺ پرماناتر بێت کاتێ کە پرسیاری لە هاوەڵانی کردو فەرمووی: لەنێو درەختەکانی بیاباندا درەختێك هەیە کە گەڵای ناکەوێت ئەویش

وەك موسڵمان وایە، پێم بڵێن ئەوە کامە درەختە؟ عەبدواڵڵەی کوڕی عومەر دەڵێ خەڵکی کەوتنە سۆراخی درەختەکانی بیابان، عەبدواڵله دەڵێ کەوتە دڵم کە ئەو درەختە دارخورمایە پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دارخورمایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەکرێ منداڵان پەی بە شتانێك ببەن کە گەورەکان پەی پێنابەن.

## ٤٨- دەبێ بەردەوام منداڵەکەت هان بدەیت بۆ شتی چاکە:

لە راستیدا پرەنسیپی هاندانی منداڵ بە بەردەوامی لەسەر هەرشتێك کە پێی هەڵدەستێ تەنانەت ئەگەر لە رەفتار یان شێوازیشدا هەڵەیکرد هەر کارێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە..

پێشتر باسی هەڵوێستی کێبڕکێم کردو هەڵوێستی عەبدواڵڵەی کوڕی عومەرم خستەڕوو، جا بۆ تەواوکردنی هەڵوێستەکە ئەم بەسەرهاتەی پێشەوا عومەر کوڕی خەتتابە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەخەینەڕوو، ئەوەبوو کاتێ کە زانی کوڕەکەی وەڵامی پرسیارەکەی پێغەمبەر ﷺ دەزانێ، بە عەبدواڵله کوڕی خۆیی وت: ئەی چی رێگیری لێکردی کە زوو وەڵامەکە بڵێیت؟ ئەگەر تۆ بتوتایە ئەوا لە فلانە شت و فلانە شت لەلام خۆشەویستر بوو، پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) ویستی بەم هەڵوێستەی کوڕەکەی فێری ئازایەتیو دەستپێشخەری رادەربڕین بکات کە شتێکی باش و جوانە، بەڵام عەبداللهی کوڕی عومەر بە باوکی وت: ئەوەی کە رێگیری لێکردم ئەوە بوو کە نە تۆو نە ئەبوبەکرم نەبینی قسەبکەن منیش پێمناخۆش بوو ئێوە دانیشتبن و من قسە بکەم.

## ٤٩- لەسەر کردارە چاکەکانی سوپاس و ستایشی منداڵەکەت بکە:

پێویستە منداڵ هەرشتێکی باشیکرد ئیتر سوپاس و ستایشی بکرێ بەڵام ئەگەر منداڵ شتێکی نەکردبێ ئەوا هیچ پێویست ناکات سوپاس و ستایشی بکرێ، چونکە ئەمەیان شێوازێکی هەڵەیەو ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئیتر منداڵ هیچ شتێکی چاك و دروست

ئەنجام نەدات...دەبێ سوپاس و ستایشکردن لەسەر شتێکی دیاریکراو بێت کە منداڵ بە شێوەیەکی روون و دیارو لەبەرچاو پێی هەستابێت.

## ٥٠- با منداڵەکەت لە کۆڕی دانیشتنی گەورەکاندا دابنیشێت:

دەبێ منداڵەکانمان ئامادەبکەین بۆ پێگەیاندن و بوونی بڕشتی ئەقڵی تیایاندا ئەویش بەوە دەبێت وایان لێبکەین لە کۆڕی گەورەکاندا دابنیشن و قسەبکەن و مشتومڕ بکەن و رای خۆیان دەربڕن چونکە ئەمشێوازە وا لە منداڵ دەکات هەست بەبوونی خۆیبکات و تواناکانی گەشە پێبدات.

## ١٧



# هەڵەی حەڤدەیەم



## ڕەچاونەکردنی پلەبەندی
## لە مامەڵەکردن
## لەگەڵ منداڵدا

# رەچاونەکردنی پلەبەندی



دایك و باوكانێك هەن لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ منداڵدا بەهیچ جۆر رەچاوی پلەبەندی ناكەن لە پەروەردەكردندا، بەڵكو لەماوەی قۆناغە جۆراوجۆرەكانی تەمەنیدا هەر بەیەك شێواز مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن، لێرەدا دەبێ هەریەك لە دایبابەكە دەركی ئەوە بكات كە دەبێ بەشێوازێ مامەڵەی منداڵەكەیان بكەن گونجاو بێت لەگەڵ ئەو تەمەنەی كە پیایدا تێدەپەڕێ، چونكە ئەو منداڵەی كە تەمەنی دەگاتە دووساڵ جیاوازە لەو منداڵەی كە تەمەنی دەگاتە چوارساڵ.

ئەو هەڵەیەی كە منداڵ لە تەمەنی دووساڵیدا دەیكات وەك میز بەخۆداكردن دەبێ بە شێوەیەكی جیاواز چارەسەر بكرێ لەو میز بەخۆداكردنە كە منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەیكات.

## هۆیەكەی

پلەبەندی لە راستكردنەوەی رەفتاردا كارێكەو لەگەڵ ئەو سروشتە مرۆییدا گونجاوە كە پێی زەحمەتە لە ناكاودا واز لەو رەفتارو خووییەی بهێنێ كە لەسەری راهاتووە، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی كردووە بە هەولی راستكردنەوەی رەفتاری هاوسەر لەلایەن پیاوەكەیەوە كە ئەم كارە پێویستی بە كات و پلەبەندی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّ﴾ بەسزای لێدانیش كۆتایی پێهێناوە...كەواتە مەسەلەكە پێویستی بە



رێژەیەكی پێویست لە پلەبەندی هەیە، لەوانەیە نەفەس كورتیو تێنەگەیشتنمان بەهێزی هەڵەكردنی منداڵەكانمان پاڵنەرێك بێت كە لە مامەڵەكردنمان لەگەڵ منداڵەكانماندا رەچاوی پلەبەندی نەكەین.

## چارەسەر

کارەکە لە پرۆسەی مامەڵەکردندا بەم پێیە پێویستی بەجۆرێك لە پلەبەندی هەیە بەجۆرێ کە هەر منداڵەو بەپێی تەمەنی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

دایکێك دەناسم لە تەمەنی یەك ساڵیو دووساڵیو چوارساڵی منداڵەکەیدا دەهات لەسەر میز بەخۆداکردن لێی دەدا... شتێکی زۆر سروشتیە کە منداڵ لە تەمەنی یەك ساڵیدا میز بەخۆیدا بکات تەنانەت تا تەمەنی سێ ساڵیش ئەو هەر لە پرۆسەی راهێناندایەو دەبێت هانبدرێ لەسەر ئەو پرۆسەی راهێنانە، بەڵام لە تەمەنی چوارساڵیدا ئەوە کێشەیەکەو دەبێ دایبابەکە لەسەری بوەستن...دەبێ بزانرێ ئایا ئەم منداڵە لەو تەمەنەدا کە میز بەخۆیدا دەکات بەهۆی بارودۆخێکە کە لە ماڵەکەدایە یان گرفتیتر هەیە وە یان هۆکاریتر هەن، هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو هۆیەی کە گرفتەکەی دروست کردووە.

١٨



# هەڵەی هەژدەیەم



# سزانەدانی منداڵ



هەندێجار دایبابەکە سزای منداڵەکەیان نادەن کە رەفتارێکی هەڵەی کردووە، بۆیە دەبێ هەرکات پەروەرشکار رەفتارێکی هەڵەی لە منداڵەکەیەوە بینی ئەوا دەبێت پێی بڵێ بە ئەدەب بەو وانەکەیت...

تەنانەت ئەگەر ئەو هەڵەیەشی لە شێوازی یاریکردنیدا بێت، چونکە هەندێجار دوو منداڵ دەبینین کە بە شێوەیەکی توندوتیژ یاری دەکەن، لێرەوە ئەرکی دایبابەکەیانە داوا لەو منداڵانە بکەن لە یاریکردندا رەفتاریان راست بکەنەوە.

## هۆیەکەی

ئێستەش لە دووتوێی ئەم هەڵوێستەدا پەی بەهۆیەکە دەبەین...

دێتەوە بیرم کە دایك و باوکێك لە ژووری دانیشتندا دانیشتبوون و کوڕە گەورەکەیان لەگەڵیاندا بوو، لە پاش کەمێك کوڕەکەی تریان هات و لەگەڵ براگەورەکەیدا کەوتە یاریکردن ، لەکاتی یاریکردنەکەدا کوڕە گەورەکە بەتوندی دای لە براکەی کە یاری لەگەڵدا دەکرد کوڕەکەش کەوت و سەری دای بەزەویدا، بەرکەوتنەکەشی زۆر بەهێز بوو، دایکەکە هەر چاوەڕێی توانجێك بوو لە باوکەکەوە لەسەر هەڵوێستی کوڕە گەورەکەی بەڵام هیچی نەکرد، ئیتر دایکەکە وتی: شتێ بە کوڕەکە بڵێ، لێی توڕەببە لەوەی کە بەبراکەیی کرد، بەڵام باوکەکە وتی ئەوان یاریدەکەن ئەمەش حاڵی هەموو ئەو منداڵانەیە لە یاریکردندا، ئەمەش کارێکی هەڵەبوو لە باوکەکەوە چونکە مادامێ سنوری یاریکردنی بەزاندووە دەبووایە سزای کوڕەکەی بدایە...

ئەم گوتەیەم بەم مانایە نیە دایبابەکان لە هەموو شەڕەقسەو بەگژیەکدا چوونێکی منداڵەکانیاندا بێن بچنە ناو کێشەکە بەڵکو بەو مانایەیە کە کارەکە پێویستی بەجۆرێك لە جۆرەکانی رێنمایکردن هەیە.

# چارەسەر

هەرکات پەروەرشکار لە منداڵەکەیەوە رەفتارێکی هەڵەی بینی ئەوا دەبێت پێی بڵێ (( بە ئەدەب بەو وامەکە)) با تەنانەت ئەو هەڵەیەشی لە شێوازی یاریکردندا بێت، هەندێجار دوو منداڵ دەبینین بەتوندی یاریدەکەن لێرەدا ئەرکی دایبابەکانە داوایان لێبکەن یاریەکەیان راستبکەنەوە...

چونکە سزانەدانی رەفتاری هەڵەی منداڵ شێوازێکی هەڵەیەو لەو هەڵ پەروەردەییانەیە کە لێمان دەخوازێت زۆر هەڵوێستەی لەسەر بکەین، چونکە لەوانەیە لەم هەڵەیەوە چەندین هەڵەی زۆر گەورەتر بێنەپوو، یەکێك لەوانەش ئەوەیە کە منداڵ هەڵسوکەوتی راست لە هەڵسوکەوتی هەڵە جیاناکاتەوە.



# هەڵەی نۆزدەیەم



## پێنەدانی ئاماژەی ئەرێنی بەمنداڵ

# پێنەدانی ئاماژەی

# ئەرێنی بە منداڵ



## هۆیەکەی

مەبەست بە نەدانی ئاماژەی ئەرێنی بە منداڵەکە ئەوەیە کە ئەگەر سیفەتێکی زۆرباش لە منداڵەکەتدا هەیە ئەوا ئیتر سەرنجی رامەکێشە بۆ پێچەوانەکەی کە گوایا نەبادا رەفتارێکی نەرێنی بکات تا لەمەوە گاریگەرییەکی نەرێنی بەرهەم نەیەت بە جۆرێك کە لەبەرئەنجامی هەستکردنی بە دڵەڕاوکێ منداڵەکە وا لێبکات ئیتر واز لە سیفەتە چاکەکەی بهێنێ.

وەك ئەوە کە بە منداڵەکە بڵێین تۆ توانیت پرسیارەکان هەرچەندە قورسیش بوون وەلامبدەیتەوە ئەمەش کاریگەری لەسەری دەبێت و ئەو بیرۆکەیە دەچێتە دەروونیەوە کە لێرە بەدواوە ئیتر توانای وەلامدانەوەی پرسیارە قورسەکانی نابێت.

## چارەسەر

دەبێت بە هەمیشەیی ئاماژەی ئەرێنی بدەین بە منداڵ، وەك ئەوە پێی بڵێین: تۆ منداڵێکی گوێڕایەڵی... تۆ منداڵێکی لەسەرخۆیت...تۆ منداڵێکی نایاب و ناوازەیت...تۆ منداڵێکی زیرەکی...باشتکرد ئەرکەکەتت وەلام دایەوە... هەمیشە ئاماژەی ئەرێنی پێبدەرێ نەك ئاماژەی نەرێنی، بەردەوام منداڵەکەت بە سیفەتی باش وەسف بکە، جائەگەر ویستت وەسفی شتێکی خراپ بکەیت کە تیایدایە ئەوا وەسفی رەفتارەکەی بکە، بڵێ ئەم رەفتارەت هەڵەیە بە بێئەوەی خودی منداڵەکە بە سیفەتێکی خراپ وەسف بکەیت...

# بەسەرهاتی پەند ئامێز

دایکێکم وەبیر دێتەوە کە لەبارەی دوو منداڵەکەیەوە قسەی لەگەڵ مێردەکەیدا کردووەو وتویەتی: فلانە منداڵ بێ ئەرك و بێ زەحمەتەو خۆی دەچێتە سەرجێگاکەی‌و بەبێ کەس دەخەوێت، بەڕاستی منداڵێکی زۆر هێمنەو هەرگیز لە تاریکایی ناترسێ کەچی



براکەی لە تاریکایی دەترسێ، وا ڕێکەوتووە ئەو منداڵەی کە ناترسێ گوێ بیستی ئەو وتووێژە بووە، دواتر ئەوەی لێکەوتەوە کە ئیتر هەرگیز بە تەنها نەڕواتە سەرجێگای نوستنەکەی‌و وای لێهاتووە لە تاریکایی بترسێ، بە جۆرێکی وەها لەدوای ئەوەوە ئیتر نەدەبوو هەرگیز ڕووناکی ژوورەکە بکوژێتەوە، هەموو ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرت کە دەرکی بە شتانێکی دیاریکراو کرد ئەویش ئەوەیە کە دەکرێ مرۆڤ لە تاریکایی بترسێ، کەواتە دەبێت وریابین و لە کاتی پەروەردەکردندا ئاماژە بە شتی نەرێنی نەدەین.

٢٠



# هەڵەی بیستەم



# تێرنەکردنی منداڵ



لە ڕاستیدا تێرنەبوونی منداڵ لە پێویستبوونی بە بەزەیی‌و خۆشەویستی‌و سۆزداریی ڕەفتارێکە ئاسەواری زۆر خراپ لە دەروونی منداڵدا بەجێدەهێڵێ.

چۆن دەبێ منداڵەکانمان نوقم نەکەین لەنێو بەزەییدا لە کاتێکدا کە ئایینەکەمان ئایینی بەزەییەو پێغەمبەرەکەشمان پێغەمبەری بەزەییە؟! خوای گەورە شێوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ یەکتریدا بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ چۆن بەزەیی ببێتە مەوێنی ئەو پەیوەندییانە. دەفەرموێ: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡۖ﴾ (الفتح:٢٩) پێشتر ئاماژەمکرد بەو شەمەندەفەری پەروەردەیە کە منداڵەکەم دەگەیەنێتە وێستگەی ئارامی‌و هێمنی، ئەو شەمەندەفەرەی کە لەسەر دوو هێڵە ئاسنە ئەوانیش هێڵی ئاسنی ڕێکوپێکی‌و توندوتۆڵی‌و هێڵی ئاسنی بەزەیی‌و خۆشەویستی‌و سۆزداریی.



پێویستبوونمان بە بەزەیی کارێکی زەرورییە چونکە ئەگەر بەزەیی نەبوو، وە مامەڵەی هێمنانەی دڵنیاکەر لە خۆشەویستی‌و سۆزداریی بوونی نەما ئەوا سەرئەنجام لەیەک تێگەیشتنیش لەناو دەچێت.

## هۆیەکەی

باوکانێك بەدی دەکەین کە جۆری مامەڵەیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا سەخت و زبرو توندوتیژە وەك بڵێی مامەڵە لەگەڵ سەربازاندا بکەن، لێرەدا ئەو هەڵوێستە مەزنەی پێغەمبەر ﷺ وەبیردێنمەوە کاتێك کە حەسەن و حوسەینی ماچدەکرد، پیاوێکیش چاوی پێیکەوت و وتی: من دە منداڵم هەیە کەسیانم بەمجۆرە ماچ نەکردووە کە تۆ حەسەن و حوسەینت ماچکرد، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ( دەی من چی لەتۆ بکەم کە خوای گەورە بەزەیی لە دڵتدا دەرهێناوە). بوخاری گێڕاویەتەوە.

## چارەسەر

گرنگی نەدان بە هەستەکانی منداڵ شتێکی هەڵەیە، نابێت لەسەر هەرشتێکی بچووک و گەورە رەخنەیان لێبگرین و سەرزەنشتیان بکەین، منداڵ پێویستی بەوەیە دڵنیابکرێتەوە کە خۆشەویستە بە تایبەتی کاتی هاتنی برایەکی تازە لەدایکبوو بۆی وەیان کاتی یەکەمجار رۆیشتنی بۆ دایەنگا یان گواستنەوەی لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکیتر وەیان هەر شتێکیتر کە بەسەر منداڵەکەدا دێت وەك گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ( **هەرکەس رێز لە گەورە نەگرێ‌و بەزەیی بە بچووکدا نەیەتەوەو مافی زانامان نەدات ئەوا لە ئوممەتی من نیە** ) ئەحمەد و حاکم گێراویانەتەوە.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

لە راستیدا منداڵان ئامێری بێ هەست و نەست نین، بەسەرهاتی دوو منداڵی دووانەم بەبیر دێتەوە کە تەمەنیان شەش مانگ بوو ، خوای گەورە ویستی وابوو یەکێك لە دووانەکە بمرێنێ ئیتر لێرەوە منداڵەکەی تریان یەك هەفتە شیری نەخوارد بە ئاستێکی وەها کە ناچار ئاویان بۆ هەڵواسی چونکە ئەو منداڵە هەستی بە لەدەستدانی براکەیی کردبوو...تینی گەرمایی براکەیی ونکرد کە بە تەنیشتیەوە دەخەوت... هەناسەدانی ئەو برایەیی کاتێ کە پێکەوە شیری دایکەکەیانیان دەمژی لە دەستدا ، هەموو ئەم رەنگدانەوانە لە هەستکردن بە خۆشەویستی‌و سۆزیی براکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکردو کچەکەی (زەینەب)ی

هەلگرتبوو هەرکات سوژدەی ببردایە لە بەردەمیدا دایدەنا و هەرکات هەستایەتەوە دەیکردەوە باوەشی.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ حەسەن و حوسەین دەستبازی دەکرد، هەروەك حوشتر لەسەر هەردوو دەستی و هەردوو ئەژنۆی دەڕۆیشت و ئەوانیش لە هەردوولاوە خۆیان هەڵدەواسی پێیەوە ئەویش بەوانەوە دەکەوتە ڕۆیشتن و پێی دەفەرموون حوشترەکەتان باشەو ئێوەش دوو سواری چاکن.

لە راستیدا خۆشەویستی و سۆزداریی و رێنماییکردنی راست و دروست وا لە کەسایەتی منداڵ دەکات بە شێوەیەکی رێکوپێك و کامڵ گەشە بکات.

**چەند شێوازێکی پەروەردەیی کە یارمەتی منداڵ دەدەن بەوە بزانێ کە تۆ خۆشت دەوێ:**

١- پێویستە بە بەردەوامی رووبەرێکی باش لە نواندنی خۆشی و گاڵتەوگەپ و حەوانەوەی دەروون بوونی هەبێت تەنانەت لە کاتی سەعیکردنیشدا، تەنانەت لە کاتی سزادانی منداڵیشدا هەردەبێت رووبەرێکی حەوانەوە پێدان بوونی هەبێت، سۆز بە منداڵەکەت ببەخشەو نوقمی بکە لە خۆشەویستیدا، بەڵام ئەکەی بە هەستە زۆرەکانت لە بەرانبەریەوە کۆت و بەندی بکەیت، واتە پێویست ناکات ئاگاداری بکەیت کە تۆ خاوەنی ئەویت.



٢- هەل بۆ منداڵەکانت برەخسێنە تا یارمەتیت بدەن، من بۆ خۆم بڕوام وایە ئەمە بە پلەیەکی گەورە بەرپرسێتی دایکە، بەڵام دەبێ دووربکەوینەوە لە رەخنەگرتن و سوکایەتی پێکردن و قسەی ناشیرین کردن. بە دڵنیاییەوە کە خۆشەویستیی بە هەمیشەیی راڤەکاری رەفتارو شێوازە، خۆشەویستیت بنێرە بۆیەو لە بەرانبەرەوە لە رێگای رەفتارە جوانەکانی منداڵەکەتەوە خۆشەویستییەك وەربگرە.

# چەند ئامۆژگاریەك كەوا لە منداڵ دەكەن دڵی وابەستەی خێزانەكەی بێت

١- بۆئەوەی منداڵەكەت وا لێبكەیت دڵی وابەستەی خێزانەكەی بێت دەبێت منداڵەكەت بەشدار بێت لە ئیشوكاری ماڵدا، هەمووان چوون یەك، وەك رێكخستنی ژوورەكەی خۆی یان یارمەتیدان لە چێشتخانەدا یان گواستنەوەی قاپ و قاچاغی سەرسفرەی خواردنەكە، یان ئەگەر منداڵەكەت گەورە بوو ئەوا وازی لێبێنە با سەعیبكات بە خوشك و برا بچووكترەكانی.

٢- دەبێ گوێرادێرین بۆ منداڵ و گوێبیستی قسەكانی بین، چونكە منداڵان لە تەمەنی چوارساڵیدا قسە زۆر دەكەن و بەردەوام بیست و چوار سەعات ئەڵێی رادیۆی كراوەن و هەر دەیانەوێ بڵێن و بڵێن، ئەركی سەرشانی دایبابەكان ئەوەیە جوان گوێیان بۆ بگرن تا دڵیان وابەستە بێت بە ماڵەوە، ئەگەرنا ئەوا گوێ بۆ نەگرتن وایان لێدەكات دڵیان بچێتە دەرەوەی خانەوادەكەیان.

٣- كاتێ منداڵەكەت شارەزاییەك لە شارەزاییەكان بەدەست دەێنێ تۆش گوزارشت بكە لە دڵخۆشیت و بەختیاریی خۆتی پێبگەیەنە، با ئەو كارەیشی شتێكی سادە بێت چونكە مانای ئەوەیە گەشەی زیاتری كردووەو شتێكی نوێی بە دەستهێناوە.

٤- با منداڵ شوێنێكی تایبەت بەخۆی هەبێت، مەبەستم ئەوەنیە ژوورێكی جیا بەخۆی هەبێ، بەڵكو مەبەستم شوێنێكی بچووكە وەك ئەوە كە رەفەیەك یان یەك دووقاتی شوێنی شت هەڵگرتن یان سندوقی یاری لە شوێنێكی دیاریكراودا هەبێ كە خۆی بزانێ ئەوە تەنها هی ئەوە، ئەمەش بۆئەوەیە تا فێری بیرۆكەی خاوەندارێی یان موڵكداری بەخۆی تیایدا دروست ببێ.

٥- وازی لێبێنە باجۆرێك لە جۆرەكانی ئازادی هەبێت تا خۆی بكەوێتە تاقیكردنەوەو ئەزموون پەیدابكات و بەرپرسێتی هەڵبگرێ، بۆنموونە وازی لێبێنە با خۆی هەوڵبدات و لە فێربوونی نووسیندا شارەزایی پەیدا بكات...خێرا مەڕۆ كوپ و پەرداخەكەی لێبگریت بەڵكو وازی لێبێنە با هەوڵ بدات خۆی تاقیبكاتەوەو لە ئەزموونی خۆیە

فێربێ که کوپ چۆن بگرێ یان قەڵەم چۆن بگرێ یان به شێوەیەکی راست
وشەیەکی لەدەم بێتە دەرەوە یان tv بکاتەوە یان بچێتە شوێنی خۆپاککردنەوەو
خۆ شوشتن.

٦- لێبگەڕێ با بەئارەزووی خۆی گوزارشت لە راکانی بکات.

٧- ئاگادار بکرێ کە لە توانایدایە ئەوەی خۆی دەیەوێت دەتوانێ بەدەستی بهێنێ

٢١



## هەڵەی بیست و یەکەم



بەو چاوە سەیری منداڵ

بکرێ،

گوایا

هێشتا هەر بچووکە

# منداڵ به بچوك
# سه‌یر بكرێ



له راستیدا سەیرکردنی منداڵ بەو چاوە کە هێشتا هەر منداڵە شێوازێکی پەروەردەیی هەڵەیە، هەڵەیەکەو زۆر کەس لە هەستکردنیان بەوە کە منداڵەکە بچووکە تێی دەکەون، ئیتر ئەمیش لێرەوە توانای نابێ بەرپرسێتی هەڵبگرێو ڕای خۆی دەربڕێ.

## هۆیەکەی

زۆرێك لە دایبابەکان وا هەستدەکەن کە ئەوە ئەوانن دەبێ سیستمی ژیانی منداڵەکەیان دیاریبکەن و ئیتر دەبێ منداڵەکە خۆی ڕێکخات لەگەڵیدا وەك دیاریکردنی کاتی یاریکردن یان ڕۆیشتن بۆ یانە یان بینینی تەلەفزیۆن وە یان کاتەکانی نانخواردن و یان...یان، ئەمەش هەڵەیەکە لەو هەڵانەی کە منداڵەکانمان ڕاڵبدەکەن وەك ئۆتۆمبێلی بێ پاتری لێبێت، چونکە ئۆتۆمبێل بەبێ پاتری کە کارەبا شەحنی دەکات توانای جوڵەی نیە، جائەگەر وزەی پاتریەکە خاڵیبکرێتەوە ئەوا لەوانەیە بە پاڵنانێکی زۆر لەلایەن کەسانیترەوە کەمێك بڕوات، بەڵام هەرکات خۆی وەستا ئەوا بەخودی خۆی هەرگیز ناجوڵێت و دووبارە دەبێت پاڵبنرێ، لێرەوە پێویستە ئەو پاتریە بەکار نەهێنین کە بە پاڵ نەبێ ئیتر ئۆتومبێلەکە نەڕوات، بەڵکو دەبێ پاتریەکی خودکار بەکاربهێنین کە لە توانایدا بێت خۆی بەتەنهاو بەبێ پاڵنانی کەسانیتر ئۆتۆمبیلەکە بجوڵێنێو بڕوات. واتە وزەی خودی تێدابێت.



جا لەو ڕوانگەیەوە کە دایبابەکان وا هەستدەکەن منداڵەکەیان هێشتا هەر بچووکە ئەوا منداڵ بەشدار نابێت لە دانانی ڕێساکانی رەفتاریدا، لە راستیداهیچ جۆرە ڕێگرییەك نیە کە دایك بە منداڵە بچووکەکەی بڵێت: ئایا یاری دەکەیت یا سەیری tv دەکەیت؟ ئایا سەمی دەکەیت یان نان دەخۆیت؟ جائەگەر دایکەکە بیربکاتەوە ئەوا منداڵەکەی دەبینێ

هەردوو ئیشەکە دەکات، ئیتر سەرەتا سەعییەکەی بکات یان نانەکەی بخوات چوون یەکە، دەی هەولبدە بە بەردەوامی کارێکیتر (ئەلتەرناتیف) بخەیتە بەردەم منداڵەکەت و وای لێبکە ئەو خۆی کامیانی دەوێت هەڵیبژێرێ...

## چارەسەر

زۆرێك لە دایکەکان دەڵێن ئێمە پێش هاوسەرگیریمان بەمشێوەیە نەبووین، کەچی ئێستە هەر دایکەو خۆی وادەبینێ کە بووەتە کەسێکی تورەو شلەژاو و زوو سەغڵەت بوو، لە دوای هێنانی منداڵیش ئەوا تورەیی دایك زیاد دەکات و تووشی گرژێتی دەبێت...منیش بەو دایکە دەڵێم ئەوە تۆیت کە ئەوەت بەسەر خۆتدا هێناوە چونکە خۆتت سەرقاڵکردووە بە شتانێکی زۆر زۆرەوەو دەستت داوەتە سەپاندنی کۆمەڵێ رێسا بەسەر منداڵەکەتتدا، منداڵەکانیشت ئەو رێسایانەیان نایەوێ و پێیان رازی نین چونکە بوارت نەداون تا لە دانانی ئەو رێسایانەدا یارمەتیت بدەن.



دەی بواری بۆ برەخسێنەو رووبەرێکی لە هەڵبژاردندا بدەرێ، هیچ پێویست ناکات دایکەکە بە زۆر منداڵەکەی پابەند بکات بە ئەنجامدانی شتێکی دیاریکراوەوە، وەك ئەوە کە پێی بڵێ: هەستە هەرئێستە فلانە کار بکە بەڵکو بواری بدەرێ خۆی کاری هەڵبژێرێو بیکات ئەگەرنا ئەوا جیاوازییەکی گەورە لە پێکهاتەی کەسایەتیاندا روودەدات، لێرەوە چەندین کێشە دروست دەبێت کە لەم هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرن.



پیادەکردنی هەندێ ئاڕاستەی نەرێنی و هەڵە
لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا

ئەم هەڵانەی تر کە دێن کارەساتن...
کارەساتن و دەبنە هۆی لەقبوونێکی دەروونی،
هەروەها دەبنە هۆی لەکەداربوونی کەسێتی لە
سیستمی پێکهاتەی منداڵدا... ئەمانەش لەو
هەڵە پەروەردەییانەن کە کەسایەتی منداڵ
دەکوژن و گیانی داهێنان و لێهاتووییەکان دەمرێنن..

٢٢



# هەڵەی بیست و دوویەم



# زیادەڕۆیی کردن

# لە پاراستنی منداڵدا



ئێمە بە هەمیشەیی دەیچوێنین بەو قەفەسەی کە منداڵ دادەنرێ تیایداو دادەخرێ لێی، وەك -بەداخێکی زۆرەوە- ئەو گیانلەبەرانەی کە لە باخچەی ئاژەڵاندان.

لە دیمەنەکانی ئەو هەڵەیەش وەك ئەو شتانەی لە هەندێك لە دایکانەوە دەیبیستین، وەك وتنی: خۆت ماندوو مەکە...لەوانەیە ئازارت پێبگات...لەگەڵ ئەوکەسەدا یاری مەکە لەوانەیە لێت بدات، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوکەوت مەکە چونکە قسەی ناشیرین دەکات...من ماوەی نیو کاتژمێر دەچمە دەرەوەو پەیوەندی دەکەم تا لە منداڵەکە دڵنیابم، دەچێتە دەرەوە ئیتر بەردەوام لە پەیوەندیدایەو وەستانی نیە هەر بۆ ئەوە تا دڵنیا بێت لە سەلامەتی منداڵەکەی...وەك بڵێی ئەم منداڵەی ئەم لە وێنەی نیە.



## هۆیەکەی

هۆیەکەی بوونی ترسێکی زیاد لە پێویستە لەلایەن هەندێك لە دایکانەوە بۆ منداڵەکانیان و هەستکردنیان بەوە کە ئەو منداڵانەی ئەو لە وێنەیان نیە وەك بڵێی نایاب و لە منداڵەکانیتر جیاکارترن.



## چارەسەر

دەبێ دایك بزانێت و دەرك بەوەبكات كە لەڕاستیدا زیادەرۆیی كردن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین كێشە لەوانە:

- ترس لە هەڵگرتنی بەرپرسیتی.
- بڕوا بەخۆ نەبوون.
- نەتوانایی لە بڕیارداندا.
- هەستكردن بە شكستخواردن.
- نائومێدیو داڕوخان لە كاتی رووبەڕوبونەوەی گرفتەكاندا.
- هەمیشە پشتبەستن بە كەسانیتر.



**گومانی تێدانیە ئەو منداڵەی كە بەمشێوەیە پەروەردە دەبێت دەكەوێتە نێو حاڵەتی ئالودە بوون و دەكەوێتە ژێر كاریگەری هاوڕێیانی خراپ، دەبێتە ئەو كچەی كە زوو هەڵدەخەڵەتێ، سەرئەنجام ئەو خێزانانە بەرهەم دێنێت كە لەبەردەم هەڕەشەی تەڵاقداندان..**

دەبا وریا بین پارێزگاری لێكردنی زیاد لە پێویست بۆ منداڵ شتێكی نەخوازراوە، منداڵەكانمان كاغەزی سۆلیفان نین...با لێیان گەڕێین راكێشان بكەن و یاریبكەن و بكەون و شەڕە قسەبكەن و تێكەڵ بە یەكتر بین و فێربین.

## نموونە

سەرم سوڕدەمێنێ کە بە ناوی پاراستنی
زیاد لە پێویست تا تەمەنی دە ساڵی یان
پانزە ساڵی ڕێگیریی لە منداڵ دەکەین بچێتە
نێو شەقام کە دواجار دەبێتە لاوێک و ناتوانێت
شتێک لە پۆشاک یان پێڵاو بەخۆی بکڕێو
ناشتوانێت بەتەنها بچێت بۆ قوتابخانە

٢٣



## هەڵەی بیست و سێیەم



# فەرامۆشکردنی منداڵ



پشتگوێ خستن کێشەیەکە لەوپەڕی مەترسیدایە چونکە ئاسەواری خراپی لە سەر تەواوی خانەوادەکە هەیە...

من دەزانم دایکان هەستاون بەرۆڵ و ئەرکی سەرشانی خۆیان، بەڵام جەخت دەکەمەوە کە باوک بەرپرسی یەکەمە لەنێو خێزانداو پاشتریش دایکە، چونکە باوک سەرپەرشتکاری گەورەی ماڵە، بەرپرسی یەکەم و کۆتای خێزان و ماڵەکەیە، هەر هەڵەیەکیش لەنێو ماڵەکەدا رووبدات ئەوە هەڵەیەکەو دەبێ یەکەمجار لێپێچینەوە لە باوکەکە بکرێ...

منیش هەمیشە دەڵێم: ئەگەر باوك وازی لە شوێنگەو پایەی خۆی لە رابەرایەتی کەشتی خێزانەکە هێنا ئەوا دەبێ لە بەرێوەبردنی کەشتیەکەدا تادەگاتە قەراغی ئارامی کەسێك هەبێت جێگای ئەو کەشتیەوانە بگرێتەوە..ئەگەرنا ئەوا ئەو رەفتارە خراپە لە سەراپای ئەندامانی خێزانەکەدا دەردەکەوێ.

جائەگەر دایك وتی: نەخێر، هەرگیز ئەرکی هاوسەرەکەم هەڵناگرم، دەڵێم مەسەلەکە مەسەلەی دنیا نیە بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەی رۆژی دواییە...مەسەلەکە بەرپرسیتیەو ئەمانەتەو هەردەبێ پێی هەستیت.

## هۆیەکەی

سەرقاڵبوونی دایك و باوك و فەرامۆشکردنیان بۆ گێڕانی هەریەکەیان و رۆڵی خۆیان رەك دوو پەروەرشکار، وە بەجێهێشتنی ئەو رۆڵە بۆ پەروەرشکاری قوتابخانە یان خزمەتکارەکە کە ئیشی هەر بایەخدانە بە ئیشەکانی ناو ماڵ ئەوا ئەوە کارێکی هەڵەیە.

وا لێرەدا ئەم چەند دێرە شیعرە ئاراستەی دایبابەکان دەکەم تا هەریەکەو هەستێ بە ئەنجامدانی رۆڵی خۆی: (مانای دێرە شیعرەکان کە کراون بە کوردی)

ماڵەکە لە وێڵیدا دەژی — وا خەریکە وێرانی دەیپێچێتەوە
نە دایکان سۆزێکیان بۆی هەیەو — نە سەقامگیریەك دەیگرێتەوە

دایکە یان سەردانی کۆڕەکان دەکات — وەیان سەردانی دەکرێ
لە نێوان دوا مۆدێلی پۆشاکدا — یان شەوچەرە لەگەڵ دراوسێدا
ماڵەکەش لە دەستی نامۆیەکدایەو — خۆی چۆنی بوێت وا هەڵیدەسوڕێنێ
منداڵەکانیشمان پەرتەوازە بوون و وەردەگیرێن — نە سۆزێك هەیە بۆیان و نە بەهەندیش
بێبەشکران لەسۆزی دایکایەتی — ژیانیان بووە ژیانی سکڵێکی گڕدار
ئەی هاودەمم کۆڵەکە قورس بووەو — نەهامەتیەکانیش تا دێن زیاتر بڵاوبونەتەوە

## چارەسەر



لە راستیدا ئەم کێشەیە سەرزەنشتکردن نیە بەڵکو هەر بە فیعلی ئوممەتی ئیسلامی کە ئوممەتی موحەممەدە ﷺ رزگاری نابێت لەو حاڵەتەی کە تێیدایەو هەڵناسێتەوە لە رێگای خێزانی موسڵمان و پەروەرشکاری باشەوە نەبێت، ئەو قەڵایەی کە هیچ کەس ناتوانێت بیگاتێ یان درزی تێبخات...ئەویش خێزانی جێگیرو دامەزراوە کە بونیاتنەری یەکەمی کۆمەڵگایە.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

- وەك گرنگی نەدان بە پاكوخاوێنی پۆشاكی منداڵ ئەویش لەبەرئەنجامی پشتگوێخستنەوە.

- وەك ئەو منداڵەی كە كەسێكی شەڕانگێزو رقی لە كەسانیتر دەبێتەوەو دەستدرێژی دەكات (دوژمنكارە) لە دایەنگاكەیدا، ئەمەش لەبەرئەنجامی ئەو پشتگوێخستنەیە كە لە ناوماڵدا هەیە، ئیتر لێرەوە منداڵەكە بەو شێوەیە هەڵسوكەوت دەكات تا سەرنج رابكێشێ بەلای خۆیدا، وەك هەستكردنی بە رق لێبوون لەوانەی كە بە دەوریدان.

- وەك ئەو منداڵەی كە هەست بە ئێرەییەكی لە رادەبەدەر بەرانبەر بە هاوتەمەنەكانی خۆی دەكات كە لەلایەن دایبابەكانیانەوە گرنگیان پێدەدرێ، لێرەوە ئەو هەستەی تیادا دروست دەبێت كە ئەو لە هەمووان كەمترە، ئەمەش دووچاری دڵەڕاوكێ و هەستێكی دەكات پاشتر كۆمەڵێ گرفتی دەروونی وەك میز بەخۆداكردن یان زمانگیریی پێیەوە دەردەكەوێ.

٢٤



## هەڵەی بیست و چوارەم



# خۆسەپاندن بە زۆرەملێ
# بەسەر منداڵدا



شێوازی خۆسەپاندن حاڵی ئەو قوتابییەم بیردەخاتەوە کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی بڕوانامەی ماجستێر یان تێزی دکتۆراو مامۆستایەکی سەرپەرشتکاری هەیەو داوا لەم قوتابییەی دەکات پەیڕەوی هەر وردەکارییەك لە وردەکارییەکانی ئەو بکات، کاتێکیش قوتابییەکە لەلای خودی خۆیەوە شتێکی زیاد دەکات ئەوا سەرپەرشتکارەکەی هەر هەڵەکانی بۆ دەخاتەڕوو و بەهیچ جۆر ئاماژە بە ئەرێنی شتە زیادەکانی قوتابییەکە ناکات، بەڕاستیش ژیان لەگەڵ منداڵەکانماندا بەمشێوەیە نادروستەو ناچێتەسەرو ڕەتدەکرێنەوە.

## هۆیەکەی

ئەو دایکەی کە شێوازی خۆسەپاندن لەگەڵ منداڵەکانیدا بەکاردەهێنێ، هەر داوایان لێدەکات کە هەرکارێك خۆی پێیان دەڵێ ئەوانیش دەقاو دەق جێبەجێی بکەن، وەك بڵێی سیناریۆیەکی بۆ دیاریکردوون و دەبێت پابەندبن پێیەوە..

## چارەسەر

دەبێ دایبابەکان واز لە منداڵەکانیان بهێنن با هەندێ ئازادی نۆشبکەن و پشت بەخۆیان ببەستن، پێویستە منداڵ خۆی بخاتە نێو ئەزموونەکانی ژیانەوە پەروەرشکاریش لە دوورەوە چاودێری بکات، جا هەرکات هەستیکرد کە پێویستە بچێتە نێو کاری منداڵەکەوە ئەوا با بە مەبەستی یارمەتیدانی منداڵەکە بێت ئەویش بە شێوەیە بێت منداڵەکە بێزار نەکات.

پێویستە دایکان منداڵەکانیان فێربکەن کە چۆن بە تەنها خواردن بخۆن و چۆن خۆی پۆشاکی خۆیان بپۆشن و چۆن بچنە سەرئاوو گەرماو.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

- دایکێکم بەبیر دێتەوە کە پێشتر دەمناسی، ڕۆژێکیان لە کلینیکەکەمدا بۆ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ کوڕەکەیدا هاتەلام و هەرکە کوڕەکە هاتە ژوورەوە بەرەو من هات و باوەشی پێداکردم بەڵام دایکەکە پێیوت لەسەرخۆبەو دکتۆر بێزار مەکە...ئەمە شێوازی سڵاوکردن نیە...

لەدوای کەمێك و لە کاتی یاریکردنی من لەگەڵ منداڵەکەدا کوڕەکە بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین، لێرەدا دایکەکە پێیوت: بە شێوازی جوان پێبکەنە کەس بەمشێوەیە پێناکەنێ، بە دایکەکەم وت وازی لێبێنە چی دەکات بابیکات چونکە ئەم شێوازەی تۆ ڕاست نیە، دایکەکە وتی: نەخێر دکتۆر...من دەمەوێ لە تۆوە فێری ڕێکوپێکیو زیاتر کۆنترۆڵکردنی منداڵەکەم ببم...تا توانام هەبێ چاکسازیی بکەم.

ئەم منداڵە ئەگەر بەمشێوەیە بێت کە دایکەکە دەیەوێت ئەوا تووشی جۆرێ لە گۆشەگیری دەبێت و حەزی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی نابێت و تێکەڵاوی ناکات، ئەو ئیتر لە دایەنگا یان لە قوتابخانە دەبێتە کەسێکی گۆشەگیرو بە هەمیشەیی هەست بە نائومێدبوون دەکات و خۆی بەکەم دەزانێو لە هەموو شتێکیدا ڕاڕایە چونکە فێر نەکراوە کە خودی خۆی هەولبدات...

- یەکێکیتر لە زیادەڕۆییەکانی خۆسەپاندن ئەوەیە کە منداڵێك تەمەنی دەساڵان بوو کەچی هەر دایکی دەیشۆری و دەیبردە سەرئاو...بەڕاستی ئەمە بەهیچ جۆر شێوازی پەروەردەکردن نیە.

- دایکێك پێیوتم کوڕەکەم هیچ متمانەیەکی بە خۆی نیەو هەمیشە ڕاڕایە هەروەك بڵێی کەسێکی بێ کەسێتیەو کۆمەڵایەتی نیەو لێبڕان و جیددیەتی تێدا نیەو کەسێکی دوژمنکارو تێکدەرە...خێرا توڕە دەبێت، منیش بەو دایکە دەڵێم: پێویستە کە تۆ بەخۆتدا بچیتەوەو بزانی چ جۆرە شێوازێکت هەیە تا پەی بەوە ببەیت بزانیت ئایا ئەو منداڵەت لەبەرچی ئەو هەڵسوکەوتانە دەکات.

٢٥



# هەڵەی بیست و پێنجەم



# نازداریی
# بێ سنورو بێ مەرج



شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە نازداریی هەمیشە ئاسەواری ئەرێنی لێدەکەوێتەوە، وەك ئەوکەسە وایە کە فوو دەکات بە باڵۆندا، منداڵەکەش ئەو هەستەی تێدا دروست دەبێت کە لەلایەن هەموانەوە بووەتە خولگەی گرنگی پێدان، وە لەبەرئەنجامی ئەم هەستەوە ئیتر چاوەڕێ دەکات کە دەبێ هەمووی خەڵکی هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەرکاتیش چووە دایەنگا ئەوا ئیتر لە پۆلێکدایە کە ژمارەیەك منداڵی تێدایەو دەبینێ کە بایەخ پێدانەکە تەنها لەودا قەتیس ناکرێ، ئیتر کاردانەوەو حاڵەت دەروونیەکانی زۆر زۆر منداڵانە دەبن، سەرئەنجام لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو کاردانەوە دەروونیەکانیدا دوا دەکەوێت.

## هۆیەکەی

ڕەفتاری نازداریی زۆربەی جار لەگەڵ منداڵی یەکەمدا یان کوڕەزا یان منداڵی تاقانە یان ئەو منداڵەدا ڕوودەدات کە لە پاش ماوەیەك لە چاوەڕوانی لە دایکبووە.

## چارەسەر

دەبێ دایبابەکان و هەر کەسانێکی تریش کە هەڵدەستن بە نازدارکردنی منداڵ پەی بەوە ببەن کە دواترو لە بەرئەنجامی ئەم ڕەفتارەوە منداڵێك بەرهەم دێت کە هیچ سەلیقەیەکی کۆمەڵایەتی نیە، چونکە توانای نیە مامەڵە لەگەڵ کەسانیتردا بکات، ئەمەش لەو هەستکردنەیەتی کە گوایا ئەو مرۆڤێکی زۆر گرنگ و پڕبەهایە.

نازداریی وا لە منداڵ دەکات هەمیشە پشت بە باوك و دایکی ببەستێو خۆی توانای ئەوەی نیە بەرپرسێتی هەڵبگرێ. منداڵی نازدار دووچاری کۆمەڵێ گرفتی دەروونی دەبێت ئەویش بە تایبەتی لەدوای هاتنی منداڵێکی تازە لەدایکبوو بۆ دایبابەکەی، چونکە

دەکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵیداو کەش و هەوایەك دێتەڕوو کە گرنگی پێدانەکە تەنها بۆ ئەونیە.

## بەسەرهاتی پەند ئامێز

- ئەو منداڵەی کە نایەوێت بچێت بۆ قوتابخانە ئەوە منداڵێکی نازدارە، چونکە لە قوتابخانەدا هەمان ئەو مامەڵەیە کە پێشتر راهاتووە لەسەری بەدیناکات، لەویش نامۆتر دایکی ئەو منداڵەیە کە خۆی هەستناکات جۆرێ لە زیادەڕۆیی لە نازکێشانی منداڵەکەیی تێدایە، کەچی دێت گلەیی‌و گازندە ئاڕاستەی قوتابخانە دەکات و دەڵێ مامۆستاکان رەچاوی دەروونی منداڵەکەم ناکەن، سەرئەنجام دێ بەردەوام منداڵەکەی لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر دەگوێزرێتەوە.

لێرەدا کۆتاییم هێنا بە یاداشتکردنی بیست و پێنج شێوازی هەڵەی پەروەردەیی کە دەبێ دایبابەکان و پەروەرشکارەکان بە تەواوەتی دوور بکەونەوە لێیان، جانەگەر پەروەرشکار هەرکەسێ بێت پەیبرد بە هەڵەکە ئەوا دەتوانێت چارەسەری بکات و سەرئەنجام منداڵێکی رەوشت جوانی لێ بەرهەم دێت کە پابەند بێت بە پرنسیپەکانەوەو ئامانجەکانی لەبەرچاو بگرێ‌و وای لێبکات بە بەردەوامی لە جووڵەو چوونە پێشەوەدا بێت.

# منداڵی سەرکەش و سەهەند



منداڵی سەرکەش ئەو منداڵەیە کە نایەت بەدەم کەسەوەو گوێڕایەڵیی نیەو وەک هاوکارێکی ناکۆک وایە، دەبینین کە دایبابی منداڵی سەرکەش ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسان و سادە لەژیاندا بجوڵێنەوە، ڕۆژەکانیان زۆر بە قورسی بەسەریاندا تێدەپەڕێ، منداڵی سەهەند ئەو منداڵەیە کە هاندانی کارێکی قورس و زەحمەتە، لەبەرئەوە زۆرێک لە دایبابەکان لە بەردەم منداڵەکانیاندا هەست بە دەستەوسانی دەکەن ، کارەکەش لەلای هەندێ لە دایکەکان دەگاتە ئاستی گریان لەبەردەم منداڵەکانیانداو پرسیار لە منداڵەکانیان دەکەن: ئێوە دەتانەوێ ئێمە چۆن چۆنی مامەڵەتان لەگەڵدا بکەین؟

سەرەتا دەڵێم ئەوەی کە پەیوەندە بە سەرکەشیەوە لە منداڵاندا پێویستە دایبابەکان نەکەونە نێو هیچ یەک لەو هەڵە پەروەردەییانەوە کە باسکران، چونکە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە هۆی پێکهاتنی منداڵی سەرکەش و سەهەندو ماندووکەر، ئەو منداڵەی کە دایبابەکەی سەریان لێدەشێوێو نازانن چیبکەن. لێرەوە پێویستە دایبابەکان دەرکی ئەوە بکەن کە پەروەردەکردن هونەرەو زانستە، لەڕووی رەفتارو مامەڵەکردنمان لەگەڵ منداڵدا هونەرەو لەڕووی وەرگرتن و فێربوونیشیەوە زانستە.

چونکە پرۆسەی پەروەردە بریتی نیە لە خەرجیکێشانی گشتی یان سەرپەرشتیکردنی سروشتی لەلایەن باوک یان دایکەوە بەرانبەر بە منداڵەکانیان...پەروەردە بریتیە لە چاککردنی رەفتارو گۆڕینیو هاوکات پێدانی رەفتارێکی تری ئەرێنی بە منداڵەکە کە پێشتر نەیبووە...پەروەردە بریتیە لە ئامادەکردنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ گۆڕینی پێکهاتەی منداڵ و رەفتارەکەی یان راستکردنەوەی، بەم پێیەش دایبابەکان لە توانایاندایە هەڵگری مەسەلەی پەروەردەبن ئەویش بە رەخساندنی کەشوهەوایەکی گشتی کە لە مەسەلەی پرۆسەی پەروەردەدا یارمەتیان دەدات.

دەکرێ ئەم فەرموودەیە–بناغەو رێسای پەروەردە بێت– کە ئیبن عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) گوێبیستی بوەو دەڵێ گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بووم کە فەرمووی:

(هەریەک لە ئێوە سەرپەرشتیارەو هەریەکەشتان بەرپرسە لەو کەسانە کە لەژێر فەرمانیدان، **پیاویش بەرپرسە لە خانەوادەکەیو بەرپرسە لە**

شوێنکەوتووانی، ئافرەتیش بەرپرسە لەماڵی مێردەکەی‌و بەرپرسە لەوانەی لە بەردەستیدان...) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە

چونکە دەبێ هەستکردن بە بەرپرسێتی لەبەرانبەر منداڵانەوە بوونی هەبێت، بۆیە دەبێ لە مەسەلەی چاودێریکردنی منداڵاندا بڕێ دڵەڕاوکەو ترس بوونی هەبێت...هەروەها دەبێ هەر بەرپرسیەتیەکی‌تر کە مرۆڤ هەڵیدەگرێ پارێزگاری لێبکرێ‌و لە حاڵەتی روودانی هەر کەمتەرخەمیەك لە جێبەجێکردنیدا دڵەڕاوکێ‌و نائارامی دەروونی دروست ببێ چونکە ئەو بەرپرسە لە رۆژی دواییدا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

ئەم فەرموودەیە کە دەربارەی سروشتیی پاك هاتووە دەخەمەسەر فەرموودەکەی پێشوو، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**هەر لە دایکبوویەك کە لە دایك دەبێت لەسەر سروشتی پاك (فطرة) لە دایك دەبێت پاشتر دایبابەکەی دەیکەنە جولەکە یان گاور یان ئاگرپەرست هەروەك چۆن گیانداری بێ زمان گیاندارێکی شلی لێ دەبێت**).

ئەمەش دەستکردو رێسای خوای گەورەیە کە خەڵکی دروستکردووە لەسەری، دەستکردی خوا گۆڕانی تێدانیەو ئایینەکەی راگری رێساکانی خۆیەتی، لێرەوەش هەرکەس بەرپرسە لەو ئەمانەتەی لەلایەتی، کەواتە دەبێ پەروەرشکار وریابێت بزانێت بە چ سیستمێك پەیامی پەروەردەیی خۆی دەگەیەنێ.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**رێز لە منداڵەکانتان بگرن و رەوشتی جوانیان فێربکەن**). ئیبن ماجە لە ئیبن عەبباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە

## کەسایەتی چۆن دروست دەبێت؟

ئایا بۆچی منداڵێك دەبینین کە ڤیرسیچمەو سەرکەشە کەچی منداڵێکیتر دەبینین کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاسانە؟ کاتێ مرۆڤ لە دایك دەبێت لەگەڵیدا کۆمەڵێ فاکتەری بۆماوەی لە باوك و دایك و باپیران و مام و خاڵوان و کەسانی تریشەوە بۆ دەگوازرێتەوە، بۆ نموونە منداڵێك دەبینین کە باپیرەی خۆیی نەدیوە کەچی لە شتێکی دیاریکراودا بە تەواوەتی چوون ئەو هەڵسوکەوت دەکات، یان منداڵێك دەبینین کە شتێك دەبات بۆ خۆی کە مافی ئەونیە وە یان دەبینین وەك مامەی تورەیە یان...یان...ئەمانە بریتین لەو فاکتەرە سەرەتاو پێشینانە کە منداڵ پێیانەوە لە دایك دەبێت، دواتر ئەم منداڵە دەچێتە نێو کەش و هەوایەکی گشتی تا پەروەردە بکرێ، کەش و هەوای گشتی خۆی لە مەسەلەی فێرکردن و رێنمایکردندا وێنا دەکات، هاوکات دەبێت پاڵنەرێك هەبێت پاڵ بە منداڵەوە بنێ بۆ جوڵەکردن، ئەو پاڵنەرەش رەفتار قایم و بەهێز دەکات.

بۆ نموونە: ئەگەر دایك لە منداڵەکەیی ویست کە بەخێرایی پۆشاکەکەی لەبەربکات ئەوا هەتا منداڵەکە دڵنیا نەبێت کە دەچێتە دەرەوە خۆی تێك نادات و لەبەری ناکات، وە ئەگەر بەخێرایی نەجوڵێتەوە ئەوا بێبەش دەکرێ لە چوونە دەرەوە ئەوکات منداڵەکە تێدەگات هەتا لە لەبەرکردنی پۆشاکەکەیدا خێراتر بێت ئەوا لە چوونە دەرەوەشیدا خێراترە.

## رێساکانی رێککردنی رەفتار:

١-دەبێ دایبابەکان لەوە تێبگەن ئایا بۆ دەبێ منداڵەکەیان بەمجۆرە رەفتار بکات، ئایا لەبەر ئەوەیە کە خۆی کەسێکی بێ ئەدەبە یان دەیەوێت دایبابەکەی تورە بکات وە یان حاڵەتەکە شتێکی سروشتیە لە منداڵەکەدا، وە یان هەر سروشتی وەهایە کە لە شت تێناگات وە یان لە پرۆسەی فێربووندا کۆمەڵێ گرفتی هەیە؟

دایکێك دێتەوە بیرم کە کچێکی هەبوو ئاستی زیرەکیەکەی لەسەرووی ناوەندەوە بوو، دایکەکەش دەیویست بگاتە ئاستی زیرەکییەکی باڵاتر بەڵام کچەکە دووچاری سەختیو ترسی خوێندنەکەی هاتبوو، منیش پرسیارم لە دایکەکە کردو وتم: چۆن چۆنی سەعی

پێدەکەیت؟ لێرەوە بۆم دەرکەوت کە دایکەکە بە توندو تیژیەو بە لێدان و بە زبری سەعی لەگەڵدا کردوەو داکۆکی لێکردوە بەردەوام بەرەو پێش و باشتر بچێت، ئیتر ئەم دایکە هەرگیز پرسیاری لە خودی خۆی نەکردوە ئایا بۆ ئەم کچەی بەرەو پێش ناچێت و ئاستی باشتر نابێت.

کەواتە دەبێ تێگەیشتن هەبێت کە ئایا ئەم منداڵە بۆچی ئەم رەفتارە ئەنجام دەدات.

٢- دایبابەکان دەرکی ئەوە ناکەن کە گرفتەکانی منداڵ پێویستیان بە کاتێکی زۆرترو درێژتر هەیە هەتا چارەسەر دەکرێن، پێویستە سیاسەتی نەفەس درێژیەو لەسەرخۆیی لەگەڵ گرفتی منداڵاندا پەیرەو بکرێت تا ئەو کاتەی کە منداڵەکە بە ئەرێنی دێت بەدەم چارەسەرەکەوە.. لە رووی زانستیشەوە منداڵ پێویستی بە مانگێ تا مانگ و نیوێک هەیە هەتا پرۆسەی گۆڕانکاری لە هەر رەفتارێکیدا کاری خۆی دەکات.

پێویستە دایبابەکان بزانن کە منداڵ پێویستی بە کات هەیە تا بتوانێ رەفتاری خۆی بگۆڕێ.. چونکە بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی رەفتاری لە منداڵاندا کات بەشێکە لە چارەسەر.

٣- دەبێ رەچاوی مەسەلەی لێدانی منداڵ بکەین، دایبابانێك دەبینین توانج لە منداڵەکانیان دەگرن و زبرن لە گەڵیانداو چەندەها ئامێری زۆر بەکاردەهێنن لە لێدانی منداڵەکانیاندا، هەر لە بەکارهێنانی دەستەوە هەتا بەکارهێنانی چەندین جۆر لە شتی فرێدان ئیتر ئەو شتانە پەرداخ یان پێڵاو یان قایش یان هەر شتانێکیتر کە بە دەستیانەوە بێت.

هەروەها دایکانێك هەن بەردەوام لە کاتی نانخواردندا لە منداڵەکانیان دەدەن، چونکە بە شێوازێك نان دەخوات کە دایکەکە پێی رازی نیە...من وتم دەبێ لێیگەڕێی با پشت بەخۆی ببەستێو دایکەکە هەرئەوەی لەسەرە یارمەتی بدات و توندوتیژ نەبێت لەگەڵیدا.

٤- پێویستە دایبابەکان و پەروەرشکاران دووربکەونەوە لە دژیەکیو دوالیزمەیی لە بەهایەکەوە بۆ بەهایەکیتر یان لە هەڵوێستەیەکی پەروەردەییەوە بۆ هەڵوێستەیەکیتر، چونکە ئەمشێوازە نەرێنیانە کاریگەری خراپیان لەسەر بیرکردنەوەی منداڵ هەیەو جۆرێك

له تێکەڵیو پێکەڵیو شێواندن لای منداڵەکە دروستدەکات، زۆرێك دایباب هەن هەڵسوکەوتیان تەواو دووره له بەها پەروەردەییەکانەوە.

ئەم دژیەکییه کاریگەریی زۆری لەسەر دەروونی منداڵ هەیە.

٥- دوورکەوتنەوە له ناکۆکیه خێزانیەکان چونکه کاری خراپیان لەسەر دەروونی منداڵ هەیە...ئەو باوکەی که ناکۆکه لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پێویسته ئەو ناکۆکیه جیابکاتەوە لەوەی که باوکه یان دایکه، ئێوه لەگەڵ منداڵەکانتاندا دوو پەروەرشکارن و جیاوازی له راوبۆچووندا وەك دووهاوسەر بەو مانایه نیه که راو بۆچوونتان وەك دوو پەروەرشکاریش هەر جیاواز بێت. دەبێ لەم کارەتاندا یەکڕا بن.

٦- دەبێ له کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا رەچاوی جیاوازی تاکەکان له تواناادا بکرێ، پێویسته له مامەڵەکردنمان له نێوان منداڵەکاندا له چەمکی دادپەروەریی تێبگەین.

جیاوازی منداڵان له سیفەته بۆماوەکان و شتانی تریشدا دەبێته هۆی جیاوازی له رەفتارو له خوویاندا، بۆیه دەبێ پەروەرشکار جۆرو ئاستی ئەو منداڵه بزانێت که مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و رەچاوی جیاوازی تاکەکان له نێوان منداڵاندا بکرێ...فلانه منداڵ هەستۆکەو زوو دێت بەدەم قسەوەو گوێڕایەڵەو فلانی تریش ساردوسڕەو نایەت بەدەمەوە، لێرەوە دەبێت رەچاوی جیاوازیەکان له مامەڵکردن لەگەڵ منداڵاندا بکرێ.

٧- دەبێ له راستکردنەوەی رەفتاردا پلەبەندی پیاده بکرێ چونکه جۆرێك له پلەبەندی له مامەڵەکردندا وادەکات هەر منداڵەو بەپێی تەمەنی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

٨- پێویسته هانی منداڵ بدرێو لەسەر هەڵسوکەوت و کاره چاکەکانی ستایش بکرێو کارەکەی هەرچەنده سادەش بێت هەردەبێ پاداشت بکرێ لەسەری، چونکه منداڵ خۆی واهەست ناکات ئەو کارەی که دەیکات سادەیه بەڵکو واهەستدەکات ئەو کارەی که دەیکات کارێکی گەورەو زەحمەتێکی قەبەو زەبەللاحە، بۆ نموونه ئەگەر

منداڵەکە لەکۆی دە نمرە نۆ نمرەی هێنا ئەوا دەبێ ستایش بکرێو پاداشت بکرێو نابێ پێی بڵێین: بۆچی نمرەی کۆتاییت نەهێناوە، واتە دە نمرە.

لە کۆتاییشدا دەڵێم دەبێ ئێمە دووربکەوینەوە لە هەموو ئەو شێوازە هەڵانە کە پێشتر قسەمان لەسەر کردوون وەك زیادەڕۆیی کردن لە پاراستنداو پشتگوێخستن و خۆسەپاندن و نازداریىو..تادوایی.

** ** **

## چەند سیفەتێك کە منداڵی سەرکەش جیادەکەنەوە لە منداڵانی تر:

کۆمەڵێ سیفەت هەن کە منداڵی سەرکەش و سەهەند جیادەکەنەوە لە منداڵانیتر، ئەوانیش ئەمانەن:

١- حەزکردن لە زاڵبوون چونکە منداڵی سەرکەش هەمیشە دەیەوێت پێشڕەو سەرکردە بێت و زاڵ ببێت بەسەر ئەو ناوچەیەدا کە تیایدا دەژی، بۆیە دەبینین لە پێش باوك و دایکیەوە ڕێ دەکات و دەڕوات.

٢- منداڵی سەرکەش بەوەدا دەناسرێ کە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی هەلپەرستە بۆ نموونە کاتێ میوان دێنە سەردانی دایکی یان دەڕۆن بۆ سەردانی کەسێکیتر دەبینین کە زۆر دەجوڵێو جوڵەکانیشی توندوتیژن وەك بازدان و قسەکردن بەدەنگی بەرز.

٣- منداڵی سەرکەش و قیرسیچمە هەرگیز وا هەستناکات کە ئەو هۆی ڕوودانی فلانە گرفتە، منداڵێکم بیردەکەوێتەوە کە لە تەمەنی دایەنگادا بوو و هاوڕێیەکیشی هەبوو تەمەنی سێ ساڵان بوو کە بچووکترین تەمەنی هەبوو لە نێو منداڵانی دایەنگاکەدا...منداڵی یەکەم بەردەوام بە سەختیو بەتوندی دەیدا لەم منداڵە بچکۆلەیە، کاتێك پرسیارم لە منداڵە سەرکەشەکە کردو وتم بۆچی وادەکەیت؟ وتی: ئەو خۆی حەزدەکات لێی بدەیت...کەواتە منداڵی سەرکەش تاوان دەخاتە ئەستۆی کەسێکیتر.

٤- منداڵی سەرکەش لە توانایدایە تا ئاستێکی گەورە لایەنی نەرێنی هەڵبگرێ، تا هەرچەندە سزای ئەم منداڵە بدەیت ئەوا ئەو هەرگیز ناگۆڕدرێو باکی نیە...سەرئەنجام وا لە دایبابەکەی دەکات کە نەزانن چۆن چۆنی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.

لێرەشدا سێ جۆر لە باوکان هەن کە بەرپرسن لەو سیفەتی سەرکەشییە کە لە منداڵەکانیاندا هەیە:

جۆری یەکەم: باوکە ئاشتیخوازو بێ زیانەکان، ئەوانەی واز لە منداڵەکانیان دێنن تا چۆن رەفتار دەکەن بیکەن و بەهیچ جۆر ناچنە نێو جوڵەیەوە، هەر ئەوەندەیان پێیە بڵێن: خۆشەویستەکەم ئەو کارە مەکە.

جۆری دووەم: ئەو باوکانەی کە هەڵگری سیفەتی سەرکەشین، سبحان الله، هەندێجار دایکیش دەبینین کە ئەویش هەر سەرکەشە...ئەمەش گوتەی ئەو شاعیرەی بیرخستمەوە کە دەڵێ: بەو دەرمانە تیمارم بکە کە خۆی دەردو نەخۆشییە

لێرەوە دەبینین کە منداڵەکە لەسەر سەرکەشی پەروەردە بوەو لە دایبابەکەیەوە خواردوویەتەوە...ئەمیش فێری شێوازەکەی ئەوان بووە، بە دڵنیاییەوە کە ئاسن بە ئاسن نەبێت کون و پارچە پارچە نابێت، دواجار دەکەوێتە دژایەتی و شەڕکردن لەگەڵیاندا.

جۆری سێیەم: ئەو باوکانەی کە دوودڵ و ڕاڕان، هەندێجار ئاشتیخوازو بێ زیانن و هەندێجاری تریش توندیو توڕەیی بەکاردەهێنن و هەندێجاریتر ئارام و هێمنن، ئەم باوکانە بەرنامەو پەیڕەوێکی پەروەردەیی روونیان نیە.

**لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا چۆن چۆنی منداڵی سەرکەش، بکەینە منداڵێکی نەرم و نیان؟**

ئێمە هەمیشە منداڵ دەچوێنین بە ئەسپ یان بە حوشتر، ئەسپ لەو گیانلەبەرانەیە کە بە ئاسانی زاڵ دەبێت بەسەریدا، یەك کلۆ شەکر یان گێزەرێك وا لە ئەسپەکە دەکات

که عارەبانەیەك بەدوای خۆیدا رادەکێشێت، چونکە دەیەوێت ئەو شتە بەدەست بهێنێ، بەمجۆرە ئەسپ نموونەیەکە بۆ ئەو منداڵەی کە دێت بەدەم مەسەلەی پاداشتەوە...ئەو منداڵەی کە بە بزواندن و هاندان دێت بەدەمەوە...لێرەوە بە ئاسانی رابەرایەتی ئەو منداڵە دەکرێ.

بەڵام حوشتر هەرکات لە بیاباندا چۆکی داداو نیشتە سەرزەوی ئەوا هەرچەندە خاوەنەکە لێیبدات یان لەغاوەکەی رابکێشێ هەرگیز ناتوانێت وای لێبکات هەستێتەوە،، بۆیە دەبینین کە خاوەنی حوشترەکە یان شوانی زیرەك پارچەیەك خەڵوز دەهێنێت و دەیخاتە ژێر کلکی ئەسپەکەوە ئیتر بەدرێژایی ئەو رێگایەی کە دەیبڕێ چۆك دانادات مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە خاوەنەکەی بیەوێت لەسەری دابەزێ یان چۆکی پێدا بدات...لێرەوە حوشتر نموونەیەکە بۆ منداڵی سەرکەش کە هیچ شتێك سودی نیە لەگەڵیدا.

** ** **

## ئەو شێوازانەی کە منداڵ دەیانگرێتەبەر تا فێڵ لە یاساو رێساکان بکات:

**فێڵی یەکەم:** فێڵی هەنسکی گریان یان گریان، کە منداڵ وەك هۆکارێکی فشار بۆ سەر دایبابەکەی پەنا دەباتە بەرگریان تا ئەوەی دەیەوێت بۆیبکەن، بۆ نموونە دایك هەیە دەڵێ من ناتوانم کچەکەم کۆنترۆڵ بکەم چونکە من هەرکات بمەوێت لە شتێکی دیاریکراو بێبەشی بکەم ئەو بە توندی دەستدەکاتە گریان منیش توانام نیە بەرگەی بینینی بگرم کە ئەو دەگرێ...

لە راستیدا ئەم کچە توانی هۆکاری گریان بەکاربهێنێ تابیکاتە فشار لەسەر دایبابەکەی بۆئەوەی هەرچی دەیەوێت بیکات.

کەواتە فێڵی یەکەم بریتیە لە پرمەی گریان یان گریان کە منداڵ پەنای بۆ دەبات تا زاڵ ببێت بەسەر هەڵوێستەکەدا.

**فێڵی دووەم:** فشار خستنەسەر لایەنی سۆزدارییی، بۆ نموونە منداڵەکە دەبینین کە لەلایەکی ژوورەکەوە دانیشتووەو بە تێڕوانینی کەسێکی دڵشکاوو داماو دەڕوانێت، ئیتر دایکەکە خێرا ئەوەی بۆ دەکات کە دەیەوێت و دەڵێ بەڕاستی ئەم منداڵە دەروونی ماندووە.

**فێڵی سێیەم:** ستەم نواندن، بۆ نموونە منداڵەکە سەری دەدات بە زەویدا لێرەوە دایکەکە ترسی لێدەنیشێ‌و هەرچی دەوێت دەیداتێ.

**فێڵی چوارەم:** سەوداکردن، منداڵ پەنا دەباتە بەر سەوداکردن بۆ نموونە دەڵێ لە دوای سەیرکردنی tv ئیتر سەعیەکەم دەکەم...لەدوای یاریکردن لەسەر کۆمپیوتەرەکە ئیتر نانەکەم دەخۆم...لێرەدا نابێت دایکەکان ئەو داوایەی جێبەجێی بکەن کە سەودای لەسەر دەکات بەڵام ئەوەی کە روودەدات ئەوەیە کە دایکەکە داواکەی جێبەجێ دەکات.

**فێڵی پێنجەم:** فێڵی مەحاڵبوونی جێبەجێکردن، ئەمەش هۆکارێکە دایبابەکانی تێدەکەوێ بۆ نموونە: دایکە بە منداڵەکەی دەڵێت ئەگەر فلانە شت بکەیت ئیتر هەمووی تەمەنم قسەت لەگەڵ ناکەم، ئەمەش شێوازێکی سزادانە کە مەحاڵە جێبەجێ بکرێت، دەرئەنجام منداڵەکە ئەوکارە دەکات کە دەیەوێت.

**فێڵی شەشەم:** بریتیە لەو مشتومڕە کە باوك یان دایك لەسەرکردنی شتێك لەگەڵ منداڵەکەدا تێی دەکەون، لە کۆتایی وتووێژەکەشدا منداڵەکە دەڵێ فشار لەسەرم دروست مەکەن.

لێرەدا هۆکارێکی تریش هەیە کە هەندێجار منداڵ پەنای پێدەبات ئەویش فێڵی هەڕەشەکردنە، بۆ نموونە: منداڵەکە دەڵێ ئەگەر نەهێڵن بچمەدەرەوە ئەوا لەم بالکۆنەوە خۆم دەخەمە خوارەوە، لێرەدا دەڵێم پێویستە دایبابەکان بزانن کە هەرگیز منداڵی عادەتی‌و لاوازو سروشتیی ئازار بەخۆی ناگەیەنێت.

دواجار دەڵێم ئەگەر منداڵ پەنایبردەبەر هەر یەکێك لەم فێڵانە ئەوا نابێت بچیت بەدەمیەوەو بیانووی ببڕێت. بەڵکو هەوڵی تێگەیاندنی بدە.

## ڕێگاکانی سنوردانان بۆ سەرکەشی منداڵ

- دەبێ ئەوکارە ئەرێنیانەی کە منداڵ دەیانکات چاویان بخرێتەسەرو چڕبکرێنەوەو هەمیشە سوپاس بکرێو وێنایەکی جوانی لەسەریان بدەینێ.

- دەبێ کاتێکی زۆر بۆ قسەکردن و یاریکردن لەگەڵیدا تەرخانبکەین نەك تەنها ڕێنمایی بکرێت چونکە ئەم شێوازە بە شێوەیەکی گەورە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر منداڵەکە دروستدەکات.

- تەرخانکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ دانیشتنی هەمووی خێزانەکە پێکەوەو ئەم منداڵەش لە گەڵیاندا بێت.

** ** **

## چۆن گرفتی منداڵی سەرکەش چارەسەر بکەین؟

١- ڕەفتارێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەو بیکەرە ئامانجی ڕێنمایکردنت:

پێویستە راستکردنەوەی ڕەفتار بە پلەبەندی بێت بۆیە دەبێ دایك تەنها یەك ڕەفتاری خراپ لە منداڵەکەیدا دەستنیشان بکات و بەچڕی لەسەری بوەستێو چارەسەری بکات، هەروەها دەبێت دایبابەکان سوپاسی منداڵەکەیان بکەن لەسەر کەمترین هەوڵی چاك کە منداڵەکە بەرەو گۆڕانکاری پێی هەڵدەستێ، خۆت بۆ خۆت ئەو ڕەفتارە لە منداڵەکەتدا دەستنیشان بکە کە لە منداڵەکەتدا دەیبینێو دەستبکە بە ڕێنماییکردنی.

٢- یەکەم نیشانە دابنێ کە ئاماژە بێت بۆ گۆڕانی منداڵەکە، وە هەرکات کەمترین گۆڕان کە دەکرێ لە منداڵەکەتدا ڕوویدات هەستە بە ئیقرارپێکردنی کە تۆ چاوت لەو گۆڕانەیەو تێبینیت کردووە، بەردەوام منداڵەکەت بەوە بیربخەرەوە کە تۆ بەدیاریکراوی دەتەوێت ئەنجامیبدات.

٣- دەبێ کاتێك بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵی سەرکەش دیاریبکرێ: یارییەکەش لە ئاستی ئەو منداڵەدا بێت و بە پێی ئەو یاساو ڕێسایانە بێت کە خۆی دایاندەنێ...

هەوڵبدە لە کاتی یاریکردنەکەدا بەجوانی ڕێنمایی بکەیت...یاریکردن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زۆرێك لە ڕەفتارەکان دەگۆڕێ، چونکە دەتوانم لە ڕێگای یاریکردنەوە منداڵەکە فێربکەم کە چۆن چۆنی هاوکاری بکات و چۆن چۆنی پێشخستنی کەسانیتر خۆنەویستی تێدا دروستبکرێ، ئەویش لەو ڕێگایەوە کە تۆپەکە بدات بە منداڵانی تریش...هەروەها لە یاریکردندا فێری گیانی ڕەنجدانی بەردەوام و حەزکردن لەسەرکەوتن و ڕازیبوون بە دۆڕاندن و نەهێشتنی نائومێدی و داڕوخان دەبێت.

لێرەشدا ڕێگایەکیتر هەیە کە لەدوای ڕوودانی هەندێ ڕەفتاری خراپەوە پیادە دەکرێ، ئەویش پێی دەوترێ ڕێگای دابڕینی کات، بریتیە لە دانیشتنی منداڵەکە لەسەر کورسی سزادان بۆ ماوەی پێنج خولەك و لە کاتی دانیشتنی لەسەر کورسیەکە پێی بوترێ پێویستە بیر لەو هەڵەیە بکاتەوە کە دەیکات..ئەمیش لەخۆی بپرسێ ئایا جارێکیتر دەگەڕێتە سەر ئەو هەڵەیە کە پێشتر کردوویەتی..

# کۆتایی

گومانی تێدانیە کە منداڵەکانمان ئەمانەتن لە گەردنماندا، دەی وریابن خیانەت لەو ئەمانەتە نەکەن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٧﴾ (الانفال:٢٧). خوای گەورەش ئەم ئەمانەتەی لەسەر سروشتێکی پاك پێبەخشیوین، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

**(هەر لە دایکبوویەك کە لە دایك دەبێت لەسەر سروشتی پاك (فطرة) لە دایك دەبێت دواتر دایبابەکەی دەیکەنە جولەکە یان گاور یان ئاگرپەرست هەروەك چۆن لە گیانداری بێ زمانەوە گیانداری شڵ لە دایك دەبێت).**

منداڵ وەك ئەو هەویرە وایە کە بە ئاسانی جۆرەها شێوەی لێ پێکدەهێنرێت، بۆیە ئەرکی سەرشانی دایبابەکانە منداڵەکانیان فێری بنەما راست و دروستەکانی پەروەردە بکەن.

لە کۆتاییشدا ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خواتان ﷺ وەبیر دێنمەوە کە دەفەرموێ:

**(هەر کەسێك منداڵێك پەروەردە بکات تا دەڵێت: لاإله إلا الله، ئەوا خوای گەورە لە رۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات).**

**لە ڕاستیدا ئەم ئوممەتە پێویستی بە نەوەیەکی چاکەخواز هەیە، نەك نەوەی خراپ...نەوەیەکی هۆشیار نەك بێ ئاگاو ونبوو...نەوەیەك متمانەی بەخۆی هەبێ، ئەمەش بە پەروەردەیەکی باش بەرهەم دێت، دواجاریش دەڵێم بەنرخترین و بە بەهاترین شتێك کە مرۆڤ لە ژیانیدا ئەنجامی بدات ئەوەیە کە منداڵێکی چاکەکارو چاکەخوازی هەبێت.**

# پێڕست

بابەت

لاپەڕە

پێشەکی.......................................................................۷

هەڵەی یەکەم: نەبوونی هوشیاریی‌و شارەزایی تەواو بەو پاڵنەرەی کەوا لە منداڵەکە دەکات هەڵە بکات..........................................................۱۵

هەڵەی دووەم: نەفەس کورتی یان پشووکورتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی منداڵدا...۲۹

هەڵەی سێیەم: سەپاندنی ئەرك و فەرمان بەسەر منداڵدا بە درێژایی کات............۳۷

هەڵەی چوارەم: ترس و سلکردنەوەی دایبابەکان بۆ بە سەپاندنی توندوتۆڵی بەسەر منداڵدا...................................................................۴۳

هەڵەی پێنجەم: رەچاونەکردن دیسپلینەکانی سزای جەستەیی لە پەروەردەکردنی منداڵدا...................................................................۵۱

هەڵەی شەشەم: ریسواکردن و سوکایەتی پێکردن.......................................۷۱

هەڵەی حەوتەم: جیاوازی خستن لە کاتی مامەڵەکردن لە نێوان منداڵاندا...............۷۹

هەڵەی هەشتەم: نواندنی دوو هەڵوێستی دژ بەیەك لە پەروەردەکردنی منداڵدا لەلایەن پەروەرشکارەوە............................................................۸۹

هەڵەی نۆیەم: رێکنەکەوتنی دایك و باوك لەسەر یەك بەرنامەی پەروەردەکردن ........۹۹

هەڵەی دەیەم: رووگرژیی‌و مۆنی دایك و باوك لە ماڵدا بە درێژایی کات..............۱۰۹

هەڵەی یانزەیەم: بەراوردکردن لە نێوان منداڵاندا کارێکی نادادپەروەرانەیە...........۱۱۵

هەڵەی دوانزەیەم: رەچاونەکردنی جیاوازی تاکەکان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا...................................................................۱۲۱

هەڵەی سیانزەیەم: پەسەندکردنی تەواوی مەرجەکانی منداڵ ..........................۱۲۷

هەڵەی چواردەیەم: زیادەڕۆیی کردن لە بەڵێندانی بەردەوام بە منداڵ..................۱۳۳

هەڵەی پانزەیەم: سزادانی منداڵ بە هەڕەمەکی‌و سەرپێیی لەسەر رەفتارێکی باشی...۱۳۷

هەڵەی شانزەیەم: رێزنەگرتن و نەچاندنی متمانە لە دەروونی منداڵەکانمادا..........۱۴۳

۵۰ ئامۆژگاری بۆ چاندنی متمانە بەخۆبوون لەمنداڵدا..................................۱۵۷

لەگەڵ منداڵدا.........١٨٥
هەڵەی حەڤدەیەم: ڕەچاونەکردنی پلەبەندی لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا.........١٨٥
هەڵەی هەژدەیەم: سزانەدانی منداڵ لەسەر ئەو ڕەفتارە هەڵەیەی کە دەیکات.........١٨٩
هەڵەی نۆزدەیەم: پێنەدانی ئاماژەی ئەرێنی (چاک) بە منداڵ.........١٩٣
هەڵەی بیستەم: تێرنەکردنی منداڵ لە پێویستبوونی بە بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی..١٩٧
هەڵەی بیست و یەکەم: بەو چاوە سەیری منداڵ بکرێ گوایا هێشتا هەر بچووکە.......٢٠٥
هەڵەی بیست و دووەم: زیادەڕۆیی کردن لە پاراستنی منداڵدا.........٢١١
هەڵەی بیست و سێیەم: فەرامۆشکردنی منداڵ.........٢١٧
هەڵەی بیست و چوارەم: خۆسەپاندن بە زۆرەملێ بەسەر منداڵدا.........٢٢٣
هەڵەی بیست و پێنجەم: نازداریی بێ سنوور و بێ مەرج.........٢٢٧
منداڵی سەرکەش و سەهەند.........٢٣١
کۆتایی.........٢٤٤
پێڕست.........٢٤٥

# هەڵە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا

ئەم کتێبە:
پێویستە هەموو دایک و باوکان پەی بەوە ببەن کە منداڵەکانمان چۆن پەروەردە بکەن. چۆن رەفتاریان راست بکەینەوە. چۆن کەشە بدەین بە توانا و لێهاتووییەکانیان. چۆن چارەسەر بۆ هەر گرفتێک کە رووبەروویان دەبێتەوە دادەنێین. جا ئێمەش بەو مەبەستەی کە بکەینە تێگەیشتنی مەسەلەی پەروەردە ئەوا دەبێ یەکەمجار روو بکەینە خۆمان و سەیرێکی باری خۆمان بکەین. ببینین بەو حاڵەتە ئەرێنییە هەڵسوکەوت بکەین کە پێویستە لەسەری بین.
هەروەها پێویستە هەریەک لە دایک و باوک دەرک بە بەرپرسێتی خۆیان و ئاستی گرنگییەکەی بکەن. چونکە باسەکە بە تەنها کورت ناکرێتەوە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا بەڵکو ئامادەکارییەکە بۆ ئایندەی ئوممەت و رەفتاری نەوەیەک بە تەواوەتی. ئەم پەرتووکەش کە لەبەردەستماندایە بریتییە لە هەوڵێک بۆ زانینی ئەو هەڵانەی کە باوکەکان دەکەونە ناویان و پێویستیان بە چارەسەر هەیە. هیچ یەک لە ئێمەش لەسەروو ئەوەوە نییە کە باش شارەزا بێت لە شێوازی خۆی لە پەروەردەکردندا. کە ئایا ئەو شێوازەی شێوازێکی پەسەندو ویستراو و باشە یان نا؟